KURDISTAN




# یەڵماز گۆنای ..ئاوێنەی ئازارەکانی کورد

## یەلماز گۆنای: "دەرهێنەر و ئەکتەرو نوسەری کورد" شانازی نەتەوەیەک

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe


# پێڕست:

١- یەڵماز گیونەی Yelmaz güney..................................... ئامادەکردن و وەرگێڕانی: کاشما جەلال ..... ٣
٢- لەوە زیاتر ناوی (یلماز گونەی) مەشێوێنن!..................................................... هێژا دڵشاد ..... ١١
٣- یەڵماز گونەی دەرهێنەر و ئەکتەری کورد چۆن بەناوبانگ بوو؟.............................. کەیهان محەمەد نەژاد ..... ١٥
٤- پەڕاوی گونەی: چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هۆبشمید، هاوڕێ ڕزگارەکەی یەڵماز گونەی............................................
....................................................................................... سازدانی: کامەران سوبحان ..... ١٩
٥- پەڕاوی گونەی: چاوپێکەوتنێک لەگەڵ یەڵماز گونەی......................... لە ئینگلیزییەوە: پشتیوان کەمال ..... ٢٦
٦- خوێندنەوەی فیلمی مێگەل، بەرهەمی یەڵماز گونەی.................................... ئاریژ مەنسوور نیا..... ٣١
٧- پەڕاوی گونەی: یەشیم ئوستائۆغلوو دەربارەی یەڵماز گونەی دەدوێت.................... یەشیم ئۆستائۆغلو ..... ٣٧
٨- داشقەی دار.................................................................. لە تورکیەوە؛ سەلاحەدین بایەزیدی ..... ٤١
٩- یەڵماز گۆنای... ٤٧ ساڵ ژیا، ١١ساڵی تەمەنی لە زیندان بردەسەر............................ هەردی محەمەد ..... ٤٦
١٠- یەڵماز گۆنای؛ باوکی سینەمای کوردی..................................................... هەڵگورد سەمەد ..... ٤٨
١١- ڕێگا"ی یەڵماز گۆنای دەچێتەوە سەر کوێ؟......................................................... عادل قادری ..... ٥٥
١٢- مەمەد ئەکتاش: یەڵماز گۆنای کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سینەمای جیهان داناوە....... مەنسوور جیهانی ..... ٦٤
١٣- یەڵماز گۆنای لەگێڕانەوەی کارەکتەرێکدا.................................................. نیهاد جامی ..... ٦٧
١٤- دیمانەیەک لەگەڵ یەڵماز گۆنای لەزینداندا.................................... ئا؛ حەیدەر عەبدولڕەحمان ..... ٧٠
١٥- یەڵماز گۆنای باوکی سینەمای کورد لە تەمەنێکی کورتدا زۆرترین بەخششی هەبوو.... محەمەد سەعید کوردە ..... ٧٧
١٦- یەلماز گۆنای کێ یە؟............................................... ئامادەکرن پشتیوان عبدالرحمن ..... ٧٩
١٧- یەلماز گۆنای..................................................................... گۆران حکیم ..... ٨١
١٨- کوورتەیەک لە ژیانی یەڵماز گۆنای................................................... وشە نێت ..... ٨٤



سەرچاوە
Serchawe

## یەڵماز گیونەر Yelmaz güney



**ئامادەکردن و وەرگێڕانی: کاشما جەلال**

**ئەکتەرو دەرهێنەرو نوسەری بەناوبانگی کورد بووە، بە باوکی سینەمای کوردی دائەنرێت چەندین خەڵاتی لەو بوارەدا بە دەست هێناوە کە گرنگترینیان خەڵاتی (کان) بووە...**

### لە زمانی یەڵماز گیونەر خۆیەوە کورتەیەک لەسەر ژیانی خۆی باس ئەکات:

**وەک هونەرمەندێک بە (yilmaz güney) یڵماز گونەی) ناسراوم، ناوە ڕاستەکەشم (یڵماز پوتون)ە، ناوەکەشم ئەم واتایانەیهەیە (کەسێک کە لە بەرامبەر دژوارێکاندا ناچەمێتەوە،بێ هیوا نابێ، ناکەوێتە دڵەڕاوکێ و ناترسێ)..... پاشناوەکەشم (پوتوون) بە دەنکی میوە دارێک ئەڵێن کە ناشکێ...**

**لە (١ نیسانی ساڵی ١٩٣٧) لە گوندی (یەنیجەی) سەر بە شاری (ئەدانا) هەڵکەوتولە باشوری تورکیا هاتمە دونیا ،بە ڕەچەڵەک کوردم و یەکێک لەمناڵەکەی بنەماڵەی بێخاک و زەویم...**

**دایکم دیندار بوو سەودای خویندن و نوسینی نەبوو، باوکیشم سەودای خوێندن و نوسینی لە سەربازی فیربوبو، لەساڵی ١٩٧٦ ئەو کاتەی من لە زیندانی قایسەری بووم باوکم مرد، نەم توانی قەبرەکەی ببینم...**

لە تەمەنی نۆ ساڵیەوە خۆم کار ئەکەم تا ئێستا، یەکەم ئیشیشم گاوانی گوێلکان بوو، لە تەمەنی ٢١ ساڵیەوە دەستم کردووە بە کاری سینەما، خوێندنی کۆتایم لە ئەدانا تەواو کرد، ئەو ساڵانە گۆڤارێکی هونەریم دەر کرد بە ناوی دۆروک (dörük)، زۆرم حەز بە هونەر بوو جار جارەش چیرۆکم دەنوسی، لە ساڵی ١٩٥٥ بەهۆی چیرۆکێکمەوە شکاتم لێ کراو دادگای کرام...

لە ساڵی ١٩٥٧ بە خەیاڵی کۆلێژی ئیکۆنۆمی هاتمە ئیستانبول، بەڵام نەم توانی درێژەی پێبدەم، ئەو دادگاییەی لە ساڵی ١٩٥٥ دەستی پێ کردبوو بە ئەنجام گەیشت و یەکەم جار بڕیاری ٧ ساڵ زیندانی دوو ساڵ نیو مەنفام بەسەردا سەپێنرا، بەڵام دواتر دادگایکردنەکە گۆڕا بۆ ساڵ و نیوێک زیندانی و شەش مانگ مەنفا...

زانکۆ بە نیوەی مابوو تانیا یەک ڕێگەم لەبەر مابوو دەبوو قوتابخانەی ژیان و ئەو مامۆستایانەی کە ژیان پەسندیان دەکا و بە سەرم دا دەسەپێنێ پەروەردە کەم وام کرد... کتێب، سینەما، کار، بێ ڕەحمی، یاسا وچەرمەسەرییەکانی ژیان، گوشارە کۆمەڵایەتیەکان، جوامێریەکان... خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەو سەختی و زەحمەتیەی ڕوو بە ڕووم بوون...

لە ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ زیندان ئاشنا بووم لە ساڵی ١٩٦٢زیندانیەکەم تەواو بوو، مەنفای "قۆنیە" کرام کە بە بنەماخوازی خۆیەوە ناسراوە، مافی دەرکەوتن لە سنوورەکانی ئەو شارەم نەبوو، دەبوو هەموو ئێواران لە ئیدارەی پۆلیس لاپەڕەیەکم ئیمزا کردبا، زیاترین ئیمزام لە دەفتەری پۆلیسی کردووە ١٨٠ جار..

لە ساڵی ١٩٦٨ چووم بۆ سەربازی، لەساڵی ١٩٧٠ گەڕامەوە ، ئەو دوو ساڵەی لە ژیانم دزراوە...

لە ساڵی ١٩٧١ وەکو دەیان هەزار نووسەر و ڕوناکبیر و هونەرمەندی تر، منیش کەوتمە ژێر چاوەدێری، بە بێ هیچ تاوان و هۆکارێک، تەنیا ئەندێشە نەبێ. دوای ماوەیەک مانەوە لە ژێر چاوەدێری، ئازاد کرام، ئەو جارەیان نەک بە دەستوور و فەرمانێکی نووسراو و فەرمی، بەڵام بۆ ماوەی سێ مانگ مەنفای (نەوشەهیر)کرام، ئەو جار نەدەچووم بۆ ئیمزا، بەڵام پۆلیس هەر بە دوامەوە بوو لە سێی ١٩٧٢ بە بیانوو و تاوانی یارمەتی دان بە شۆڕشگێڕەکان دەستگیر کرام، بە بڕیاری دادگا ١٠ ساڵ زیندان لە مەنفا بە سەرم دا بڕا، لە سەردەمی حکوومەیت (ئێجێویت) بەر لێبوردن کەوتم و ساڵی ١٩٧٤ ئازاد کرام، لە سێپتەمبەری هەمان ساڵدا ناوم کەوتە ناو جەنایەتێکەوەو ١٩ ساڵم زیندانی بە سەردا بڕا.

لە زیندان دا گۆڤارێکی هونەری - کولتووریم بە ناوی (گونەی) بەڕێوە دەبرد، دوای ١٣ ژمارە بە هۆی گۆڕانی بەڕێوەبەری



سەرچاوە
Serchawe

زیندان گۆڤارەکەم ڕاگیراو بە هۆی نووسراوەکانمەوە دە شکایەتی جیاوازم لێ کرا، تاوانەکانم ئەمانە بوون: پرۆپاگەندە کردن بۆ کۆمۆنیزم، لاواز کردنی هەستی نەتەوایەتی، هان دانی گەل بۆ تاوان، گاڵتە کردن بە دەسەڵات و ئیعتیباری دەوڵەت، داوای ١٠٠ ساڵ زیندانم بۆ دەکرا بە گشتی، لە ئۆکتوبری ساڵی ١٩٨١ نەگەڕامەوە بۆ زیندانی ئیسپارتا کە ئیزنی هاتنە دەریان پێ دابووم، پاشانیش هەڵاتم بۆ دەرەوەی وڵات، تا مانگی ئۆکتۆبری ١٩٨١ زیاتی لە ١٢ ساڵی تەمەنم لە زیندانە جیاوازەکان دا تێپەڕ کرد، لە ماوەی ئەو دوازدە ساڵەدا لە گەڵ پازدە زیندانی جۆر بە جۆر ئاشنا بووم و ژیانم تێدا کردن، هەر کە لە وڵاتەکەم هەڵاتم، لە مانگەکانی سەرەتادا چەند دادگاییم بە وەنجام گەیشتن و بە گشتی ٢٠ ساڵ زیندان و زیاتر لە حەوت ساڵ مەنفام بە سەر دا بڕابوو. دادگاییەکانی تریشم بەردەوامن، بەڵام هێشتا نازانم ئەنجامەکەیان چیەو چەند ساڵی ترم زیندانی پێ دراوە...

شایەنی باسە یەڵماز گیونەر خاوەنی چەندین بەرهەمی ناوازەیە کە گرنگترینیان فیلمی ڕێگا (yöl) یە، ئەم فیلمە لە ڤیستیڤاڵی(کان) خەڵاتی دارخورمای زێرینی وەرگرت، لە ساڵی ١٩٨٢ کاتێک یلماز لە بەندی خانەدا بوو (شەریف گۆرین) لەسەر خواست وڕێنماییەکانی یلماز چێکرد کاتێک یلمازلە بەندیخانە هەڵدیت بەسەر بەرهەم هێنانی فلمەکەدا یەتەوە، فیلمی (ڕێ) چیرۆکی تاقمێک زیندانییە لە تورکیادا کە پشوی دەرەوەی بەندیخانەیان دراوەتێ ...

- سەید خان (١٩٦٨)
- گورگە برسیەکان (١٩٦٩)
- پیاوێکی ناشیرین (١٩٦٩)
- هیوا (١٩٧٠)
- هەدەفی زیندوو (١٩٧٠)
- عوسمان پیادە (١٩٧٠)
- بابە (١٩٧١)
- عیبرەت (١٩٧١)
- قاچاخەکان (١٩٧١)
- بێ هیواکان (١٩٧١)
- بکوژەکان (١٩٧١)
- سبەی دوا ڕۆژە (١٩٧١)
- ئازار (١٩٧١)



سەرچاوە
Serchawe

- شیوەن (١٩٧٢)
- هاوڕێ (١٩٧٤)
- ئەندێشە (١٩٧٤)
- نداماوەکان (١٩٧٥)
- سورو - (sürü) (١٩٧٨)
- دوژمن - ئینگلیزی (١٩٧٩)
- ڕێگا (١٩٨٢)
- دیوار (١٩٨٣)

هاوسەری یەڵماز گیونەر ئەکتەرێکی بە ناوبانگی تورکە بە ناوی (nebahate çeher) (نێبەهات چێهیر) کە ئێستا لە ئستانبوڵ ئەژی، سەرەرەی ئەوەی ناوبانگی زۆری هەیە لە دراماکاندا لەگەڵ ئەوەشدا بە یەکیک لە ئەکتەرە شۆخ و شەنگەکان ناسراوە سەسەرای ئەوەی تەمەنی هەیە بەڵام خاوەنی جوانیەکی ناوازەو شک پۆشیە...

یەڵماز گیونەر بەهۆی کەسایەتی هەڵس وکەوتیەوە بە (پاشای ناشرین) ناسرا بوو، پاش ئەوەی چەند ساڵێک ژیان لە دوورە وڵات بەسەر ئەبات لە ساڵی ١٩٨٤ لە فەرەنسا لە شاری (پاریس) بەهۆی نەخۆشی شێر بەنجە کۆچی دوای ئەکات.

سەرچاوە کان: ڕۆژنامەی سەباحی تورکی (sabah gazetsi) و وێب سایتی یەڵماز گیونەر....

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاک تیڤی - ڕێکەوتی: ٣٠ی جوونی ٢٠١٨

---

**تێبنێ: ئەم بەشە لە ماڵپەڕی زانیاری بەروار وەرگێراوە**

دوای دەرکردنی لێخۆشبوونی سەرتاسەری ساڵی ١٩٧٤ گونەی لە زیندان ئازادکرا، پاشان هەمان ساڵ بەهۆی تەقەکردن و کوشتنی سەفا موتڵو داواکاری گشتی هەرێمی ئەدەنە دەستگیرکرایەوە، هەمیشە گونەی وتوویەتی کە بێتاوان بووە و ئەو کارەی نەکردووە، بەڵام حوکمی ١٩ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندراوە، لە ماوەی زیندانیکردنیدا باشترین سیناریۆکانی (ڕەو ١٩٧٨)، و (دوژمن ١٩٧٩)، هەردووکی لەلایەن زەکی ئۆکتەنەوە کاری دەرهێنانی بۆ کراوە، لە ٣٠مین فێستیڤاڵی

نێودەوڵەتی فیلم لە بەرلین فیلمی (دوژمن) خەڵاتی ڕێزلێنانی وەرگرتووە.

- لە ١١١ فیلمدا وەک ئەکتەر ڕۆڵی گێڕاوە
- ٥٨ سیناریۆی نووسراوی هەیە
- کاری دەرهێنانی بۆ ٢٠ فیلم کردووە
- بەرهەمهێنەری ١٦ فیلم بووە
- یاریدەدەری دەرهێنەر بووە لە ٥ فیلمدا



## خەڵاتەکانی

- فێستیڤاڵی فیلمی ئەدەنە

- لە فێستیڤاڵی فیلمی ئەدەنە فیلمی (پەژارە ١٩٧٢) براوەی خەڵاتی تۆپی ئاڵتوونییە بۆ باشترین فیلم، باشترین دەرهێنەر، باشترین ئەکتەر، باشترین سیناریۆ.
- ساڵی ١٩٧١ ٣ جار پاڵێوراوی خەڵاتی تۆپی ئاڵتوونییە بۆ باشترین فیلمەکانی (ئازار، بێهیواکان، سبەی کۆتا ڕۆژە).
- ساڵی ١٩٧٠ براوەی خەڵاتی تۆپی ئاڵتوونییە بۆ باشترین فیلم، ئەکتەر، سیناریۆ لە فیلمی (هیوا).
- ساڵی ١٩٦٩ براوەی خەڵاتی تۆپی ئاڵتوونی بۆ باشترین ئەکتەر لە فیلمی (سەید خان) و پاڵێوراوی باشترین فیلم.

• فێستیڤاڵی پرتەقاڵی ئاڵتوونی فیلم لە ئەنتاڵیا

- ساڵی ١٩٧٥ براوەی خەڵاتی باشترین سیناریۆ بۆ فیلمی (ئەندێشە ١٩٧٤) و پاڵێوراو بۆ باشترین فیلم و باشترین ئەکتەر.
- ١٩٧٠ براوەی خەڵاتی پرتەقاڵی ئاڵتوونی بۆ باشترین ئەکتەر و فیلم بۆ فیلمی (پیاوە ناشرینەکە ١٩٦٩).
- هەروەها ساڵی ١٩٦٧ براوەی هەمان خەڵات بۆ باشترین ئەکتەر لە فیلمی (یاسای زەوی).

• فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی بەرلین

- ساڵی ١٩٨١ براوەی خەڵات بۆ هەموو کارەکانی و ڕێزلێنانی تایبەت
- ساڵی ١٩٨٠ براوەی خەڵاتی باشترین سیناریۆ لە فیلمی (دوژمن)
- ساڵی ١٩٧٧ براوەی خەڵات و ڕێزلێنان بۆ هەموو کارەکانی

• فێستیڤاڵی فیلمی کان

- ساڵی ١٩٨٢ پاڵێوراو بۆ خەڵاتی چڵە خورمای ئاڵتوونی فیلمی (دیوار)
- براوەی خەڵاتی چڵە خورمای ئاڵتوونی بۆ فیلمی (ڕێگا) لەگەڵ شەریف گۆرەن

• خەڵاتەکانی سیزەر، فەڕەنسا

- پاڵێوراوی خەڵاتی سیزەر بۆ باشترین فیلمی بێگانە بۆ فیلمی (ڕێگا)

• خەڵاتی دەیڤد دی دۆناتێلۆ

- پاڵێوراو بۆ باشترین فیلمی بێگانە بۆ فیلمی (ڕێگا)

• خەڵاتی سەندیکای فەڕەنسی ڕەخنەگرانی سینەما

- براوەی خەڵاتی باشترین فیلمی بێگانە بۆ فیلمی (ڕێگا) ساڵی ١٩٨٣



سەرچاوە
Serchawe

## ژیانی تایبەت



گونەی ماوەیەک لە پەیوەندیدا بووە لەگەڵ بیرسەن جان ئۆنال و کچێکی هەیە بەناوی ئەلیف گونەی پوتون، یەکەم هاوسەری گونەی ئەکتەر و شاجوانی تورکیا بوو، نەبەهات چەهرێ، کە لە چەند فیلمێکدا لەگەڵ گونەیدا ڕۆڵی گێڕاوە، پەیوەندییەکەیان ساڵی ١٩٦٤ دەستیپێکردووە و ساڵی ١٩٦٧ هاوسەرگیریان کردووە و لەساڵی ١٩٦٨ جیابوونەتەوە، بەڵام زۆربەی هاوڕێ نزیکەکانی گونەی دەڵێن کە چەهرێ هەمیشە خۆشەویستی ژیانی گونەی بووە.

دواتر گونەی هاوسەرگیری لەگەڵ جەلێ فاتمە سولەیمانگیل کردووە کە بە فاتۆش ناسراوە، لەساڵی ١٩٧٠ پێکەوە کوڕێکیان بووە بەناوی ڕەمزی یەڵماز پوتون.

### دوورخستنەوە و کۆچی دوایی

مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٠، لەلایەن دەستەی سەربازی تورکیاوە کارەکانی گونەی قەدەغەکران، گونەیش ڕایگەیاند تەنها دوو ئەگەر هەیە شەڕکردن یان خۆبەدەستەوەدان، منیش شەڕکردنم هەڵبژاردووە".

دوای ئەوەی ساڵی ١٩٨١ لە زیندان هەڵدێت و ڕادەکات بۆ فەڕەنسا، گونەی خەڵاتی چڵە خورمای ئاڵتوونی وەردەگرێت لە فێستیڤاڵی فیلمی کان ساڵی ١٩٨٢ بۆ فیلمی (ڕێگا)، کە دەرهێنەرەکەی شەریف گۆرەن بوو،

ساڵی ١٩٨٣ گونەی لە کاری دەرهێنان بەردەوامبوو، لە کۆتا فیلمیدا چیرۆکی دڕندانەی منداڵانی دەستگیرکراوی خستەڕوو لە فیلمی (دیوار ١٩٨٣)، کە بە هاوکاری حوکمەتی فەڕەنسی بەرهەمهێندرا، لە کاتێکدا حوکمەتی تورکی مافی هاونیشتیمانی لێسەندەوە و ٢٢ ساڵ حوکمی زیندانی بەسەردا سەپاند.

پاشان لە ٩ - ٩ - ١٩٨٤ یەڵماز گونەی بەهۆی شێرپەنجەی ڕیخۆڵەکانەوە لە فەڕەنسا کۆچی دوایی کرد، و مەزارگەکەی لە گۆرستانی پێرلاشێزی پاریس بەخاک سپێردرا دایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی زانیاری بەروار - ڕێکەوتی: ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## لەوە زیاتر ناوی (یڵماز گونەی) مەشێوێنن!




**هێژا دڵشاد**

(یڵماز گونەی) سینەماکاری کۆچکردووی کورد، ئایکۆنی سینەمای کوردیی، وەک دەوترێت باوکی رۆحیی سینەمای کوردی. لەپاش نزیکەی ٤٠ساڵی لە کۆچی دوایی ئەودا، هێشتا کتێب، نوسین و توێژینەوە لەسەری دەنوسرێت. هونەری سینەماکەی، توانای بیرکردنەوەی نوسینی، ئەمانە هەمووی تائێستا کاریگەریی خۆی لەسەر ئێمە هەیە و کارەکانی جێی باس و نوسین و توێژینەوەن.

ئەوەی تێبینیم کردبێت، هەندێ کەس لە چینی نووسەر، هونەرمەند، مامۆستای زانکۆ و ئەوانیتر، بەهەڵە ناوی یڵماز گونەی دەنوسن! جۆرە شێواندنێک لە ناوەکەی دەبینرێت.

بێگومان کاتێک تۆ بابەتێک دەنوسیت، یان وەردەگێڕیت، دەبێت ئەوە بزانیت کە پێویستە ناو وەک خۆی بنوسرێتەوە، بەشێوازی دەربڕینە زمانە ئەسڵییەکەی خۆی بێت، ناوی کەس و شوێن وەرناگێڕدرێت واتە (تەرجەمە) ناکرێت، ناگۆڕدرێت، بە زمانێکیتر دەربڕینی بۆ ناکرێت و نانوسرێت، پێویستە وەک خۆی ناوەکە بە راستی بنوسرێت و بوترێت.

لێرە بە چەند جۆرێک ناوی سینەماکاری گەورەی کورد دەنوسن، بۆ نمونە لەبری یڵماز دەنوسن یەڵماز، یاخوود یڵماس، لەبری گونەی دەنووسن، گۆنای یاخوود گیونەی! باشە ئەم هەموو تاییی ناوە بۆچی؟ ئەمە رەوایە؟

لەکاتێکدا ئەو کتێبانەی لەم ساڵانەی دواییدا لە باشووری کوردستان دەربارەی یڵماز گونەی چاپ کراون، زۆربەی هەرە زۆریان بە راستی و دروستی ناوی ئەو هونەرمەندەیان نوسیووە، ئەوە جێی دەستخۆشییە. هاوکات لە شارێکی وەک سلێمانی، لە چەند شوێنێک پەیکەری یڵماز گونەی دەبینین، یاخوود ناوی ئەو سینەماکارە لە شوێن نراوە. لەوانەش پەیکەری یڵماز گونەی لە باخی گشتی دانراوە، هەروەها پەیکەرێکیتری بۆ دروستکراوە لە بەردەم سکوڵی کۆلێجی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سلێمانی، لە ئەمنە سوورەکە هۆڵێکی سینەمایی بەناوی ئەوەوە ناونراوە. ئەگەر سەرنج بدەین، هیچ کام لەو شوێنانە ناوی یڵماز گونەی هاوتا نییە! یڵماز، یەڵماز یاخوود گونەی، گۆنای، گیونەی نوسراون! هەریەک بە جۆرێک ناوەکەی نوسیوەو جۆرە شێواندنێک و سەرلێتێکچوونێک هەیە.

پێویستە لەسەر ناوە دروستەکە رێکبکەوین و هەڵەکانیش چاک بکەینەوە، نوسینی ناوی سینەماکارێکی مەزن قبوڵ نییە و جێی داخە، نوسینی ناوەکەشی بە دروستی، کارێکی زۆر زەحمەت نییە.

(Yılmaz Pütün) دواتر بە ناوی (Yılmaz Güney) ناسێنرا، بە زمانی تورکی بەم جۆرە دەهێنرێتە سەر زمان (یڵماز گونەی)، لە ئەدەبیاتی تورکیشدا بە دوو مانا دێت،

یەکەم ناوی یەک لە چوار ئاڕاستەیە، واتە بەرامبەر بەشی سەرەوەیە کە پێی دەڵێن باشوور.

دووەم، بەشوێنێک دەوترێت کە بەردەوام خۆر لێیبدات (ناوچەیەکی گەرم.(

راو بۆچوونەکان لەسەر ئەوە دەوەستێتەوە، یڵماز ئەم نازناوە هونەرییەی لەوە وەرگرتبێت بەهۆی ئەوەی لە ئەدەنە هاتۆتە دنیاوە، کە جوگرافیاکەی دەکەوێتە بەشی خوارەوەی تورکیا، هەروەها ناوچەیەکی گەرمە لە زۆربەی وەرزەکاندا پلەی گەرما تیا بەرزە.

من وەک رۆژنامەنوسێک، نووسەرێک و وەک وەرگێڕێکی زمانی تورکی، کە نزیکەی ٢٠ ساڵە زمانەکە دەزانم، دوو لە کتێبەکانم لە تورکییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و یەکیان لەسەر (یڵماز گونەی) یە، هەوڵمداوە ناوەکەی بەراستی بنوسرێت، بەتایبەت لە سۆسیال میدیا کاتێک نوسینێک یان پۆستێک دەبینم ناوەکەی بە هەڵە نوسراوە، زۆرجار لە رێگەی



سەرچاوە Serchawe

ئامەوە یاخوود کۆمێنتەوە رونکردنەوەی پێویستم نوسیووە، بەداخەوە زۆربەیان بێ سوود بوون و زۆربەیان ئامادەنەبوون هەڵەکە راست بکەنەوە. لەم سۆنگەیەوە بە پێویستم زانی وتارێک لەسەر ئەم بابەتە بنوسم.

لە بەدواداچوونێکی خۆم لە چەند رۆژی رابردوودا، پەیوەندیم بە کەسێکی خانەوادەی یڵماز گونەی-یەوە کرد، دەربارەی نازناوی (گونەی) چەند زانیارییەکی پێدام، ئەو ئاماژەی بەوە کرد کاتی خۆی عاتیف یڵماز دەرهێنەری ناوداری تورکیا و بە ڕەچەڵەک کورد، پێشنیاری نازناوی (گونەی) وەک نازناوێکی سینەمایی بۆ ژیانی هونەری یڵماز دەکات، ئەمەش لەبری ناوی پوتون.

مەسەلەی ئەم نازناوە لە سالانی ١٩٦٥ دێتەئاراوە. واتە لەدوای ئەوەی یڵماز دووردەخرێتەوە (رادەگوازرێت) بۆ زیندانی قۆنیە، لە پاش ئازادکردنی لە زیندان، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی هونەری دەستپێدەکات لەو سەردەمەدا بوو ئەو نازناوەی پێبەخشراوە.

زۆر جار گۆنای یاخوود گیونەی دەنوسرێت، بە راستی ئەوە شێواندنی ناوەکەیە، پێویستە بە راستی و دروستی ناوەکە بنوسرێت، دەبێت بە (گونەی) بنوسرێت. من بۆ ئەو کەسانەی لە سۆشیال میدیا ناوەکە بە هەڵە دەنوسن، رونکردنەوەی تەواوم بۆ نوسیون، تاکوو بگەنە ئەو قەناعەتەی ناوەکەی وەک دەربڕین و نوسین بە (یڵماز گونەی) دروستە، زۆرێک لەوانە ئامادەنەبوون هەڵەکەیان چاک بکەنەوە !

من وەک خۆم سەرسامم بە مەزنی سینەمای یڵماز گونەی، پیشەکەم وەک رۆژنامەنوسێک، نووسەرێک و وەرگێڕێکی زمانی تورکی، بە ئەرکی خۆمی دەزانم لە هەر کوێیەک بێت ناوە راستییەکەی بنوسم.

لە دوا پەرەگرافم خاڵێکی گرنگە لەسەر ژیاننامەی یڵماز گونەی دەنوسرێت و دەوترێت، ئەویش ئەوەیە دەوترێت یڵماز لە زیندان هەڵهاتووە! ئەمە نارەوایە؟

یڵماز گونەی لەساڵی ١٩٨١ لە دەست رژێمێکی عەسکەرتاریی هەڵهات، واتە ساڵێک لەپاش کودەتا خوێناوییەکەی رژێمی سەربازیی لە تورکیا کردی، هەرچەندە لەمڕۆدا لە تورکیا دۆخەکە زۆر نەگۆڕاوە، پاکتاوی سیاسیی، نەژادیی و چینایەتی هەیە، ئازادی رادەربڕین بونی نییە، ئازادی و کاری هونەر و سینەما لەقاڵبێک دراوە، پرسی کلتور و شوناس بۆ کورد وەک خۆی ماوەتەوە، هونەرمەندی ئازادیخواز، رۆژنامەنوس و نووسەر تەنها لەسەر نوسین و بیروبۆچونیانەوە دەخرێنە زیندانەوە

و بە تیرۆریست دەیانناسێنن.

یلماز گونەی لە زیندان هەڵنەهاتووە، بەڵکو لە تورکیا لەدەست رژێمێکی فاشیست هەڵهات، بۆ ئەوەی ئازادانەتر بنوسێت، قسە بکات، کاری سینەمایی بکات.

یلماز گونەی لەکاتی دەرهێنانی فیلمی (دیوار) لەساڵی ١٩٨٣ لە فەڕەنسا، کە باس لە خراپی ژیانی زیندانەکانی تورکیا و مافی مرۆڤ دەکات و وێنای تورکیا-مان نیشان دەدات، ژیانی خۆی وەک نمونە دەهێنێتەوە، شیکردنەوە بۆ خراپی رەوشی تورکیا دەکات، کاتێک ئاکتەرانی فیلمەکە لە گونەی دەپرسن بۆچی لە تورکیا هەڵهاتیت؟ گونەی لە وەڵامدا دەڵێت "پیاوی ناو زیندان، دەتوانێت شەڕ بکات، بجەنگێت بۆ ئامانجێک، من دەمتوانی پێشتر لە زیندان هەڵبێم. پێشتریش ئاماژەم بەوە کردبوو کە هەرکات بمەوێ لە زیندان هەڵدێم، وتم چاوەڕێی کاتی خۆی دەکەم، هەر واش بوو کاتی خۆی هات و هەڵهاتم. تاکە رێگەیەک هەیە بۆ گەڕانەوەم بۆ تورکیا، ئەویش ئەو کاتەیە کە هەلومەرجی ژیان کردن و رەوشی مرۆڤەکان باشتر ببێت، بە تایبەتی مرۆڤە گەنجەکان، ئەگەر بێت و ئەو هەلومەرجە لەئارادا نەبێت، هەمووتان توشی شێرپەنجە دەبن، ٢٠ ساڵ یان ٣٠ ساڵ لە زینداندا ژیانتان دەفەوتێت، یان دەمرن یان ئەوەتا بەر فیشەک دەدرێن، دەبنە قوربانی، تەنها یەک رێگەمان لەپێشە، ئەویش شۆڕش کردنە ."

بەهیوام لەوە زیاتر (یلماز گونەی) نەشێوێنرێت، هەموو لایەک بەو جۆرە ئاماژە بەناوەکەی بکەن، هەروەها کاریش بکرێت بۆ ئەوەی لەو هۆڵ و پەیکەرانەی بۆی دروستکراوە، ناوە هەڵەکانی راست بکرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی چاودێر - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## یەڵماز گونەی دەرهێنەر و ئەکتەری کورد چۆن بەناوبانگ بوو؟




**کەیهان محەمەد نەژاد**

"یەڵماز گونەی" کە بە شای ناشیرین ناسراوە، دەرهێنەر و ئەکتەرێکی کوردە و وەکوو واتای ناوەکەی (واتای یەڵماز بە تورکی دەبێتە نەترس) چاونەترس بووە. کاتێک باس لە فیلمەکانی دەرهێنەرێکی کورد دەکرێت، یەکسەر خەڵک بیر لە "یەڵماز گونەی" دەکەنەوە. چونکە هەوڵی دەدا بە فیلمەکانی ئازارەکانی کورد پیشانی کۆمەڵگەی جیهانی بدات. ئەگەر کەسێک فیلمی "ڕێ، دیوار، جەلەب و باوک"ی نەبینیبێت، دیسانیش هەر "یەڵماز گونەی" دەناسێت و ناوەکەی لای ئێمە ناسراوە و بە پێشەنگی فیلمە مۆدێرنەکان لە کوردستان ناسراوە. "یەڵماز گونەی" ساڵی ١٩٣٧ی زایینی، لە گوندی "یەنیج"ی سەر بە شاری ئەدەنە لە بنەماڵەیەکی هەژار لەدایک بووە. ئەو کورد بوو و خۆی لەو بارەوە وتوویەتی: "باوکم زازایە و دایکم کوردە، ئێمە لە بنەماڵەیەکی بێ زەوی و هەژار گەورە بووین".

"یەڵماز گونەی" لەگەڵ بنەماڵە هەژارەکەی لەژێر دەستی ئاغای گوند کاری پەنبەیان دەکرد و تا درەنگانی شەو خەریکی کار بوون. بێگومان ژیانی یەڵمازی بچووکیش، لە ژیانی منداڵانی گوند جیاواز نەبوو؛ ژیانی ئەو لەنێو برسیبوون، هەژاری، دەسکورتی و کارکردن لەنێو زەوی و باخەکاندا تێپەڕ بوو. ژیانی دژواری یەڵماز کاریگەریی لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و ڕوانگەی داهاتووی هەبوو. لەو پەیوەندییەدا، "یەڵماز گونەی" وای نووسیوە: "وێڕای پەرێشانی، دەستکورتی و ئازار کە لە منداڵیدا بینیومە، لە بیرم ناچێت و باش دێتەوە بیرم، ئێمە ڕۆژێکی خۆش و شادمان لە ماڵ نەبینیبوو، باوکم بەهۆی

کێشەیەکی بچووک لە دایکمی دەدا و لە ماڵ دەری دەکرد، زۆر جاریش ئێمەی دەردەکرد. لەبەر درگای ماڵمان دارێکی تووو دوو داری هەنجیر هەبوون، زۆر جار لەگەڵ دایکمان تاوەکوو بەیانی زوو لەژێر دارەکان دەخەوتین، بەڵام جاری وایش بوو دایکم دەستی من و براکەمی دەگرت و نزیک ٢٧ کیلۆمەتر بە پێ دەڕۆیشتین هەتاکوو دەگەیشتینە ماڵی خزمێکمان لە شاری ئەدەنە. من هیچکات بارودۆخ و گریانی دایکم لە درێژایی ڕێگەدا لەبیر ناکەم بە تایبەت، من ناتوانم ئەو گۆرانییە غەمگین و لە هەمان کاتدا پڕ لە ڕق و تۆڵانەی کە دایکم بە فرمێسک و دەنگێکی نزم دەیوتەوە لەبیر بکەم".

**یەڵماز گونەی** لە تەمەنی منداڵیدا، بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی هەندێکجار ڕۆژنامەی دەفرۆشت، هەر وەک لە یەکێک لە فیلمەکانیدا کە باسی بەسەرهاتی خۆی دەکات، بەم شێوازە دەڵێت: "دایک! مەگەر لەبیرت نایە ئێمە چۆن گەورە بووین؟ بێ جلوبەرگ، بێ باوک لەنێو ئازاردا، بە فرۆشتنی کولێرە و ڕۆژنامە، کاتێک تۆ لەبەر دەرگای ماڵان جلوبەرگی خەڵکت دەشۆرد، من لە قوتابخانە هەڵدەهاتم و بە دوای پارووپەک نان دەکەوتم".

ساڵی ١٩٥٠ کاتێک کە "یەڵماز گونەی" لە ئەدەنەدا دەژیا و دەستی بە خوێندن کرد، لە گەڕەکێکی ئەدەنە سینەمایەک هەبوو و جارێک یەڵماز بە دانی ٢٥ قروش چووە نێو سینەماکەوە، لەو کاتەدا بە بینینی فیلمەکان بوو بە لایەنگری سینەما. دڵی هەمووکات لەلای سینەما بوو، بەڵام ئەو هێشتا منداڵ بوو و کاری دەکرد، هاوکات دەرسی دەخوێند و پارەکەی بەشی ئەوەی نەدەکرد جارێکی دیکە بڕواتە سینەما.

یەڵماز بە ڕۆژ دەرسی دەخوێند و بە شەو کاری دەکرد. ئەوندە حەزی لە سینەما دەکرد کە لە کۆتاییدا توانی لەوێ کارێک بدۆزێتەوە و لە شیرکەتی"And-Film" دا کار بکات و فیلمەکانی ئەم سینەمایە بفرۆشێت، بەڵام پارەکەی کەم بوو و تەنیا ٧ لیرە بوو. یەڵماز دەستی لەو شیرکەتە کێشا و چووە شیرکەتی "Kamal Film" و لەوێ ٨ لیرە مووچەی هەبوو. کاری ئەو بڵاوکردنی فیلمەکان لە گوند و شارەکان بوو. شیرکەتی "کەماڵ فیلم" بۆ یەڵماز زۆر گرینگ بوو. ئەو لە نزیکەوە بارودۆخی ژیانی کرێکار، جووتیار و بە تایبەت کوردەکانی دەبینی. یەڵماز بەم شێوەیە هەتاکوو ساڵی ١٩٥٧ لە سینەما کاری کرد و دواتر کۆتایی بە زانکۆ هێنا و بەرە و ئیستانبۆڵ چوو. یەڵماز ئەو کاتەی کە بەرەو ستانبۆڵ دەچوو تەنیا ١٥٠ لیرە لە گیرفانیدا هەبوو. ژیانێکی غەریب و دوور لە بنەماڵەی. ناوبراو لە ئیستانبۆڵدا بیری دەکردەوە و دەیوت: "ئایا من لە بنەڕەتدا کورد نیم؟ ئەو کاتە بۆ هۆی چی باوکم زێد، زەوی و باخەکانی بەجێ هێشتبوو و ببووە کۆچەری نێو تورکەکان؟ بۆچی ئەوندە جیاوازیی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری لەو ناوچەیانەدا هەیە؟

لەمبارەیەوە یەڵماز وتوویەتی: "دواجار تێگەیشتم بۆچی باوکم شوێنی خۆی بەجێ هێشتووە و کۆچی کردووە بۆ شارەکانی

دیکەی تورکیا. زۆر باش تێدەگەیشتم کە ئەوان سیاسەتی تواندنەوە و ئاسمیلەکردنیان لە دژی ئێمە بەکار هێنا، ئەوان بە زۆر ناچاریان کردین بە تورکی قسە بکەین؛ جگە لەوەش لە قوتابخانەکاندا بە زۆر فێریان کردین کە هەمووومان تورکین." یەڵماز گونەی زۆر حەزی لە نووسین بووە و دوای بڵاوبوونەوەی یەکێک لە چیرۆکەکانی، بە تاوانی بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕی کۆمۆنیستی دەستبەسەر و ڕەوانەی بەندیخانە دەکرێت و زۆر ئەشکەنجە دەدرێت. دوای ئەوە، یەڵماز گونەی لە ساڵی ١٩٥٨ وەک ئەکتەر ناسرا و لە ساڵی ١٩٦٦ وەک دەرهێنەر هاتە نێو جیهانی سینەماوە.

فیلمەکانی "یەڵماز گونەی" ژیان، بەسەرهات و چەوساندنەوەی کورد پیشان دەدەن. بۆ نمونە فیلمی "هیوا" بەسەرهاتی باوک، برا و هەموو بنەماڵەکەیەتی. هەروەها لە فیلمەکەیدا بە ناوی "سورو" کە بە واتای "جەلەب یا کەری" دێت، ڕۆڵی ژیانی دایکی و خاڵۆکەی دەگێڕێت. "یەڵماز گونەی" لە فیلمەکانیدا باس لە کۆچبەری، ستەم و چەوساندنەوەی سیاسی و دوورکەوتن لە وڵاتی دەکرد و بە شێوەیەکی زۆر جوان و هونەرمەندانە دەیخستە سەر شاشە. ئەو لە ڕێگەی فیلمەکانییەوە ژیانی ڕاستەقینەی گەلی کورد و ئەم ژیانەی کە دەسەڵاتدارانی تورکیا ویستوویانە بیشارنەوە، پیشان دەدات. گونەی لە هەموو فیلمەکانیدا جۆرێک لە جیهانبینیی بەکار هێناوە، کە ئەویش ڕووخساری مارکسیستییە کە لە هەموو بەرهەمەکانیدا دیارە. هونەری "یەڵماز گونەی" پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی لەگەڵ کۆمەڵگەدا هەبوو، هەر بۆیە لەلایەن کۆمەڵگەوە پێشوازیی لێ دەکرا. کاتێک مرۆڤ بۆچوون و باوەڕێکی سیاسیی نەبووایەت و سەیری فیلمەکانی یەڵماز گونەی بکردایەت، ڕوانگەیەکی سیاسی بەبێ ویستی خۆی دەدۆزییەوە. فیلمەکانی یەڵماز گونەی کاریگەرییەکی وایان لەسەر کۆمەڵگە و بینەرەکانی هەبووە و تەنانەت دەتوانن تێڕوانینی خەڵک بۆ دەوروبەر، ژیان و کۆمەڵگە بگۆڕن.

فیلمی "یۆڵ" بە واتای فیلمی "ڕێگا"، کە ساڵی ١٩٨٢ بەرهەم هێنراوە، یەکێکە لە بەرهەمە ناسراوەکانی یەڵماز گونەی و یەکێکە لە بەناوبانگترین فیلمەکان کە تا ئێستا بەرهەم هاتووە. لەم فیلمەدا هیچ هیوایەک نابینرێت و لە دەسپێکی فیلمەکەدا دیمەنی بەندیخانەیەک نیشان دەدرێت. ترس، سەرکوت و چەوساندنەوە لەم بەندیخانەیە نیشان دەدرێت و لەنێو فیلمەکەدا چۆنیەتیی بێڕێزیکردن و هەڕەشەکردن لە دەسبەسەرکراوەکان نیشان دەدا. فیلمی "ڕێگا" کە باشترین فیلمی یەڵماز گونەیە، یەک لە سیاسیترین فیلمی مێژووی سینەمای تورکیا بە ئەژمار دێت و لە ساڵی ١٩٨٢ی خەڵاتی فێستیڤاڵی KEN"ی پێ بەخشرا.

"**یەڵماز گونەی**" لە نەورۆزی ساڵی ١٩٨٤ کە لە فەڕانسە بەشدار بوو، لەبارەی کورد و کوردستانی سەربەخۆ وای وت: "هاوڕێیان، ئازار، زۆرداری، هەژاری، خوێن و فرمێسک چارەنووسی گەلی کورد نییە. ئێمە ئەم چارەنووسە ڕەت دەکەینەوە، ئێمە ئەم چارەنووسە ناناسین. ئێمە نامانەوێت منداڵانی وڵاتێکی بندەست بین کە لە چوار لاوە داگیر کراوە، بەڵکوو ئێمە

دەمانەوێت ببینە منداڵی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یەکگرتوو و سەربەستی کوردستان، ئێمە ببینە منداڵی کوردستان. ئێمە دەمانەوێت لەسەر خاکی خۆمان بە زمانی خۆمان گۆرانیی ئەوین و ئازادی بڵێینەوە. ئێمە دەمانەوێت جیهان و خاکی خۆمان، بە دەستی خۆمان تێکەڵی یەک بکەین و سەرلەنوێ ئاوەدانی بکەین. ئێمە دەمانەوێت لەسەر خاک و بن ئاڵای خۆمان سەربەخۆ و ئازاد بژین".

"**یەڵماز گونەی**" کە لە وڵاتی فەڕانسە دەژیا و بە ناچاری زێدی خۆی بەجێ هێشتبوو، ڕۆژی ٩ی ئەیلولی ١٩٨٤ لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەی شاری پاریس ماڵاوایی لە ژیان کرد و تەرمەکەی بە ئامادەبوونی سەدان هاوڕێ، دەرهێنەر، لایەنگر و دۆستانی لە گۆڕستانی پێرلاشیز بە خاک سپێردرا. کاتێک "یەڵماز گونەی" کۆچی دوایی کرد، ئەوکات لە سەردێڕی زۆرێک ڕۆژنامەکان نووسرا: "فیلم مرد."

سەرچاوە: ماڵپەڕی چاوی کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٣

---

## پەڕاوی گونەی: چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هۆبشمید، هاوڕێ ڕزگارەکەی یەڵماز گونەی



**ئەم پەڕاوە، لە چوارچێوەی ئیڤێنتی دەرهێنەرێک لە زیندانەوەدایە، کە بە هاوبەشی لە لایەن ماڵپەری کلتووریی دیدی من، ڕێکخراوی کلتووریی کەشکۆڵ و سینەما سالم ڕێک خراوە**

**سازدانی: کامەران سوبحان**

**لە ئینگلیزییەوە: پشتیوان کەمال**

یەڵماز گونەی، فیلمساز، پرۆدیوسەر و نووسەرێکی کورد بوو، سیناریۆی فیلمی براوەی خەڵاتی کان، ڕێگەی نووسیوە. دوای زیندانیبوونی ئەو فیلمسازە، ئیدی هوبشمیدی هاوڕێی، یارمەتیی گونەی داوە تا لە زیندان هەڵبێت و بەرەو ئەورووپا بڕوات. هوبشمید کتێبێکی نوسیووە بە ناوی ڕێگە: ڕێگەیەک بەرەو مەنفا، هیواش دەخوازێت فیلمێکی بەڵگەنامەیی دەربارەی ژیانی نائاسایی ئەم هاوڕێیەی دروست بکات.

**ئەم چاوپێکەوتنە لە پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرتی ساڵی ٢٠١٦ ساز دراوە.**



**ئێدی هۆبشمید، کامەران سوبحان**

**پرسیار**: یەکەم جار لە کوێ چاوت بە یەڵماز گونەی کەوت؟

**وەڵام**: فیلمی مێگەلی یەڵماز گونەیم لە ساڵی ١٩٧٩دا لە فێستیڤاڵی کان بینی، دەمانویست فیلمەکە لە سویسرا نمایش بکەین، هاوڕێیەک چووە تورکیا بۆ بینینی گونەی، گرێبەستێکی لەگەڵ ئیمزا کرد بۆ فیلمەکەی تاوەکو لە سویسرا نمایشی بکەن. کاتێک لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٠دا سەردانی گونەیمان کردەوە، ئەو هێشتا لە زینداندا بوو. لەگەڵیدا بە چاودێریی پۆلیس لە زینداندا دانیشتین. باسمان لەو ڕێگەیانە کرد کە پێکەوە ئیشی تێدا بکەین. لەو کاتەدا زۆر غەمبار بوو، بەڵام دڵخۆش بوو بە بیستنی ئەوەی ئێمە کاری لەگەڵ بکەین. ئەو ڕێگە، مێگەل و دوژمنی لە تورکیا بەرهەم هێنابوو. گونەی بە کوالیتیی فیلمی دوژمن خۆشحاڵ نەبوو، بە هۆی ئەو کوالیتییە نزمە هونەرییەی کە لە فیلمەکەدا بەکار هاتبوو. داوامان لێ کرد کەرەستەکانی فیلمەکەیمان بۆ بنێرێت، تاوەکو ئێمە جارێکی تر سیستمی دەنگ و مۆنتاژ و ڕەنگ بگۆڕین، ئەویش ڕازی بوو. پاشان بووە فیلمێکی زۆرباش.

**پرسیار**: چۆن دەستتان کرد بە کارکردن لەگەڵ یەڵماز گونەی؟

**وەڵام**: لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٤دا، کارم لەگەڵ گونەی کرد. ئەو دە ساڵ لە من گەورەتر بوو. ئەزموونێکی زۆری هەبوو لە بواری فیلمسازیدا. زیاتر لە سەد فیلم وەک ئەکتەر، بەرهەمهێنەر و سیناریست کاری کردبوو. ئەزموونی من لەو کاتەدا دیاریکراو بوو. بەو شێوەیە دەستمان کرد بە کاری هاوبەش. لە سەرەتادا، هەموو کەرەستەکانمان لە تورکیاوە گواستەوە بۆ سویسرا، بە فیلمی ڕێگەشەوە، لە کاتێکدا فڕۆکەخانەکان جمەیان دەهات لە پۆلیس. هەروەها ویستیشمان خۆی ببەین بۆ ئەورووپا، کە ئەمە گونەیی زۆر بێزار کرد.



**ئێدی هۆبشمید – یەڵماز گونەی**

**پرسیار**: چۆن ئەوت لە تورکیاوە بردە ئەورووپا؟ چۆن لە زیندان ڕزگارت کرد؟

**وەڵام**: ئەمە چیرۆکێکی دوورودرێژە. چەند ڕۆژێکی پێ درا تاوەکو لە ماوەی جەژندا، لە ئۆگەستی ١٩٨٠دا لەگەڵ خێزانەکەی بێت. ئەو هەڵەمان قۆستەوە، بە ئیجەدا ئەومان برد، ژن و دوو منداڵەکەشی بە سەیارەیەک، کە ژمارەی سویسرای پێوە بوو، هەموو ئەمانە لە یەک ڕۆژدا ئەنجام دران.

ڕۆژێک پاش گەیشتنمان بە سویسرا، دەستمان کرد بە کارکردن لە فیلمی ڕێگەدا. بەڵام کێشەمان هەبوو. گونەی لە لایەن ئینتەرپۆڵەوە داوا کرابوو، بۆیە زۆر بە نهێنی کارمان دەکرد. لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسە تورکەکانەوە ئێمەیان دۆزییەوە، وایان کرد بە شاراوەیی کارەکانمان بکەین. لەم کتێبە دۆکیومێنتەریەدا، باس لەوە دەکەم بە تەواوی کە چۆن گونەیمان لە


تورکیا هێنایە دەرەوە و ئازادمان کرد.

**پرسیار**: کەواتە بردتە ئەورووپا... پاشان چۆن دەستتان بە کارکردن کرد؟

**وەڵام**: لە ماوەی چەند ڕۆژی سەرەتای گەیشتنی گونەی بە سویسرا، دەستمان کرد بە کارکردن لە فیلمی ڕێگەدا. بەڵام کارەکەمان نهێنی و پچڕپچڕ بوو. تەواوکردنی کارەکە نزیکەی حەوت مانگی پێ چوو، لە ئۆکتۆبەری ١٩٨١ەوە تا مانگی مایسی ١٩٨٢.

**پرسیار**: لە ژیانی خۆی نەدەترسا کاتێک لە ئەورووپا بوو؟

**وەڵام**: بەڵێ، دەترسا، چونکە ئینتەرپۆڵ بەدوایەوە بوو. بەڕێوەبەری فێستیڤاڵی کانیش گوتی کە ئەو تەنها دەتوانێت گونەی لە ماوەی فێستیڤاڵەکەدا بپارێزێت، لەڕاستیدا لەو ماوەیەدا پاراستی.



**پرسیار**: باشە کەواتە خۆی و خێزانەکەی چۆن لە ئەورووپادا ژیانیان بردە سەر؟

**وەڵام**: کەیسەکەیمان بردە بەردەم سەرۆکی فەڕەنسای ئەوکات فرانسۆ میتەران و چەند بەرپرسێکی تری سیاسیی فەڕەنسا. پشتگیرییان کرد، هەلێکیان پێدا تا لە فەڕەنسا بژی.

**پرسیار**: ئایا دۆکیومێنتەرییەکەی تۆ چۆن دەڕوات؟ تەواو بووە؟

**وەڵام**: نەمتوانی دۆکیومێنتەریەکە بەرهەم بهێنم بە هۆی کەمیی بودجەوە. بەڵام خواستی بەرهەمهێنانەکە هێشتا ئامادەیی هەیە، تاوەکو شتێک لەبارەی گونەیەوە بکەم، کە دواتر بووە کتێبێکی بەڵگەنامەیی، کە چیرۆکەکانی خۆم لەگەڵ گونەی بە وردی باس کردووە. ساڵێک پێش ئێستا کتێبەکەم تەواو کرد. ناوی ڕێگە: ڕێگەیەک بەرەو مەنفایە.


**پرسیار**: بۆچی بیرت لە بەرهەمهێنانی فیلمەکە نەکردەوە لەگەڵ کۆمپانیایەک یاخود بەرهەمهێنەرێکی تورک کە لە ئەورووپا دەژی؟

**وەڵام**: لەڕاستیدا هەموو ڕێگەکانمان تاقی کردەوە، بەڵام نەگەیشتین بە هیچ کوێ. زۆر گەڕاین بۆ بەدەستهێنانی بودجە لە فەڕەنسا، سویسرا و ئەڵمانیا، بەڵام هیچمان دەست نەکەوت. دەستم لە فیلمەکە هەڵگرت بە هۆی نەخۆشییەوە. هەواڵی فیلمەکە ڕۆژێک لە ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانیا بڵاو بووەوە. پاشان لە لایەن پرۆدیوسەرێکی تورکەوە پەیوەندیم پێوە کرا، کە پاشتر هەموو شتێکم دەربارەی فیلمەکە بۆ نارد. بەڵام تا ئێستاش هیچ دەنگێکی نەبووە.

**پرسیار**: کەواتە لە کۆتاییدا دەستت لە فیلمەکە هەڵگرت، وایە؟

**وەڵام**: نا. ساڵی ڕابردوو تەماشای ئەرشیفەکانم کردەوە و وێنەکانم کۆ کردنەوە، کە لەگەڵ ئەودا گرتبووم کاتێک پێکەوە کارمان دەکرد. کردمنە چیرۆک بەو شێوەیەی لە کتێبەکەمدا نووسیبووم. هەشتا وێنەی سەرنجڕاکێشم جوێ کردەوە، کە دواتر بوونە هەشتا چیرۆک. پاشتر لە زیورخ، کە هێشتا سەرقاڵی کردنی ئەو کارە بووم، چاوم بە یەکێک کەوت کە سیناریست بوو. لەبارەی کتێبەکەوە قسەم بۆ کرد، کە خەریکی ئیشکردنم تیایدا، بەڵێنی دا یارمەتیم بدات. پاشان کارەکەی خۆم بۆ نارد، ئەو پێیدا چووەوە و تێبینیی خۆی پێ گوتم. ئەو لە ئەپریلی ٢٠١٦دا تەواوی کتێبەکەی بینی. لە سێپتەمبەری ٢٠١٦دا کتێبەکەم تەواو کرد. لە ئەڵمانیا لە لایەن دەزگایەکی سویسرییەوە بڵاو دەکرێتەوە. لە ٢٨ جەنیوەری ٢٠١٧دا لە

ئینستوتی کەلەپووری کورد لە پاریس سیمینارێک رێک دەخرێت سەبارەت بەم کتێبە.



یەڵماز گونەی لە کاتی وەرگرتنی چڵە خورمای ئاڵتوونی

**پرسیار**: ئایا کتێبەکە دەتوانێت هەمان ئەو پەیامە بگەیەنێت کە فیلمەکە دەیخواست بیگەیەنێت؟

**وەڵام**: نەخێر، ناتوانێت. بیرۆکەکەم کردە کتێب، چونکە هیچ هەڵبژاردەیەکی ترم نەبوو. کتێبێکی ئینفۆگرافییە کە دەمویست بە زمانەکانی ئەڵمانی، ئینگلیزی و کوردی بڵاو بکرێتەوە. لە دوو رێگەوە سوودمەندە: یەکەم، گەشتێکە بە مێژووی تورکیادا، کە دەمەوێت پیشانی بدەم چی لەو وڵاتەدا گۆڕاوە لە ڕووی ئازادیی تاکەوە. دووەم، ئەو کاتەی گونەی تیایدا

دەژیا لە تورکیا هەر وەک ئێستا وایە. مێژوویەکە خۆی دووبارە دەکاتەوە.

**پرسیار**: چۆن بڕیارت دا بێیت بۆ دیداری کتێبی نێودەوڵەتیی فڕانکفۆرت؟


**وەڵام**: بیستم دیدارێک هەیە کە بەشی کوردییشی تیادا دەبێت. هاتم تا بەدوای ئینستیتوتێکی کوردیدا بگەڕێم تا ئەم کتێبە مێژووییە بڵاو بکاتەوە دەربارەی بەشێکی ونبوو لە مێژووی سینەمای کوردی.

**پرسیار**: هیچ یەک لە بڵاوکەرەوە کوردییەکانت بینی؟

**وەڵام**: بە داخەوە، بینیم بەشی کوردی هەژار و چۆڵە. قسەم لەگەڵدا کردن دەربارەی بەشداریکردنیان لە دیدارەکەدا، گوتیان کە نەیانتوانیوە زیاتر ئیش بکەن لە دیدارەکەدا بە هۆی قەیرانی دارایی لە کوردستاندا. هیچ دەزگایەکی کوردی نەبوو کە کتێبەکە وەربگێڕێت و بڵاو بکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دیدی من - ڕێکەوتی: ساڵی ٢٠١٦

# پەڕاوی گونەی: چاوپێکەوتنێک لەگەڵ یەڵماز گونەی



ئیلوستڕەیشن: سابات عەباس

**ئەم پەڕاوە، لە چوارچێوەی ئیڤێنتی دەرهێنەرێک لە زیندانەوەدایە، کە بە هاوبەشی لە لایەن ماڵپەری کلتووریی دیدی من، ڕێکخراوی کلتووریی کەشکۆڵ و سینەما سالم ڕێک خراوە**

**لە ئینگلیزییەوە :پشتیوان کەمال**


**گۆڤاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کانوونی دووەمی ١٩٨٢**

**پرسیار**: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواوە، چۆن فیلمەکانت هەڵدەسەنگێنیت؟ مێگەل و ڕێگە...

**وەڵام**: لە تەواوی ژیانمدا وەک خولقێنەرێک، دەبوو مانای ناڕاستەوخۆ بەکار بهێنم بۆ دەربڕینی بیرکردنەوەکانم، دەبێت دان بەوەدا بنێم تا ئەمڕۆش کارەکانم هەرگیز ئەوەیان دەرنەبڕیووە کە ویستوومە دەریان ببڕم، هەم لە ڕووی ستایل و هەم لە ڕووی ڕۆحی کارکردنەوە. تۆخمی سەرەکی لەو کارانەدا بریتییە لە چارەسەرکردن.

مێگەل لەڕاستیدا مێژووی کوردە، بەڵام تەنانەت ناتوانم زمانی کوردییش بەکار بهێنم لەو فیلمەدا؛ ئەگەر زمانی کوردیمان بەکار بهێنایە، هەموو ئەوانەی لەو فیلمەدا بەشدارییان کردبوو دەگیران و دەخرانە زیندان.

لە فیلمی ڕێگەدا، فۆکسەکە زیاتر لەسەر دیاربەکر، ئورفا و سیرت بوو. هەوڵم دا ئەتمۆسفێرێکی کوردی دروست بکەم بە بەکارهێنانی موزیک. بەڵام هەرچەندە فیلمەکە لە ئەورووپا مۆنتاژ کرا، بەڵام سەرکەوتوو نەبووم لەوەی هەمووی بکەمە کوردی.



**پرسیار**: کەی بۆت دەرکەوت تۆ کوردیت؟


**وەڵام**: من دەبێت بڵێم لە کورددا تواومەتەوە. دایکم کورد بوو، باوکیشم کوردێکی زازا. لە هەموو تەمەنی منداڵیمدا، کوردی و زازا ئەو زمانە بوو کە لە ماڵەوە قسەی پێ دەکرا. تا تەمەنی پازدەساڵی بە زمانی کوردی قسەم دەکرد. پاشان لە خێزانەکەم دابڕام.

لەو کاتەدا گوتارم دەبیست دەیانگوت: "هیچ کوردێک بوونی نییە؛ زمانی کوردی بوونی نییە." بەڵام گوێم لە خەڵکی دەبوو قسەیان دەکرد و گۆرانییان دەگوت بە زمانی کوردی، منیش ئەوەم دەبینی کە کوردەکان لەژێر هەلومەرجێکی زۆر قورسدا دەژین. باوکم خەڵکی سیڤەرەک بوو، بۆ یەکەم جار سیڤەرەکم بینی کاتێک شازدە ساڵ بووم. ئەوە ئەو کاتە بوو بە تەواوەتی درکم پێ کرد من کێم. لەوێ ئازاری خێزانێکی بێڕەگوڕیشەم بینی؛ باوکم گوتی: "تۆ لە ڕەگتەوە دەرهێنراویت."

لە تەمەنی سیوچارساڵیشدا، لە توانامدا بوو بڕۆم و شارۆچکەکەی دایکم ببینم، ماوچ، هۆزی جیبران. مێگەل چیرۆکی ئەو ڕووداوانەیە کە بەسەر ئەو هۆزەدا هاتووە.

**پرسیار**: بە هۆی ئەوەی کارەکتەرەکانی ناو فیلمەکانت کوردن و بابەتەکەشت کوردستانە، چۆن لە تواناتدا بوو بڕۆی بۆ وێنەگرتن لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆت؟

**وەڵام**: بەو جۆرە ئێمە ڕووبەڕووی قورسییەکان دەبووینەوە: ئێمە لە دیواردا تەنها یەک ئەکتەری پرۆفیشناڵمان هەبوو، تونجەڵ کورتز (ئەو کەسەی ڕۆڵی باوکی دەبینی لە فیلمی مێگەلدا). هەموو ئەوانەی تر کەسانی نەشارەزا بوون، زۆرینەیان هەرگیز پێشتر ڕۆڵیان نەگێڕابوو. ئەوە شتێکی ئەستەمە ئەکتەری شارەزا بگاتە دەستت لە تورکیاوە، تەنانەت ئەوانەشی کە لە ئەورووپان ناوێرن لەگەڵمدا کار بکەن، تەنانەت ڕەتی دەکەنەوە قسەشم لەگەڵ بکەن.



**پرسیار**: ئەکتەرە تورکەکان نایانەوێت لەگەڵ دەرهێنەرێک کار بکەن کە پاڵمێ دۆر و خەڵاتی ڤێنیسیای بردووەتەوە؟


**وەڵام**: ئەوانەی گۆرانیی ئازادی دەڵێن، کاتێک هەموو شت خامۆشە، دەخوازن لە کاتە قورسەکاندا خۆیان لە پشتی دەرگەکانەوە بشارنەوە. کامێرامانێکی تورکم لەگەڵ بوو، بەڵام تەکنیک کارەکان کەسانی شارەزا نەبوون. تەنانەت یەک کەسی تەکنیکیی شارەزام لەگەڵ نەبوو. تێمای سەرەکیی فیلمی داهاتوو باسی زیندان دەکات. بۆیە فیلمەکە خۆی باسی تاریکی، غەمگینی، هەموو ئەو شتانەشی کە دیمەنی سروشتین، دەکات.

**پرسیار**: بۆچی زیندانت هەڵبژارد؟

**وەڵام**: دوو هۆکار هەن: ئەو بابەتەیە کە لە ئێستادا تەواو گونجاوە بۆ هەلومەرجی تورکیای ئێستا. پاشان، هێشتا ئامادە نیم بۆ وێنەگرتن لە ئەورووپادا.

**پرسیار**: لە فیلمەکانی داهاتووتدا کوردستان چ گرنگییەکی دەبێت؟

**وەڵام**: کێشەی کورد کێشەیەکی زۆر قورسە. ڕۆژێک حەز دەکەم فیلمێک دروست بکەم چیرۆکی شەڕی ئەوان بگێڕمەوە بۆ لەدایکبوونیان، یاخود بۆ لەدایکبوونەوەیان. ئێستا، ئەوە کێشەیەکی زۆر قورسە. یەکێک پێویستە باسی ئەوە بکات کە کوردەکان چۆن جوێ بوونەتەوە و ڕوانینی جیاوازیشیان بۆ حاڵەتەکە باس بکات. قورسە بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیە بکەیت، بە ڕێگەیەکی ئاڕاستەکراو. مێژوو تەنها پڕ نییە لە سەرکەوتن، هەروەها شکست، هەڵە و تەفرەدانیشی تێدایە.



**ئیلوستڕەیشن: سابات عەباس**

**پرسیار**: تۆ باسی کێشە تەکنیکییەکانت کرد کە ڕووبەڕووت بووەتەوە، کە لە دەرەوەی وڵاتی خۆت وێنەت گرتووە؛ چۆن

دەتوانیت ئێستا شتێک دروست بکەیت و پیشانی بدەیت کە ڕەگت لە ناو تورکیادا بڕاوە؟ تۆ لەگەڵ خەڵکی خۆت ڕێک دەکەویت، لەگەڵ سروشتی وڵاتەکەشت، بەڵام فیلمەکانت لە لایەن هاونیشتیمانییەکانتەوە نابینرێت؛ چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر دەکەیت؟ ئایا لە دەرەوە نیشتەجێ دەبیت؟

**وەڵام**: بێگومان دەبێت ڕێگەیەک بدۆزینەوە کە ئەم فیلمە پیشانی خەڵکی خۆمان بدەین، بەڵام ناتوانم پێت بڵێم چۆن. بۆ پرسیاری دووەمیشت، پاش ئەم فیلمە دەربارەی زیندان نامەوێت فیلمێک دروست بکەم لەسەر کوردستان لە هەلومەرجی وادا.

**پرسیار**: کەواتە مانەوەت لە فەرەنسادا پشوویەکە لە کارەکەتدا؟

**وەڵام**: لە فەرەنسادا دەمێنمەوە بە ڕێگەدانێکی تایبەتەوە بۆ دروستکردنی ئەم فیلمە. من ڕێگەم پێ دراوە لە فەرەنسا بمێنمەوە تا کاتی دەرچوونی. پاش ئەوە، نازانم. نامەوێت باسی داهاتوو بکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دیدی من - ڕێکەوتی: ساڵی ٢٠١٦

## خوێندنەوەی فیلمی مێگەل، بەرهەمی یەڵماز گونەی

**كورد شاپ**

**دەرهێنەران: یەڵماز گونەی- زەكی ئۆكتێن**

**بەرهەمهێنەر: یەڵماز گونەی**

**نووسەر: یەڵماز گونەی**

**ئەكتەرەكان: هامۆ (تنجیل كۆرتێز)، شوان (تاریک ئاكان)، بریوان (مەلیک دەمیرە(**

**مۆسیقا: زولفی لیوانیلی، شوان پەروەر، مەلیک دەمیرە**

**كامێرامان (سینەماتوگرافەر): عێزەت ئاكای**

**مۆنتاژ: زەكی ئۆكتێن**

**ماوەی فیلم: ١٢٩ خولەک**

**زمان: توركی**

**ساڵی بڵاوكردنەوە: ١٩٧٨**

**خەڵاتی گرنگی نێودەوڵەتی: باشترین فیلمی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی پرتەقاڵی زێڕینی ئەنتالیا لە ساڵی ١٩٧٨**





سەرچاوە
Serchawe

## مێگەل

## بەختەوەری لە ئەنقەرە بوونی نییە

## ئاریێز مەنسوور نیا

## پێشەکی

مێگەل (SURU) یەکێ لە بەرهەمە سینەمایيە گرنگەکانی یڵماز گونەیە، کە بە ڕوونی بنەماڵەیەکی کورد لەگەڵ داب و نەریت و یاسا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیاندا نیشان دەدات. بەڵام بەهۆی فشاری سیاسی فیلمەکە لە زمانی کوردی بێبەش کراوە. گەرچی جوگرافیا و شوێنی فیلمەکە (شاخ و گوند و شارەکانی باکوری کوردستان)، لەگەڵ کولتوور و ڕێوڕەسمی خەڵک ئەوە نیشان دەدات کە چیرۆکی ئەو سەبارەت بە بنەماڵەیەکی کوردە.

فیلمی مێگەل کاریگەری فیلمی زارە ١٩٢٧ (ZARE) وەکوو فۆرمی گێڕانەوە و جوانیناسیی مۆنتاژی لە سەرە وهاوکات بە کەڵکوەرگرتن لە گێڕانەوەی سەفەر (ژانری جادەیی)، نیشاندانی شوێنگەلی جیاواز (شار و گوند) ، وێناکردنی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان، کاریگەریی لەسەر گرنگترین فیلمی یەڵماز گونەی، ڕێگا (١٩٨٢-YOL) داناوە. مێگەل دوای فیلمی زارە لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی سینەمای کوردییە کە هە وڵ دە دات بە تیشک خستنە سەرِ بنەماڵەیەکی کورد، کێشەکانیان بە شیکارییەکی مێژوویی لە چوارچێوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا نیشان بدات.



## کورتەیەک

هامۆ، سەرۆکی هۆزی ویسکانە و بۆ فرۆشتنی مەڕەکانی لە ئەنقەرە عەشیرەتەکەی بەجێدەهێڵێت. لەم سەفەرەدا کوڕەکانی بە تایبەت سەیوان و بێریوان بووکەکەی کە بە سەختی نەخۆشە، بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکە و بەدیهێنانی ژیانێکی باشتر لە ئەنقەرە، هاوڕێیەتیی دەکەن. سەفەرێکی دوور و سەخت بە شەمەندەفەر لە کوردستانەوە بۆ ئەنقەرە دەست پێ دەکات. سەفەری پڕ لە مەترسی کە دەبێ لەگەڵ گەیشتن بە ئەنقەرە ئازارەکانیان کۆتایی بێت. بەڵام ئەنقەرە بە پێچەوانەی خەیاڵەوە نەک هەر بەختەوەری ناهێنێت، بەڵکو وێرانکارییش چڕتر دەکاتەوە.

## شیکاری

یەڵماز گونەی مێگەل وەکوو چەکی دژ بە فاشیزمی تورکیا بەکار دەهێنێت. ئەو بە تێکدانی پێکهاتەی وێنەی پێوەری فاشیزم، بەنیازە وێنەیەکی جیاواز و نوێ نەک تەنیا لە کوردستان، بەڵکوو لە هەموو تورکیا نیشان بدات. دەیەوێت زۆرترین وێنەی قەدەغەکراو پیشانی بینەران بدات تا بتوانن لەوە تێبگەن کە کۆمەڵگا چۆن کەوتووەتە ژێر ئالای فاشیزمەوە. بۆ ئەم مەبەستەش وەک فیلمی (زارە)، وێنە ی ڕاستە قینە و دیکۆمێنتاریی خە ڵکی کوردستان لە پێکهاتەیەکی پیاوسالاری و کۆنەپەرستانەدا نیشان دەدرێت. دواتر فە زای سیاسیی داخراو و توندوتیژی لە کۆمەڵگای تورکیا نیشان دەدرێت. گونەی بە وێنەی ڕەخنەگرانە و سیستەمیکی نوێ لە وێنەکان ڕێکدەخات.



گونەی لە سێ شوێنی سەرەکیی فیلمەکەدا (کوردستان، شەمەندەفەر، ئەنقەرە) کۆمەڵگا دەخاتە ژێر پرسیارەوە و بە پیشاندانی ڕەخنەگرانە پرسیاریان لێ دەکات. ئەو ڕاشکاوانە دژ بە نەریتە کۆنەکانی کوردستان دەوەستێتەوە.

عەشیرەتی ویسکان بە سەرکردایەتیی هامۆ لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە بژێوی ژیانیان لەسەر بنەمای ئاژەڵدارییە. لەم کۆمەڵگایەدا، پیاوسالاری، خورافات، توندوتیژی دژی ژنان و منداڵان، کۆنەپەرستی و فەزای داخراوی کۆمەڵایەتی هەیە.

بەڵام ئەم کۆمەڵگایە لە گۆڕاندایە، تراکتۆر زەویيە کشتوکاڵییەکان دەکێڵێت. مۆدێرنیزم خەریکە نەریتەکان دەدڕێنێت و کۆتایی بە قۆناغێکی مێژوویی دەهێنێ. هامۆ وەک نوێنەری کۆنەپەرستی بە ڕەشبینییەوە سەیری ئەو کارە دەکات. گونەی چۆن سەیری ئەم بابەتە دەکات؟ ئایا دڵخۆشە بەم دابەزینە و داڕمانی قۆناغی مێژووییە؟ پێش هەموو شتێک، ئەو لەگەڵ شێوازی بەرهەمهێنانی ئاژەڵدارییدا نییە، بەڵام لەگەڵ سەرمایەداریشدا ناکۆکە. دەرهێنەری مێگەل بە کەڵک وەرگرتن لە گێڕانەوەی سەفەر لە شاخ و شارەکانی کوردستانەوە بۆ ئەنقەرە، ئەم گۆڕانکارییە مێژووییە نیشان دەدات. تێپەڕین لە نەریتەوە بۆ مۆدێرنیتە، ئەوەی شوان پێی دەڵێ ڕێگای بەختەوەری....



گونەی بەم گێڕانەوەیە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساوە تا ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسییە جیاوازەکان لە تورکیادا نیشان بدات. وەک مامۆستایەکی کۆمەڵایەتی، هەوڵی وێناکردن و گێڕانەوەی ئەو کەسانە دەدات کە لە وێنە و سیاسەتی دەسەڵات دوور خراونەتەوە. هاووڵاتیانی ئاسایی کە بە شێوەیەکی ئاسایی ناژین، هەژار و ژێردەستن و تووشی دزی و لەشفرۆشی بوون. بە هەمان شێوە کە گەندەڵیی فەرمانبەرانی حکومەت نیشانی دەدات. گونەی پێی وایە ئەخلاق بەرەو دابەزین دەڕوات و هەموو ئەمانە بە بەرهەمی ئەو سیستەمە دەزانێت کە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە بۆیە دەست دەخاتە سەر گەندەڵی و دیکتاتۆریەتی حکومەت. دەسەڵاتێک کە چالاکوان و تێکۆشەرانی سیاسی و ئازادیخواز تیرۆر و زیندانی دەکات. لای ئەو، شەمەندەفەر شوێنێکە بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگایەک کە لە پەراوێزدایە. ئەو بە مۆنتاژی وێنەی دۆکیۆمێنتاریی شار و گوند و ڕووخساری خەڵکی هەژار دەگاتە ئامانجەکەی. سەفەرێکی سەخت و پڕ لە ڕووداو کۆتایی دێت. ئایا ئازارەکان بە کۆتایی سەفەر کۆتایی دێت؟ ئایا لێرەدا خەونەکانی شوان دێنە دی؟ ئایا بێریوان چاک دەبێتەوە؟



چۆن بیر لە ئەنقەرە دەکەینەوە؟ پایتەختی تورکیا، سەروەت و سامان و ئاوەدانی و مۆدێرنیتە !!! یان وێنەیەکی تر هەیە و ئێمە ئاگاداری نین. ئەو واقیعە چییە کە لە ئەنقەرە چاوەڕێمان دەکات؟ لە قۆناغی یەکەمدا، ئەنقەرە شارێکی سەرنجڕاکێشە و پڕ لە بانک و بینای گەورەی بازرگانی و ئیدارییە. خەڵک بە جلوبەرگی مۆدێرن و شەقامی قەرەباڵغ و پاک و خاوێن لە ژێر سێبەری پەیکەری گەورەی مستەفا کەمال پاشا (ئاتا تورک) دەبینین. لە هەمان کاتتدا مەڕەکانی هامۆ یاسا و ڕێسای شەقامەکانی پایتەختیان تێکداوە. بە جۆرێک بێمانا بوونی پێکهاتەی سیاسیی حکوومەت ئاشکرا دەکات. بە نیشاندانی ژیانی کرێکاران، پەراوێزخراوەکان، چەوساوەکان و کۆچبەران لە پەراوێزی شار، ئێمە تێدەگەین کە ئەنقەرە جگە لەوەی جوان و سەرنجڕاکێشە دەتوانێت دڕندە و پڕ لە ململانێی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت. لەم دۆخەدا شوان جگە لە پەڕاوێزی شار و باڵەخانەیەکی نیوە تەواو، هیچ شوێنێکی بۆ مانەوە لە ئەنقەرە نییە. کۆشکی ئاوات و خەونەکانی ئێستا شوقەیەکی هەژارانە و بچووکە. ناتوانێ بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی کارێک بدۆزێتەوە و نەخۆشی ژنەکەی چارەسەر ناکرێ. دژایەتیی شار و ململانێی چینایەتی زاڵە بەسەریدا و ژیانی لێ دەسەنێتەوە. ئەمە دەتوانێت گێڕانەوەی زۆرێک لە کۆچبەران بێت کە لە گوندەوە بۆ شار بە هیوای گۆڕانکاری و گۆڕینی ژیان دێن. کارگەی خەون و خەیاڵی شوان دەڕوخێت. بێریوان لە ژوورێکی سارد، لە ماڵێکی بێ دەرگا و پەنجەرە، بە بێدەنگییەکی کوشندە، کە لە سەرەتای فیلمەکەوە تا کۆتایی هەبووە، کۆچی دوایی دەکات. بێدەنگی و نەخۆشیی بێریوان نیشانەی زوڵم و مەینەتییە کە بەسەر ژنان و دایکانی کوردستاندا سەپێنراوە.



هـامۆ بە تێـپەڕین لە شـاخەوە بـۆ شـار، بە جۆرێـک ناسـنامەی خـۆی لەدەسـت دەدات و بنەمـاڵە و تەواوی سیسـتەمی کۆمەڵایەتییەکەی دەڕووخێت. ئەمە تایبەتمەندیی جیهانی نوێ و بۆرژوازییە هەر شتێک سەخت و بەهێز بێت دەبێتە دووکەڵ و دەچێتە هەوا، تەنانەت خودی بۆرژوازییش. گونەی پێی وایە ناتوانرێت بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژانی ئـارامی ڕابـردوو، گۆڕانی قۆناغەکانی مێژووش مرۆڤ و دەوروبەریشی دەگۆڕێت. کەواتە تێڕوانینێکی نوێ بۆ جیهان و داهـاتوو پێویسـتە و بنەمـاڵە ی هامۆیش لەم بارودۆخە پڕ لە گۆڕانکاری نیشان دەدات.

---------------------------------

- فیلمەکە لە ژێر بارودۆخێکی زۆر سەختدا وێنە گیراوە: تەنها پێش کودەتـای سەربازی سـاڵی ١٩٨٠ لە کاتێکدا گونەی لە زیندان بوو دروست کراوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش زەکی ئۆکتێن بە ڕێنمایی یەڵماز گونەی سیناریۆکە دەکاتە فیلم.

- گونەی لە وتووێژێک لە لەگەڵ (کریس کوچرا) وتوویەتی ئەم فیلمە لە ڕاستیدا بەسەرهاتی خەڵکی کوردە لە تورکیـادا، بەڵام چون کوردی قەدەغە بوو نەماندەتوانی بە کوردی دروستی بکەین. گەر وامان بکردایە هەموومان دەخراینە زیندان.

٢٤ی ئازار

https:// https://kurdshop.net/ku/arts/4638/ku/arts/4638

## پەڕاوی گونەی: یەشیم ئوستائۆغلۆو دەربارەی یەڵماز گونەی دەدوێت



یەشیم ئۆستائۆغلو

**ئەم پەڕاوە، لە چوارچێوەی ئیڤێنتی دەرهێنەرێک لە زیندانەوەدایە، کە بە هاوبەشی لە لایەن ماڵپەری کلتووریی دیدی من، ڕێکخراوی کلتووریی کەشکۆڵ و سینەما سالم ڕێک خراوە**

**یەشیم ئوستائۆغلۆو لە چاوپێکەوتنێکدا لەبارەی یەڵماز گونەیەوە دەڵێت:** "پاش گونەی، هیچ فیلمێکی باش نابینم، بەلایەنی کەمەوە ئەو فیلمانەی من ئاگەداریانم." پێی وایە کە تەوژمێکی نوێی فیلمسازان بوونی نییە لە تورکیادا. ئەو دەڵێت کە فیلمەکان و کەسایەتیی گونەی بۆ ئەو زۆر گرنگە. "هەمیشە حەزم لە کارەکانی گونەی بووە. گونەی کەسایەتی بوو، کەسایەتیی گرنگ، پێم وایە زۆر گرنگە لە هونەردا خۆت بیت. مرۆڤدۆستییەکی زۆری هەبوو؛ بەڕاستی هونەرمەند بوو. شوێن و خەڵکەکەی خۆی دەناسی".



یەڵماز گونەی و کارەکتەری فیلمەکانی – ئیلوسترەیشن: سابات عەباس

ئەو پێی وایە سینەمای گونەی سینەمایەکی سیاسی نییە، بەڵکو "کاتێک خەڵکی لە ژیانی واقیعدا دەبینیت، لەگەڵ ئەو بەریەککەوتن و دژوەستانەوانەی خەڵک، خێرا دەچیتە سەروو سیاسەتەوە." فیلمەکانی گونەی سیاسی نین. ژیان خۆی سیاسییە. کردەوەکانی مرۆڤ سیاسین. گونەییش دەیەوێت فیلم لەبارەی ژیانەوە دروست بکات، لەبارەی ئەوانەی لە ژیاندان و هەناسە دەدەن.



ئیلوسترەیشن: سابات عەباس

سینەمای تورکی بە یەڵماز گونەی دەستی پێ کرد و بە یەڵماز گونەی کۆتایی هات (تەنانەت دەکرێت بڵێین بە فیلمی ڕێگە، کۆتایی هاتووە). تورکیا هەر لە سەرەتای دروستبوونی سینەماوە فیلمیان بەرهەم هێناوە و کەسایەتیی گرنگیان بەرهەم هێناوە، فیلمسازەکانیان بە وڵاتەکانی جیهاندا گەشتیان کردووە تاوەکو کاری سینەمایی بکەن، لەوانە ئەکتەری شانۆیی موحسین ئیرتوگروڵ، کە سەفەری یەکێتیی سۆڤیێتی کردووە لە ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا و لە ساڵی ١٩٣١دا یەکەمین فیلمی درێژی دەنگیی خۆی بەرهەم هێناوە و لە ساڵی ١٩٥٣شدا یەکەمین فیلمی ڕەنگیی خۆی بەرهەم هێناوە. سینەمای تورکی هەمیشە سینەمایەکی بازاڕی بووە و بە تەواوی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی شانۆوە. ئەو کاتەی گونەی دێتە جیهانی سینەمای تورکیاوە، زۆر پێش دروستکردنی فیلمی ڕێگە، کەسێکی بەناوبانگ بووە و بە پاشای ناحەز ناوی دەرکردووە.



دیمەنێک لە فیلمی ڕێگەی یەڵماز گونەی

ئایا گونەی وەک دەرهێنەرێک و سیناریستێک چیی بە سینەمای تورکیا بەخشیوە لە شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا؟ لەڕاستیدا ئەو هیچ داهێنانێکی لە تێمای فیلمەکانیدا نەکردووە، بەڵام جیا لە دەرهێنەر و فیلمسازەکانی تر، کە زۆرینەیان لە ئیستەنبووڵ و شارە گەورەکانی تردا لەدایک ببوون، گونەی لە شارۆچکەیەکی دوورەدەستی ئەناتۆڵیادا لەدایک ببوو و هەژاریی ئەو ناوچەیەی چەشتبوو. جیا لەوەش، گونەی وەک کوردێک هەمیشە چەوساندنەوەی ئەو کەمەنەتەوەیەی بە چاوەکانی خۆی دیوە و لە خەیاڵیدا ماوەتەوە. گونەی لە زەمەنێکی زۆر کورتدا ژیاوە و فیلمی دروست کردووە: لە ساڵی ١٩٧٤ەوە لە زیندانەوە فیلم دروست دەکات بە هاوەڵیی هاوڕێکانی، لەوانەش شەریف گورێن و زەکی ئۆکتان. لە پاش مردنی گونەییش، ئەم ڕێبازە بەردەوامیی پێ درا و فیلمی باشتر دروست کرا.

خوێندنەوەی کتێب هەمیشە یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ دروستکردنی فیلمی باشتر، هەمیشە ئەدەب شتی زیاتری بە سینەما داوە. کاتێک بابەتێکی ئەدەبی دەکرێتە فیلمێک، دەکرێت وەک شتێکی ئاسایی ببینین، بێ ئەوەی بیر لە تێکستە ئەدەبییەکە بکەینەوە، چونکە ئەوانە دوو بابەتی جیاوازن. دەکرێت فیلم کاریگەریی بەسەر فیلمەکانی ترەوە هەبێت، بۆ نموونە فیلمی مێگەلی یەڵماز گونەی، زۆر شتی لە چیرۆکدا لەگەڵ فیلمی ڕووباری سووری هاوک (١٩٤٨) بەش کردووە.




دیمەنێک لە فیلمی دیواری یەڵماز گونەی

زۆر فیلم هەن لە مێژووی سینەمای تورکیادا باسیان لە مەسەلەی کورد کردووە، بەڵام دەکرێت فیلمی ڕێگە بە فیلمی دەستپێک دابنێین لەو مەسەلەیەدا. دواتریش کۆمەڵێک دەرهێنەری تر دێن و مەسەلەی کورد دەکەنە بابەتێکی سەرەکیی فیلمەکانیان. یەشیم ئۆستائۆغلو لە فیلمی گەشتێک ڕووە و خۆر، بە شێوەیەکی زۆر جیاواز باس لە کێشەی کورد دەکات. ئەو هەرگیز شێوە کلاسیکییەکە بۆ باسکردنی کێشەی کورد لە فیلمەکەیدا ناخاتە ڕوو، ئێمە هێزی سەربازی و شۆڕشگێڕ نابینین. ئەو حاڵەتەی ئەو وڵاتە تیایدا دەژی، لە ڕێگەی کوڕێکی لادێی تورکیاوە دەبینین. یەشیم زۆر ئازایانە مەسەلەی لەناوبردنی کوردان لە فیلمەکەیدا باس دەکات. ساڵی ١٩٩٦یش فیلمێکی تری بە ناوی با ڕووناکی هەبێت، کە باسی شەڕی پەکەکە و هێزە سەربازییەکانی تورکیا دەکات لە شاخە بەفراوییەکانی تورکیادا، دروست کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دیدی من - ڕێکەوتی: ساڵی ٢٠١٦

## داشقەی دار



یەڵماز گونەی

له توركيەوە؛ سەلاحەدین بایەزیدی

منالێ بەدەم گریانەوە گەڕایەوە ماڵێ.

باوکی گووتی: «بۆچی دەگری کوڕە جوانەکەم؟»

منالەکە گووتی:

«ئەکرەم داشقەی داری هەیە، بەڵام سوارم ناکا. منیش داشقەم دەوێ.»

باوکە گووتی:

«ئێوە ئاواڵی یەکترین، داشقەیەک بەشتان ناکا؟»

مناڵەکە گووتی:

«ئەکرەم قەت من سوار ناکا. هەر ئەو سوار دەبێ و منیش رایدەکێشم. دەڵێ ئەتۆ ئەسپی داشقەکەمی. دەڵێ ئەو داشقەیە ئی منە، ئەتۆ ئەسپی داشقەکەمی» .

«جاران تۆ و ئەکەرەم نێوانتان خۆش بوو.. باشترین ئاواڵ بوون، یەکتریشتان زۆر خۆش دەویست... بۆ وای لێهات؟» مناڵەکە فرمێسکەکانی سڕینەوە و گووتی:

«باوکی ئەکرەم داشقەی داری بۆ دروست کردوە! پێش ئەو داشقەیە نێوانمان خۆش بوو، زۆریش خۆش بوو. ئەسپی قامیشمان هەبوو و بەردەوام بە یەکەوە قومارمان دەکرد. دوایی باوکی ئەکرەم، داشقەیەکی داری بۆ ئەکرەم دروست کرد. لەو رۆژەوە گۆڕاوە. قەت سواری داشقەکەم ناکا و هەر دەبێ داشقەکەی رابکێشم... زۆر جار پێشم راناکێشێ، مناڵی دیکە رایدەکێشن...»

«دەی ئەوان رایکێشن باشترە.. تۆ رایناکێشی.»

«ئەگە من راینەکێشم، منداڵەکانی دیکە رایدەکێشن. پێی دەڵێم ئەکرەم با هەندێکیش ئەمن سوار بم، تۆ رایکێشە، دوایی تۆ سوار بە و من رایدەکێشم. دەڵێ نابێ. دەڵێ هەموو مناڵەکان پێیان خۆشە داشقەکەم رابکێشن. زۆری شایی بە داشقەکەیەتی. ئێستا بابی بۆیاغیشی بۆ کڕیوە و داشقەکەی بۆ رەنگ دەکا. رەنگی شین و کەسکی لێدەدا.»

«بە مناڵەکان بڵێ با ئەوانیش راینەکێشن... یەک بگرن، قسەتان بکەنە یەک، بە ریز سوار بن و بە ریز رایکێشن.»

«گوێ لە قسەی من ناگرن خۆ.. هەموویان بە دووی ئەکرەم دا غار دەدەن. لە سەر راکێشانی داشقەکە خەریکە یەکتری بخۆن. بە ئەکرەمم گوتوە ئەمنیش سوار کە، من ئاواڵێ تۆم. پێم گوتوە تۆش کەمێکی راکێشە. دەڵێ نا. نە من سوار دەکا و نە مناڵەکانی دی.»

باوکە بیری کردەوە. گووتی:

«وا دیارە ئەو داشقەیە کەوتە نێوان تۆ و ئەکرەم و ئەکرەمی گۆڕی. ئەگەر ئەو داشقەیە ئی ئەکرەم نەبوایە و ئی تۆ



سەرچاوە Serchawe

بوایە، یانی ئەگەر ئەکرەم داشقەی نەبوایە و من داشقەیەکەم بۆ ساز بکردایەی، تۆ ئەو کارانەت دەکرد کە ئەکرەم ئێستا دەیانکا.. سواری داشقەکە دەبووی، مناڵەکانت وە دووی خۆت دەدا و شاییت بە خۆ دەبوو و ...»

«ئەمن وام نەدەکرد.. هەموو مناڵەکانم بە ریز سوار دەکرد.»

باوکە پێکەنی و گوتی:

«باشە کوڕم. منیش داشقەیەکی دارت بۆ دروست دەکەم.»

مناڵەکە شاگەشکە بوو و گووتی:

«با لە داشقەکەی ئەکرەم جوانتر بێ، رەنگەکەشی سوور بێ.»

باوکە یەکسەر خەریکی دروست کردنی داشقەی دار بوو.

مناڵەکە دڵخۆش بوو.

چاوەڕێ بوو داشقەکە تەواو بێ.

کاتێک داشقەکە تەواو بوو، مناڵەکە بە پێکەنینەوە هەمبێزی بە باوکی داکرد و لە دڵەوە ماچی کرد.

باوک چاوی لە کوڕەکەی دەکرد کە بە پۆلی مناڵانەوە پەیوەست بوو.

مناڵێک، داشقەکەی ئەکرەمی رادەکێشا.

مناڵانی دیکەی گەڕەک، کە کوڕەکەیان بینی داشقەیەکی تازەی پێیە و نزیک دەبێتەوە، خێرا تێی هاڵان...

مناڵەکە گووتی: «داشقەی خۆمە. بابم بۆی دروست کردووم. سبەینێش رەنگی سووری لێدەدا.»

یەکێک لە مناڵەکان ویستی سواری داشقەکەی بێ. مناڵەکە بە توڕەییەوە پاڵی پێوە نا و قیژاندی:

«داشقەی خۆمە.»

کەمێک دواتر، بە فیزەوە داشقەکەی دامەزراند.

مناڵەکە قەڵسەی لە ئەکرەم دەگیرا، بێ ئەوەی لێی دوور کەوێتەوە، داشقەکەی بە یەکە یەکەی مناڵەکان رادەکێشا.

ئەکرەم گووتی:

«داشقەی من لە ئی تۆ باشترە.»

مناڵەکە گووتی: «نەخێر. داشقەی من باشترە.»

ئەکرەم گووتی: «با کێبڕکێ بکەین.»

مناڵەکە بە تانەوە گووتی: «باشە.»

لە نێو دەستەی مناڵان دا دوو ئەسپیان هەڵبژارد.

باوکە پێکەنینێکی تاڵ لە سەر لێوانی نیشت.

ژنەکەی پێی سەیر بوو کە بینی لە خۆیەوە پێدەکەنێ، لێی پرسی:

«خێرە. بە چی پێدەکەنی؟»

پیاوەکە گووتی: «پێکەنینم بە داشقە دێ.»

ژنەکە سەری بۆ لای مناڵەکان وەرسووڕاند.

داشقەی ئەکرەم و کوڕەکەی لە تەنیشت یەک، چاوەڕێی دەست پێکردنی کێبڕکێ بوون. مناڵێک ژمارەکانی دەبژارد:

«یەک... دوو... سێ.»

ژمارەی سێی گوتبوو و نەگوتبوو، دوو داشقەکە وە رێ کەوتن.

ئەکرەم و مناڵەکە، دەستیان رادەوەشاند وەک بڵێی بە قەمچی لە ئەسپەکانیان دەدەن و بە جۆش و خرۆشەوە دەیانگوڕاند: «دەی.. دەی..»

مناڵەکانی دیکەش بە کەیفەوە بە دووی داشقەکان دا هەڵدەهاتن. مندالێک کەوتبوو و لە پشت هەموویانەوە دەگریا.


١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

https://ezmun.wordpress.com/



سەرچاوە
Serchawe

## یەڵماز گۆنای... ٤٧ ساڵ ژیا، ١١ ساڵی تەمەنی لە زیندان بردەسەر



**هەردی محەمەد**

یەڵماز گۆنای ناوی تەواوی (یەڵماز حەمید ئۆغڵۆ بیوتون)ە دەرهێنەرو ئەكتەرو نوسەری كورد، یەكێكە لەسینەماكارە بەناوبانگەكانی كوردستانو توركیا.

لەڕۆژی ١ی نیسانی ١٩٣٧ لە گوندی ئینجە سەر بەشاری ئەدەنە لەباوكو دایكێكی كورد، لەدایكبوە. ساڵی ١٩٥٧ وەك یاریدەدەری دەرهێنەر لەفیلمی (مناڵانی ئەم نیشتمانە) دەستیكرد بەكاری هونەری سینەما. لەكاروانی هونەری خۆیدا ١٧ خەڵاتی سینەمایی نێونەتەوەیی بەدەستهێناوە كەبەناوبانگترینیان وەرگرتنی خەڵاتی چڵەخورمای ئاڵتونی فێستیڤاڵی سینەمایی كان بو كە ساڵی ١٩٨٢ بەرامبەر فیلمی (ڕێگا) پێیبەخشرا، فیلمەكە باس لەژیانی سەختی كوردەكان دەكات لەباكوری كوردستانو نیوەی فیلمەكەشی لەزیندان بەرهەمهێنا.

گۆنای بەهۆی هەڵوێستە سیاسییەكانیەوە چەندینجار زیندانی كراوەو زۆرێك لەفیلمەكانیشی لەنێو زیندان نوسیوەو دەرهێناوەو لەكاتی سەردانیكردنی هاوڕێكانی بۆ زیندان ڕێنمایی دەكردن لەسەر شێوەی دەرهێنانی فیلمەكان. ساڵی ١٩٨١لەزیندان هەڵهاتوەو ڕویكردە وڵاتی فەڕەنساو لە ٩ی سێپتەمبەری ١٩٨٤ لەپاریس كۆچی دوایی كرد.

یەڵماز گۆنای ٤٧ ساڵ ژیا، ١١ساڵی تەمەنی لە زیندان بردەسەر، ماوەیەکی زۆریش لەتاراوگەو دەربەدەری. قەدەر کاتێکی کەمی پێبەخشی بۆ داهێنان، لەگەڵ ئەوەشدا ٥٣ سیناریۆی فیلمی نوسیو لە١١٠ فیلمدا نواندنی کردو ١٧فیلمیشی دەرهێناو ٤ڕۆمانو سەدان چیرۆکی بڵاوکردەوە.

بەهۆی ئەو گرژیو ململانێیە ناوخۆییانەی تورکیا ڕوداوەکان کاریگەری زۆری لەسەر جێهێشتو لە بەرهەمە سینەماییو ئەدەبییەکانیدا ڕەنگیدایەوە.

گۆنای لەگەڵ ئەوەی دەیتوانی ژیانێکی ئاسایی بژی، بەڵام وەک نوسەرو سینەماکارێک دژ بە هێزە دواکەوتو و ستەمکارەکان خەباتی کرد،

لەوڵاتی فەرەنسا دواهەمین خەونی بەدیهێنا کە ماوەیەکی زۆر خەونی پێوەدەبینیو فیلمی (دیوار)ی دەرهێنا، لەگەڵ ئەوەی دیمەنەکانی ئەم فیلمە لە فەرەنسا وێنەی گیراوە بەڵام توانیبوی دۆخی ئەو کاتەی نێوخۆی تورکیا بەرجەستەبکات. گۆنای پڕاو پڕ بو لە هەڵوێستی مرۆییو نیشتیمانیو ئەم بەسەرهاتەی ژیانی خۆشی باشترین شاهیدە:"ئەو دەمەی لەتورکیا دەمخوێند مامۆستایەکمان هەبو دەیزانی من کوردم ئەگەر بمزانیبایەو نەمزانیبا هەر لێی دەدام, ئەوە بو خوێندنم تەواوکرد. بیستم ئەم مامۆستایەم توشی شێرپەنجە بوە, داهاتی فیلمێکی خۆمم دایە بۆ ئەوەی چارەسەری نەخۆشیەکەی پێ بکات, هاوڕێکانم سەرکۆنەیان دەکردمو دەیانگوت ئاخر بۆ؟وتم: نەمەسەلە ویژدانەو نەئینسانیەت, تەنها ویستم بزانێت کورد دێوەزمەنینو دەتوانن لێبوردەبن."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاک - ڕێکەوتی: ٢٨ی ئاگۆستی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## یەڵماز گۆنای؛ باوکی سینەمای کوردی



**هەڵگورد سەمەد**

### دەستپێکی کاری هونەری

سەرەتای کاری هونەر ئەوکاتە بوو کە تەمەنی تەنیا ٢١ ساڵ بووە، وەکوو ئەکتەر لە چەندین فیلمی تورکی ڕۆڵی سەرەکی هەبوو. ئەمە بووە سەرەتای ناساندنی یەڵماز گۆنای بە کۆمەڵگە و بەناوبانگ بوونی.


لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردوو دەست دەکات بە کاری دەرهێنان، لەو فیلمانەی دەریهێناون زۆرتر کار لەسەر ژیانی خەڵکی گوند دەکات نەک شار. ئەو ڕووی کامێراکانی لە چەقی شارەکانەوە بەرەو گوندەکان وەرگێڕا و زوومی کامێراکەی خستە سەر ژیانی ڕۆژانەی هەژارە تەپوتۆزاوییەکانی باکووری کوردستان.

### یەڵماز گۆنای و پاڵەوان؛

چیتر پاڵەوانەکان قات و کراوات لەبەرەکان نین. ئەو دێت پاڵەوانە شیکەکان تێک دەشکێنێت! لە فیلمەکانی یەڵمازدا

پاڵەوانەکانی یەڵماز خەڵکانی گوندن. پاڵەوانەکانی ئەو، پاڵەوانە ڕاستەقینەکانی ژیانن. ئەوەش یەکانگیر بوو لەگەڵ ئایدیای چەپی یەڵماز کە پێی ناسرابوو. بۆیە بە تەواوی مێژووی سینەمای لە تورکیادا گۆڕی.

زۆرتر کاری لەسەر چینە کۆمەڵایەتییەکان و پێکدادانی چینایەتی دەکرد. باسی لەو کێشانە دەکرد کە سەرمایەداری بۆ جوتیاران و گوندییەکانی دروست کردووە، ئەو فشارەی بەهۆی ئەو سیستمەوە لەسەر ژیانیان دروست بووە. هەروەها باسی لە کێشەکانی خودی ئەو کۆمەڵگە دواکەوتووانە دەکرد کە زۆرتر لە گوندەکان نیشتەجێن. ئەوکات ژنکوژی و کێشەی هەژاری و چەوساندنەوە بۆ ئەو، بابەتە گرینگەکانی فیلمەکانی بوون. هەر ئەمە بوو وایکرد دواجار لە ساڵی ١٩٨٢ خەڵاتی چڵەخورمای زێڕینی فیستیڤاڵی سینەمایی کان لە وڵاتی فەڕەنسا بۆ فیلمی Yol (واتە ڕێگا) وەربگرێت. ساڵی دواتریش هەمان فیلم بە باشترین فیلمی بیانی لە فیستیڤاڵی سێزاری فەڕەنسی هەڵبژێردرا کە دوای کان لەسەر ئاساتی فەڕەنسادا گەورەترین و بەناوبانگترین فیستیڤاڵی سینەمایە.



**یەڵماز گۆنای** (١٩٣٧ - ١٩٨٤)

## چ جۆر سینەمایەک؟

سینەمای یەڵماز گۆنای دەکرێ بە سینەمایەکی ڕیالیستی تەماشا بکەین. هەرچەندە ناچێتە ناو چوارچێوەی دۆکیۆمێنتارییەوە، بەڵکو فیکشن و نواندنە، بەڵام زۆرتر لە دۆکیومێنتار نزیکە وەک لە فیکشن.

یەڵماز بە باوکی سینەمای کوردی ناسراوە. لە کاتی باسکردن لە سینەمای کوردی، یەکەم کەس کە باسی دەکرێت یەڵمازە. هەرچەندە فیلمەکانی بە زمانی تورکین، بەڵام ناوەڕۆکی فیلمەکانی کوردین. وەک خۆی گەلێک جاران ئاماژەی پیداوە، زۆر سوودی لە چیرۆک و کولتووری کورد وەرگرتووە و سیناریۆی فیلمەکانی لەسەر ئەوە دارشتووە.

ئەو شوێن دەستی لە سینەمای تورکیش یەکجار بەرچاوە. بەشداری زیاتر لە ١٠٧ فیلمی تورکی کردووە، لە زۆربەی فیلمەکاندا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە.

## یەڵماز گۆنای و کوردبوون:


پێم وایە راشکاوانەترین قسەکانی یەڵماز گۆنای لەسەر کورد و کوردبوونی خۆی لە دوایین دیمانەیدایە، کە ڕۆژنامەوانی فەڕەنسی کریس کۆچێرا لەگەڵیدا کردووە بۆ گۆڤاری The Middle East دیمانەکە هی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٣یە واتە ساڵێک پێش مردنی یەڵماز گۆنای. لەوێ وەڵامی زۆر پرسیار دەداتەوە کە دەربارەی کوردبوونی خۆی و ڕەوشی کوردان لە باکووری کوردستان. باس لەو نەهامەتییانە دەکات کە بەهۆی کوردبوونییەوە بەسەر خۆی و بنەماڵەکەیدا هاتوون.

**دوای دوورکەوتنەوەی لە خانەوادەکەی لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە یەڵماز بەرەبەرە زمانی کوردیشی بیردەچێتەوە.**

لەو دیمانەیەدا باس لەوە دەکات کە ئەو زۆر حەزی دەکرد لە فیلمەکانیدا زمانی کوردی بە کار بهێنێت، بەڵام ئەگەر ئەوەی کردبا، خۆی و هەموو ئەکتەرەکانیشی لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە دەخرانە زیندان. دەربارەی کوردبوونی خۆی دەڵێت "ئەگەر راستیتان دەوێ، من کوردێکی ئەسیمیلەکراوم. دایکم کورد بوو، باوکیشم کوردێکی زازا بوو. لە هەموو تەمەنی منداڵیم تا ١٥ ساڵێ لە ماڵەوە هەر بە کرمانجی و زازاکی قسەمان دەکرد کە دوو شێوەزاری کوردین. بەڵام دواتر بەهۆی باردۆخێکی تایبەتەوە لە خانەوادەکەم دابڕام، ئیتر چیتر گوێم لە وشەی کوردی نەبوو، هەموو شتێ بوون بە تورکی. زۆر

جار گوێم لێ دەبوو تورکەکان دەیانوت: کورد بوونی نییە، زمانی کوردی نییە. بەڵام من دەمزانی ئەو شتە ڕاست نییە.

باوکم خەڵکی سیڤریک بوو، یەکەمجار لە تەمەنی ١٦ ساڵی سەردانی ئەوێم کرد. بینیم کە ماڵباتی باوکم چۆن لە ڕەگ و ڕیشەی کوردبوونەوە هەڵکەندراون. هەموو جار باوکم دەیوت: ڕەگی ئێمەیان هەڵکەندووە. من ئەو ناخۆشی و ستەمانەم دەبینی کە لە کورد دەکرێن لە باکووری کوردستان. بەڵام بۆ یەکەمجار لە تەمەنی ٣٤ ساڵی چوومە مووچ، ناوچەکەی دایکم. بیرۆکەی فیلمی"Troupeau" م لەوێوە بۆ هات، کە باس لە خێڵ دەکات". هەندێ لە هاوڕێ نزیکەکانی گۆنای باس لەوە دەکەن کە جارێک یەڵماز گۆنای داوای لە دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو، سکرتێری گشتی ئەوکاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کردووە کە یارمەتی بدات بچێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێ فیلمێک بەرهەم بهێنێت، هەرچەندە دکتۆر قاسملو ئەوکات بەڵێنی پێ دەدات کە یارمەتی بدات، بەڵام بەهۆی خراپ بوونی دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای شۆڕشی ئیسلامی و دەستپێکردنی شەڕ لەوێ، نەیتوانیوە بچێتە ڕۆژهەڵات.



یەڵماز گۆنای لەگەڵ فەتوشی هاوسەریدا

## تاراوگەنشینی

دوای ئەوەی لە تورکیا تووشی چەرمەسەری زۆر دەبێت و لە دواجاردا، ساڵی ١٩٨٠ حوکمی زیاتر لە ١٠٠ ساڵ زیندانی بۆ دەدرێت، یەڵماز گۆنای بڕیار دەدات تورکیا جێبهێڵێ و بە ناچاری بچێتە تاراوگە. کچەکەی « ئێلیف گۆنای » لە دیمانەیەکدا دەڵێت: "ئەوکات من تەمەنم پانزە ساڵ بوو، لەگەڵ باوکم هاتینە دەرەوە، ئەو وڵاتەی کە پێشوازی لێ کردین فەڕەنسا بوو. فەڕەنسا باوەشی بۆ ئێمە و باوکم کردەوە، بەڵام باوکم خۆشحاڵ نەبوو بە تاراوگەنشینی، ڕەنگە هەر ئەوەش

بووبێ کە وایکرد نەخۆشییەکەی تەشەنە بسەنێ. تا دوا ساتەکانیش نەیدەوت نەخۆشم، کاتێکیش ئێمە پێمان زانی زۆر درەنگ بوو."

## دامەزراندنی ئەنستیتیوتی کورد لە پاریس:

یەڵماز گۆنای دەستێکی باڵای هەبوو لە دامەزراندنی ئەنستیتیوتی کورد لە پاریس. لە وارگەی ئەنستیتوتی کورد لە لیستی دامەزرێنەراندا یەکەم ناو کە ئاماژەی پێ کراوە وەکوو دامەزرێنەر ناوی یەڵماز گۆنایە. ئەو دەمانەی لە فەرەنسا بوو، گۆنای بەردەوام هەوڵی دەدا جگە لە کاری فیلم، کارگەلێکی دیکەش بۆ کوردان بکات. بە تایبەتیش ئەو حەزێکی زۆری بۆ کاری فەرهەنگی هەبوو، بۆیە بە تاسەوە بەشداری کۆبوونەکانی دامەزراندنی ئەنستیتیوتی کوردی دەکرد، تا دواجار هەوڵەکانی خۆی و هاوڕێکانی سەریان گرت. لەوکاتەوە ئەنستیتیوتی کورد سەرەڕای چالاکییە کولتوورییەکان، ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان کورد و دەسەڵاتدارانی فەرەنسا.

## زیندان و بەردەوامی:

یەکەمجار لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠ - ١٩٦٢ ماوەی ١٨ مانگ بەهۆی نووسینی ڕۆمانی (ئەوان بە سەرشۆڕی مردن) دەخرێتە زیندانەوە. ئەوکات دادگای تورکیا بە کۆمۆنیست بوون تۆمەتباری دەکات.

دوای دەرچوونی لە زیندان، دەست دەکاتەوە بە کاری نواندن. ماوەی پێنج ساڵ جەماوەریترین ئەکتەری تورکیا بووە. پاشان کە دەست دەکات بە کاری دەرهێنان، زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری نیوڕیاڵیستەکانی ئیتاڵیا و ئەمە لە فیلمەکانیدا بە ڕوونی دەبینرێت.

ساڵی ١٩٧٤ دووبارە لە لایەن دادگاوە بە تۆمەتی یارمەتیدانی خوێندکارە ئەنارشیستەکان ٢ ساڵ حوکمی زیندانی بەسەردا دەسەپێنرێت. بەڵام بەهۆی ناڕەزایی و پشتگیرییەکی زۆرەوە فشار لەسەر حکومەتی ئەوکات دروست دەبێت و دوای ماوەیەکی کەم ئازاد دەکرێت.

دوای ئازاد بوونی یەکسەر دەست دەکات بە دەرهێنانی فیلمی «هاوڕێ» کە باس لە چینی سیاسیی کۆمەڵگەی تورکی دەکات. دواتر دیسان دەزگیر دەکرێتەوە، ئەمجارە بە ١٥ ساڵ زیندانی حوکم دەدرێت.



سەرچاوە
Serchawe

لە زینـدان بەردەوام دەبێت لە نووسین، لە مـاوەیەکی کورتـدا سێ ڕۆمـان دەنووسێ لەگەڵ چەنـد سیناریۆیەک کە لە لایەن هاوڕێیەکی بە ناوی زەکی ۆکتەن دەبریتە دەرەوەی زیندان و دەکرێن بە فیلم.

لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨١مۆڵەتێکی کاتی پێ دەدرێت تا سەردانیماڵباتەکەی بکات، بەڵام بە یارمەتی هەندێ هـاوڕێی لە تورکیا و لە ئەورووپا دەتوانێ بگاتە فەڕەنسا و ببێت بە پەنابەر.

کاتێ هێشتا لە بەندیخانە بوو داوا لە شەریف گورەن دەکات کە کاری دەرهێنان بۆ سیناریۆی Yol ڕێگـا بکـات، بەڵام دوای ئەوەی ڕادەکـات سـاڵێ دواتـر خـۆی بەسـەر فیلمەکـادا دەچێـتەوە و لە سویسـرا تەواوی دەکـات. فیلمەکە بـاس لە کۆمەڵێک زینـدانی دەکـات کە مـۆڵەت وەردەگـرن بـۆ ئەوەی سـەردانی ماڵباتەکانیـان بـکەن، بەڵام هەریەکەیـان شـتێک لە ژیانیـان ڕوودەدات کە تووشی کێشە و ناخۆشی زۆر دەبن. ئەو فیلمە ساڵی ١٩٨٢ لە فیستیڤاڵی سینەمایی کان چڵە خورمای زێڕینی بردەوە، کە یەکێکە لە بەهادارترین خەڵاتە سینەماییەکانی جیهان.

## فیلمی دیوار لە فەڕەنسا:

دوای ئەوەی دێـتە فەڕەنسـا، یەڵمـاز لە کـاری دەرهێنـان بەردەوام دەبێت، بە مـاوەیەکی کەم دەتـوانێ فیلمێـک دەربهێنێت بە نـاوی «دیـوار» کە دواتـر دەنگـدانەوەی زۆری هەبـوو لە ناوەنـدە سـینەماییەکانی دونیـا. ئەمە دوایـین فیلمـی بـوو و شێرپەنجەکەی پەرەی سەند و ساڵی دواتر لە پاریس کۆچی دوایی کرد.

فیلمی دیوار باس لە گرتووخانەیەکی ئەنقەرە دەکـات کە چەنـدین منداڵێ تێدایە و لە لایەن پاسەوانانی گرتووخـانەکەوە دەچەوسـێندرێنەوە و کـاری قورسـیان پـێ دەکرێـت و دەسـتدرێژییان دەکـرێتە سـەر. منـداڵەکان یـاخی دەبـن بەو هیـوای بگوازرێنەوە بۆ گرتووخانەیەکی باشتر.

## ژیاننامە:

١ی نیسانی ١٩٣٧ لە گوندی یەنیس لە ناوچەی کەرەتاشی شاری ئەدەنەی باکووری کوردستان لەدایک دەبێت.

زانستی ئابووری لە هەردوو زانکۆی ئەنکەرە و ئیستەنبوڵ خوێندووە.

ساڵی ١٩٥٨ لە تەمەنی ٢١  ساڵی بووەتە ئەکتەری سینەما.

لەبەر ڕۆڵەکانی و هەڵسوکەتەکانی بە « پاشای ناشیرین » ناسرابوو.

ساڵی ١٩٦٠ تا ١٩٦٢ ماوەی ١٨ مانگ زیندانی کرا بەهۆی نووسینی ڕۆمانێکەوە بەناوی »ئەوان بە سەرشۆڕی مردن » ئەوکات  بە کۆمۆنیست بوون. تۆمەتبار کرا.


ساڵی ١٩٦٥ دەستی کرد بە کاری دەرهێنانی فیلم و کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی فیلمی تایبەت بە کارەکانی خۆی دانا بە ناوی Güney Filmcilik

لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨ و ١٩٧٤ لە ١٠٧ فیلمدا ڕۆڵی بینیوە.

٢٥ فیلمی دەرهێناوە کە دوواینیان فیلمی «دیوار» بوو لە فەڕەنسا ساڵی ١٩٨٣ دەریهێنا

سەرچاوە: ماڵپەڕی: ژنەفتن - ڕێکەوتی: ٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢١

# "ڕێگا"ی یەڵماز گۆنای دەچێتەوە سەر کوێ؟






**عادل قادری**

**فیلمی یووڵ(ڕێگا) (١٩٨٢)لەچاوەی فیلمەکانی دیکەی گۆنایدا کە بە هاوبەشێتی لە گەڵ شەریف گۆوەن دەرهێنەریی کردووە زیاتر کەوتۆتە بەرچاو و باسی لێکراوە ئەمەش ڕەنگە بەهۆی وەرگرتنی خەڵاتی خورمای چڵەزێڕینی فیستیڤاڵی کەن لەساڵی ١٩٨٢ بێت کە بە هاوبەشێتی لەگەڵ کۆستا گاوراس دەرهێنەری بە ڕەچەڵەک یۆنانیی فەرەنسەیی بۆ فیلمی "ونبوو"**

ئەم خەڵاتە وەرگیراوە. بەم حاڵەشەوە فیلمی یووڵ هەر حەقی خۆی نەدراوەتێ و وەکوو فیلمێک کە هەڵگری توخمەکانی سینەمای دانەرانە و تەئلیفی بێت هێشتا بەڕادەی پێویست لێک نەدراوەتەوە.

ئەم فیلمە لەناو جیهانی ڕیالدا ئێمە هاوسەفەر و هاوڕێگا دەکات. سەرەتا دەبێت پێناسەیەکی ورد و هەمەلایەنەمان لە بابەتی ڕیال (Real)و نواندنەوەی ڕیال یان گێڕانەوەی ڕیال هەبێت. کاتێک دەڵێین بەرهەمی ڕیال بێگومان مەبەست ئەوە نییە واقیع وەکوو خۆی پیشان بدرێت یان قاژ و ڕەهەندێک لە واقیع ئاڕاستە و زەق بکرێتەوە کە وەکوو واقیعێکی جێگیر و سەقامگیر ڕەگی داکوتاوە و بووە بە بابەتێکی ئاسایی. لە ڕاستیدا بەرهەمی ڕیالیستی بەرهەمێکی دژی واقیع بەڵام بە ئامێر و ماتریاڵەکانی ناو واقیعە. لە بنەڕەتدا بەرهەمی ڕیالیستی بەرهەمێکە کە واقیع دەبینێت و خەونی گۆڕانی تێدا دروووست دەکات کەواتە نیگای ڕیالیستی نە نیگایەکە دوور لە واقیع و نە نیگایەکیشە پێبەستی واقیع بەڵکوو چاو و پێیەکی لە ناو جیهانی ڕیالدایە و چاو و پێیەکی دیکەی لە ناو خەونی گۆڕانی واقیع، و هەر ئەمەیە کە ئۆتۆنۆمبوونی بەرهەمێک دەپارێزێت، ئۆتۆنۆمبوونی بەرهەمێک واتە ئەوەی کە لە ڕێگەی شێوازێکی جوانیناسانە و هونەرییەوە هەوڵ بدرێت دەسکاریی واقیع و بابەتی ڕیال بکرێت. دەبێ لێرەدا لەسەر چەمکی ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبەریی ورد هەڵوێستە بکەین، ڕەنگە باشترین حاڵەت بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ئۆتۆنۆمی دانانی بێت لە هەمبەر سەربەخۆیی. بەو واتایەی ئۆتۆنۆم بابەتێکی تەواو دابڕاو لە یاساکانی ناو واقیع نییە بەڵکوو بە توخمەکانی ناو واقیع بۆ گۆڕینی واقیع و دروستکردنی واقیعێکی دیکە کایەی خۆی دەکات بەڵام سەربەخۆ یاسایەکی دیکە زیاد دەکاتە سەر یاسا ڕێککەوتووەکانی واقیع و لە ئایدۆلۆژیا نێزیک دەبێتەوە.

لە بەرهەمێکی ئۆتۆنۆمدا دوور لەم حاڵەتی ئایدۆلۆژیکە واقیع دەگێڕدرێتەوە یان دەنوێنرێتەوە و هەوڵی گۆڕانی دەدرێت و خودی ئەم نیگایەش ڕیالیسم و ئەکتی سیاسی پێکەوە گرێ دەدات چوون جیهانی واقیع جیهانێکی سیاسییە و نەزم (Order) و تەکووزیی جێگیر نەزمێکی سیاسیی- کۆمەڵایەتییە کە دەسەڵات و ڕێکخراوەکانی پشتگریی و پاسەوانی لێدەکەن. لەم سۆنگەیەوە دەشێت بڵێین "هونەر شتێک نییە و ناتوانێت جیهان بگۆڕێت بەڵام دەتوانێت لە گۆڕانی ئاگایی و خواستی پیاوان و ژنانێک کە دەتوانن جیهان بگۆڕن، کاریگەر بێت"(١)

"کەواتە هونەر مۆنۆپۆلخوازیی و پاوانگەرێتی جێگیر و سەپێنراو تووشی گیروگرفت دەکات تاکوو خۆی دەستنیشانی بکات چ شتێک واقیعییە، و هونەر بە ئافراندنی جیهانێکی خەیاڵی و ئەفسانەیی fictitious کە واقیعیترە لە خودی واقیع، هەوڵ دەدات بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە"(٢)

واته لەم ڕێگایەدا "بەرهەمی هونەری سەرەڕای تاوانبارکردنی واقیع، دەیشینوێنێتەوە و پیشانی دەدات.(٣)

فیلمی یوول لە پلانێکی هونەری وەهادا ئیش دەکات. سەرەتای فیلم ئێمە دوورگەی ئیمرالی(زیندانی نیوەکراوە!) دەبینین کە وەکوو شوێن دەلالەتێکی هاوکاتە لە دوو چەمکی "بەندبوون" و "ئازادی". بەڵام ئەم بەندبوون و ئازادییە تەنها ڕەهەندێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتییان نییە بەڵکوو لە بنەڕەتدا ڕەهەندێکی ئۆنتۆلۆژیک و بووناسانەیان هەیە. لە حەوشەی زیندان و لە بەردەم پرسگەی زیندان ناوی ئەو کەسانەی کە مۆڵەتی سەردان و بەردانیان دەدرێت لە لایەن عەسکەرێکەوە دەخوێنرێتەوە. پێنج کەس وەکوو کارئەکتەرە سەرەکییەکانی ناو فیلمەکە چاوەڕوانن ناویان بخوێننەوە بەڵام ناویان ناخوێنرێتەوە پاشان وەکوو نەزمێکی سیاسیی کە ئەرتەش دایناوە دەچن بە دوای ئیشدا...جووتیاریی، جادەسازیی، کانیی زوخاڵ و...پێنج کەس کە نێزیکن لە یەک وەکوو هاوبەند. یوسف کە باڵندەیەکی لەناو قەفەزدا هەڵگرتووە و لە خۆی جیای ناکاتەوە لە سەر ئیشەکەی بە شوێنێکی ناو هۆڵەکەدا هەڵیواسیوە و باڵندەکە بەردەوام دەخوێنێت. پێی دەڵێ:

**خەبەری خۆشت پێیە بۆیە وا کەوتوویتە خوێندن؟ خەبەری خۆش دەگات.**

پێنج کەسی ناو فیلمەکە هەر کەسەو بە ڕابردوویەکی نادیار و گوماناوی مۆڵەتی بەردانیان هاتۆتەوە. کاتێک دەڕۆن بلندگۆی زیندان چەندین جار ڕادەگەیەنێت کە نابێ دوای تەواوبوونی مۆڵەتتان بمێننەوە و دەبێ بە زووترین کات بگەڕێنەوە لێرەدا نەزمی ئامادە و ئینزباتی سیاسی و میلیتاریزە خۆی دووبارە دەکاتەوە. ئەو شارانەی بڕیارە هەر کام لەم پێنج کەسە ڕێگایان بکەوێتە سەری ئەمانەن...ئادانا، ئورفا، دیاربەکر، بورسا، کونیا، کازانییانتێپ، فیرات، بیرچەک، ئورنا. لێرەدا جوگرافیایەک دەخرێتە ڕوو کە جوغرافیایەکی دواکەوتوو و ناپێشکەوتووە و لەهەمانکاتدا میلیتاریزە کە عقڵی ئامرازیانە تێیدا باڵادەستە ئەویش زۆرتر لە ڕەهەندی سەربازییەوە. ئەم جوگرافیایە کوردستانە. پێشکەوتن لێرەدا تەنها لایەنی ئامێریانە و ئامرازی هەیە، ئەرتەش وڵات بەڕێوە دەبات، یاساکان ئەرتەش بەڕێوەی دەبەن، ڤیتارەکان پڕن لە مرۆڤی جیاجیا و لە هەمانکاتدا ئەرتەش، مرۆڤ بە فۆرم و ناوەرۆکی جوداواز، جلوبەرگی نەریتی و کۆن، مێ(گەل) و ڕۆژنامە و ڕێگا دەبڕن. ڕەنگە ئەمە ئەو ئاماژە ڕەمزییەی ڕێگا بێت بە کۆمەڵگایەکی لەحاڵی تێپەڕ بەرەو پێشکەوتن بەڵام لە ڕاستیدا پێچەوانەکەی ڕاستە چوون لێرەدا پێشکەوتن و ئیبلیسەکەی واتە ئامرازەکەی هاتووە بەڵام ڕێگاکە نادیارە کە لە کۆتایی فیلمەکەدا دژایەتی نێوان سرووشت و چەمکی پێشکەوتن و عەقلی ئامرازییانە زیاتر دەردەکەوێت. لەو جێگایەی کە موحەمەد کە لە یەکێک لە شوێنە کەنارییەکانی شاری ئامەد دەژی و دەچێتەوە کە ژنەکەی ببینێ و لەگەڵ خۆی بیهێنێت (تاوانی موحەمەد وەکوو ئەو چوار کەسەکەی دیکە دیار نییە بەڵام خۆی لە دیالۆگێکدا لەگەڵ دۆستەکەی لە نەخۆشخانە دەڵێت کە لەگەڵ عەزیزی ژنبرای ڕۆشتووە بۆ دزی بەڵام ئەو کوژراوە چوون ئەم ترساوە و هەڵاتووە، بنەماڵەی عەزیز واتە



سەرچاوە
Serchawe

خەزووری موحەممەد ڕازی نابن بە وەرگرتنەوەی دووبارەی موحەممەد لە ئامێزی بنەماڵە بەڵام محەممەد کە ئاشقی ئامینەیە دێتەوە و دواتر پێکەوە لەگەڵ دوو منداڵەکەیاندا هەڵدێن کاتێک لە ناو قیتارەکەدا موحەممەد و ئامینە حەزی سیکسیان دەجووڵێت و دەچنە ناو ئاودەستخانەیەک کە سیکس بکەن هەموو موسافیرانی ناو قیتارەکە هێرشیان بۆ دێنن و "شەیتان و کوفر و بێناموس"ی دەگەڕێتەوە... دواتر ئەوە بەرپرسی یاسایی ناو قیتارە دەربازیان دەکات بە تێخوڕین لە خەڵکی نەڕێتی و ئیماندار و لێپرسینەوە لەو و ژنەکەی لێرەدا ڕەنگە بکرێ بڵێین یاسا وەکوو نەزمێکی جیبەجێکار لە هەمبەر نەریت و کۆنەپەرستی و ئایین بەرگری لە ئامینە و موحەممەد دەکات هەڵبەت بە بۆنەی منداڵەکانیان بەڵام هەر ئەم یاسایە ناتوانێت پێشگری لە کوژرانی ئامینە و موحەممەدی ترسنۆک بکات کە کوڕی عەزیزی ژنبرای واتە برازای ئامینە لە ناو قیتارەکە هەر دەیانکوژێت.

ڕەنگە سەرەتا واتێبگەین کە ئەم فیلمە ململانێی چینایەتی تێیدا زەق کراوەتەوە و نوێنراوەتەوە ئەویش بە دەرکەوتنی جیاوازیی نێوان کەسێکی دەستڕۆیشتوو و زەنگین کە لە ماوەی مۆڵەتەکەیدا دەچێتە خوازبێنیی کچێک، خۆش ڕادەبووری، کچە خۆشی دەوێ و...ئەم کەسە کە پاش ئازادبوون و هاتنەوە ناو شار دەڵێت جیهان چەندە گۆڕاوە پێشتر پاقلەفرۆشییەک لەوێ بووە ئێستە نەماوە.

دوای ئەوەی یووسف بەهۆی ونکردنی بەڵگەی مۆڵەتەکەی لە خاڵێکی پشکنین دایدەبەزێن و دووبارە بەندی دەکەنەوە، باڵندەکەی دەدات بەم کەسی دەسڕۆیشتووە و پێی دەڵێ "بیدە بە لەیلا خۆی دەزانێت." بەڵام یووسف یەکەمین کارئەکتەرە کە لە ناو کایەکە دەچێتە دەرەوە چوون ئەو هیچ خەونێکی بۆ ئازادی نییە، ئازادی و قەفەسی پێکەوە گرێ داوە، ئەو لە زیندانی دۆخی زەینی و دەروونی خۆیەتی ڕەنگە هەر بەم هۆکارە بێت کە کەسێکی کورتەباڵا بۆ ئەم ڕۆڵە هەڵبژێردراوە. ئەم پێبەستییەی ئازادی لە قەفەس لای کەسی دەسڕۆیشتوو دەمێنێتەوە. کەسی دەسڕۆیشتوو بە دەزگیرانی دەڵێت: وتم ڕەش سپییە دەبێ بڵێی وایە...حەز ناکەم لەگەڵ هیچ پیاوێکدا قسە بکەی، کچەش دەڵێ: چەندە جوان ئەمانەت وت، لە زیندان فێری بووی؟ ئەمە پیشاندەری ئەقڵی ئامرازییانەی باڵادەستە کە ژنیش لێرەدا هیچ ئاگایی و وشیارییەکی نییە، تەنانەت نازانێ زیندان کوێیە و بەو پێیەش ئازادی چییە. هەر ئەم کەسە دەسڕۆیشتووە لە کاتی سووڕانەوە لە گەڵ دەزگیرانی لە ناو بازاڕدا دوو کەسی پاسەوان؛ دوو ژنی چارشێوی لە بنەماڵەی کچە چاوەدێریی دەکەن کاتژمێرێک دواتر بە هاوڕێکانی دەڵێت ئەمانە بۆ وان.؟

دواکەوتوون! دواتریش دەچێ بۆ قەحبەخانەیەک و لەگەڵ سۆزانییەک لە ژووری ژمارە یازدە دەخەوێت لێرەدا سۆزانییەکە ئەم پرسیارەی لێدەکات کە بۆ ژووری ژمارە چوارت نەویست؟ ئەویش دەڵێ چوون ژمارەی ژوورەکەم لە زیندان هەر ئەوە



سەرچاوە
Serchawe

بووە. لێرەدا ئەگەر ئەمە بە نوێنەری چینی بورژوا بزانین دەکەوێتە هەمبەر ئەو چوار کەسایەتییەکەی دیکە کە هەموویان ڕووت و ڕەجاڵ و گوندیین بەڵام لۆژیکی فیلمەکە و ڕووداوەکان وا ناچێتە پێش چوون فیلمەکە دۆخێکی مرۆیی گشتیی لە جوگرافیایەکی دیاریکراو دەنوێنێت نەک ململانێیەکی چینایەتی. دۆخی مرۆیی لە هەمبەر مۆدێرنیزم و چەمکی "پێشکەوتن"ی زۆرەملێ، ئەتاتۆرک و تێزە سربازییەکانی.

کارئەکتەری دیکە سەید عەلییە، کەسێکە پێشتر شوان بووە و زینەی ئامۆزای عاشقی بووە، کاتێک بە منداڵی نەرمەنەی لێداوە زینە عاشقانە گریاوە کاتێکیش گیراوە (تاوانەکەی نادیارە ئەمیش) بە زینەی وتووە ئەگەر ڕاناوەستی بە دیارمەوە ئازادی، دەڵی دەوەستم بەڵام زینە دەبێت بە لەشفرۆش و شەرەفی بنەماڵەی باوکی و سەید عەلی پیس دەبێت، سەید عەلی لە دەرەوەی زینداندا لەگەڵ ئاوەها دۆخێکدا ڕووبەڕوو دەبێت. ڕەنگە لای خۆی بیری کردنێتەوە بۆ لە زیندان هاتمەوە بۆ مۆڵەت؟! بە ناو سەرمای کوێستانی کوتاباسی دەچێتە ماڵی شەوکەتی ژنبرای، شەوکەت دەڵێت من و باوکم و کیندە بڕیارمان داوە بیکوژین بەڵام بەستوومانەتەوە تاکوو تۆ بێیتەوە، دەبێ بچی بۆ گوند ولەگەڵ باوکم قسە بکەی، دەچێت بەرەو ئەوێ، ئەسپەکەی شەوکەت کە هێناویەتی لە ناوڕێگادا لە سەرما دەمرێت و بۆ ئەوەی ئازار نەکێشێت بە دەمانچەیەک کە شەوکەت پێی داوە دەیکوژێت، گورگەکان دەلوورێنن. لە گوند باوکی زینە دەبینێت، باوکی دەڵێت دەبێ بیکوژیت. ئەو شەیتانە، مەهێڵە خاوت کات، زینە دەبینێت و بە قژە شێواوەکانییەوە پێی دەڵێت تۆ وەک مرۆڤ لەگەڵما جووڵایتەتەوە هەشت مانگە تەنها نان و ئاوم دەدنێ، هەفتە هەرچیم پێبکەی، تەنها با خۆم بشۆم و قژم شانە بکەم و دۆعا و نوێژم بکەم جا بمکوژە، سەید عەلیی عاشق دەڵێ ناتکوژم خوای من تۆڵەت لێ دەستێنێتەوە. کاتێک زینە دوای هەشت مانگ خوشکەکەی دەیشوات پێی دەڵێت: لەگەڵ مەرگدا ڕاهاتبووم، بەڵام سەید عەلی هیوای پێدامەوە. پێشتر لەمەرگ نەدەترسام بەڵام ئێستا دەترسم. لەگەڵ کوڕەکەیان دوای هەڵهاتنی مانگ بەڕێ دەکەون، بەردەوام قسەکەی شەوکەت لە گوێیدا دەزرینگێتەوە، ڕێگایەکی باخێزە و بووکەکەی سالیهۆ دوای دوو کاتژمێر ڕێگابڕین لەوێ گیانی سپارد. دەچن بە ڕێگادا نێزیک بە لاشەی ئەو ئەسپەی کە پێی هاتبوو و کوژرابوو، زینە قاچەکانی لە شوێنی نایەن، ئیدی ڕێگا نابڕێت، بانگی سەید دەکات، سەید قسەکەی شەوکەت لە گوێیدا دەزرینگێتەوە، لا ناکەتەوە لە ملە بەفرینەکە دا دەکەوێت، منداڵ بانگی باوک دەکات باوک بە گومان و دوودڵییەوە دەگەڕێتەوە، دێتە سەر زینە، دەیکاتە کۆڵەوە بەڵام سەرما و سەهۆل لەشی داگیر کردووە و دەبوورێتەوە وەکوو چۆن لە ئەسپەکەی دەدا بۆ ئەوەی هەستێتەوە لێی دەدات بەڵکوو هەستێتەوە...هەڵناستێتەوە و دەمرێت... دۆخی ژن لێرەدا لە ژێر سێبەری پیاوسالاریدا بەزەقی دەخرێتە ڕوو ئەگەر هەر کام لە پیاوان ئەگەرێکیان لە ناو جیهانی واقیع لە بەردەمدا بێت ئەو ژنان هیچ ئەگەرێکیان نییە. بە بچووکترین هەڵە دەکوژرێن تەنانەت لە سیکانسێکی دیکەی فیلمەکەدا کاتێک دایکی ئامینە دێت بۆ لای شووەکەی و پێی دەڵێت ئامینە و موحەمەد هەڵاتوون لەو قەرەباڵغییەدا لێی دەدا و تەنانەت کوڕەکەشی لێی دەدات و پاشان لە باوکی دەپرسێ: چ بووە!

کارئەکتەری گرینگی ناو ئەم فیلمە بومەرە کە خەڵکی گوندێکی سەر سنوورە لای ئورفا، شوێنێک کە دەکەوێتە سەر هێڵی سنووری، شوێنێک کە ئاڵای دوو وڵاتی تورکیا و سوریا لە هەمبەر یەکدی دەشەکێنەوە، سنووری هاوبەش مینڕێژ کراوە، باوکی قاچی ڕاستی لەوێ تیاچووە، لە یەکەم ساتی گەڕانەوەی و چوونەئامێزی سرووشت و ئاوێزانبوونێکی نامۆدێرن و سرووشتی لەگەڵ سەگەکە دەنگی سترانی کوردیی بەرز دەبێتەوە ئەم شوێنە تەنها شوێنێکە کە کورد وەکوو وشە و لەژێر ناوی قاچاقچی باسی لێدەکرێت بێگومان قاچاخچییەک کە خۆی لە خۆیدا دژی نەزمی و نۆرمی جێگیر و باوە... قاچاخ تەنها بە واتای خودی قاچاخ نا بەڵکوو بە واتای ئەکتێکی بەرگری و بەرەنگاری، گوێی لە دەسرێژ دەبێ، ئەرتەش هاتووە ماڵ بە سەر بنەماڵەیەکدا برووخێنێت کە نایەنە دەرەوە تاکوو بیانگرێت، هەر لەو ساتەشدا گوڵبەهار دەبێنێت، کچی موسلیم ناوێک کە بە منداڵی دیویەتی، گوڵبەهارێکی بێ قسە و نیگادوور کە شتێکی ڕاستەوخۆی لێناخوێنرێتەوە، ڕەنگە لەڕێگەی کارئەکتەری بێدەنگ و سرووشتیی گوڵبەهارەوە ئێمە لەگەڵ جۆرێک چەشنناسی کارئەکتەر ڕووبەڕووین و هەر وەک چۆن لە کاەئەکتەری بومەر و ئەو بژاردەیەی دەیکات جۆرێک لە کەسایەتی چەشنیی (typical) و نموونەیی دەبینی.

دەچێتەوە ماڵەوە، براژن و باوک و دایک و منداڵەکانی براکەی دەبینێ، هەموو نیگەرانن، دەنگی دەسرێژ دێت بەردەوام، بەرگری و ترس و ژیان و ژن لێرەدا زەق دەبنەوە،، لێرەدا تەنها شوێنێکە ژن و پاڵنەر (driver)ە ئیرۆسی و ژیانبەخشەکەی مانای سرووشتی خۆی ماوە و هێشتا واتای ژیان دەدات، واتای داهاتوو دەدات، بومەر پێشتر و پێش ئەوەی لە دۆستانی و لە کاتی دابەزین لە پاسەکەدا جوێ بێتەوە بە موحەمەد دەڵێت من ئیتر ناگەڕێمەوە، "تا"گەڕێتی ئەم کارئەکتەرە پێشتر بڕیاری لە سەر درابوو تەنها کاتی دەویست تا جێبەجێ بێت ڕۆژی دواتر ئەرتەش پێنج تەرم دێنێت تاکوو خەڵکی گوند  بیانبینن و بزانن لە بنەماڵەی ئەوانن یان نا، خەڵک باوەڕیان بە ئەرتەش نییە، بۆیە کاتێ بومەر لاشەی براکەی دەناسێتەوە دەڵێ نایناسم! دێتەوە و بە باوکی دەڵێت کە براکەی کوژراوە. سەرەخۆشی لە براژنی دەکات.

خەونی ئەسپێک هەر لە زیندانەوە تا ئێرە لەگەڵیایەتی! و ئەمە ئەو شتەیە کە کارئەکتەرەکانی دیکە نییانە: خەون! ئاماژەیەک بۆ ڕابردوو و داهاتوو! خەونێک لە فۆرمی بیرەوەری بەردەوام لە زەینیدا ئامادەیە کە لەگەڵ براکەی هەر یەکەو بە سوار ئەسپێک غارغارێنێ ناو دەشتایی هو سەوازیینێک دەکەن ئەمە ئەو خەوەنەیە کە دواجار بومەر جێبەجێی دەکات و دوا نیگای هاتووچۆیەکە لە نێوان گوڵبەهار کە لە سەر بانی ماڵێکی گوندە داڕووخاو و بچووکە دەڕوانێت و براژنی کە بێوە ماوەتەوە و لە سووچی دیواری ماڵەکە لەگەڵ منداڵەکانیدا کزی کردووە. ئەسپێک دەحیلێنێت! سوار دەبێت و لەگەڵ دوو کەسی دیکەدا دەچێت! ژنەکان قیوەی خۆشی دەکەن و بەڕێی دەکەن! ئەو دەچێت بەرەو ڕێگایەک کە دەزانێت چییە باوەکوو نەشزانێت کۆتایی ڕێگاکە چییە! ئەو بەرەنگاری هەڵبژاردووە، یاسای واقیعی سەپێنراوی ڕەت کردۆتەوە.

بۆ زیاتر وردبوونەوە لەوەی کە بۆچی بومەر کەسایەتییەکی نموونەیی و تیپیکاڵە دەشی سەرنج بدەین کە لە ڕاستیدا هیچ کام لە کەسەکانی دیکە وەکوو ئاماژەم پێدا خەونیان نییە، لەواندا" دەسەڵات خۆی سەپاندووە بە سەر ژیانێکی ڕاستەوخۆ کە (بە پێی خۆی) ئەو بە کەسەکەی داوە، ئەو بە بیپشاندانی فەردییەت و تاکەکەسێتیی خۆی دەستنیشان دەکات، شوناسی پێدەدات و لە شوناسی خۆی هەڵیدەلووشێت، یاسا حەقیقەتێکی بەسەردا دەسەپێنێت کە دەبی صۆێ ژێەێ پێدا بنێت و ئەوانی دیش دەبێ لە وجوودیدا بیناسنەوە.

تاک پێبەستەی خۆی دەکات و بەم شێوەیەش ڕادەستی ئەوانی دیکەی دەکات"4 ئەوان ڕادەست و داگیر کراون بۆیە لە فیلمەکەدا هیچیان لە ڕابردوویان بیرەوەرییەکیان نییە، بیرەوەرییەک کە هاوکات داهاتووشە، هەموویان بە نیشانەی خەونەکانیان دەگیرسێنەوە بەڵام ناتوانن ئەو خەونە شڕ و بێ گیانانە زیندوو کەنەوە و تەنها وەکوو ماتریاڵ و نیشانەیەکی ئۆبژەکتیڤ دەمێنێتەوە، واتە وەکوو هورکهایمەر و ئادۆرنۆ لە دیالیکتیکی ڕۆشنگەریدا دەڵێن" هەر جۆرە بەئامرازبوونێک فەرامۆشی و لەیادکردنەوە دێنێت."

فەرامۆشی لە هەمبەر بیرەوەری و خەوندا دەوەستێت، لەم فیلمەدا یووسف بە باڵندەیەک لە ناو قەفەز و وێنەیەکی خۆی و لەیلا کە هیچی لە زەیندا لێ شین نابێت دەگیرسێتەوە واتە تەنها وێنەیەکە وەکوو ماتریاڵ، موحەمەد بە بیرەوەرییەکی تراژیک کە خۆیشی نازانێ چۆن وێنای بکاتەوە واتە دزی و مەرگی عەزیزی خەزووری و ترسان و هەڵاتن کە بە گشتی لە نێوان ترس و ترۆما و عەشقدا گیری خواردووە، سەید عەلی تەنها بیرەوەرییەکی هەیە کە بە منداڵی نەی بۆ زینە لێداوە و زینەش گریاوە بەڵام تەنها وێنەی شمشاڵەکە دەبینین و نیگای سەید عەلی لەسەری قەتیس دەمێنێت، وەک دەڵێی ئاوێزێت ئەو بیرەوەرییە بێگەرد و پاکیزەیە لە جیهانی منداڵییەوە بێنێتە جیانی شاریی و مۆدێرن و بازاڕی هەنووکەی تورکییە. لێرەدا ئەو شتەی ڕووی داوە لەناوچوونی هەرجۆرە سۆبژەکتیڤیتە و سالاریی و دەسەڵاتی ئۆبژە و ئامێرە واتە بە ئامێربوونی خەون، بە ئۆبژەبوونی سووژە، سەپێنراویی ئەقڵی ئامرازیانە بە سەر سرووشتی مرۆڤ و جیهان، کابرای دەسڕۆیشتوو کە تەواو تێکەڵی جیهانی مۆدێرن و پێشکەوتن بەواتا ئەتاتۆرکییەکەی بووە تەواو بەتاڵە لەخەون و ترۆما و ترس و مۆتەکە، ئەو ملکەچێکی ناو جیهانی مۆدێرن و کایەکانێتی،تەنانەت خۆیشی نازانێت چی ڕووی داوە! تەنها دەزانێت دووکانی پاقلەفرۆشییەکە لەوێ نەماوە! ئەو لە ناو بازاڕدا دەژی، بەشێکە لە بازاڕ، بەشێکی سەرەکییە لە نەزم کە تەنانەت خەم و ئازاریش هەست پێناکات، ئەو لیدەری جۆرێک لە مرۆڤی بەکاڵابووگە کە لە هەمبەر کارئەکتەری نموونەیی و چەشنیانەی بومەردا دەوەستێت بەڵام جیاوازییە مەزنەکە لەوە دایە کە ئەو ژن وەکوو کاڵا دەبینێت و ئامراز و بومەر وەکوو هیوای ژیان . واتە تەنها ڕێگای ئازادی و دەربازبوون ڕێگای بومەرە کە لە ئورفاوە عەینییەت دەبەخشێ بە خەونی غارغارێنی ئەسپ و نیگای گوڵبەهار لە خۆیدا هەڵدەگرێت و ملی ڕێگا دەبڕێت. ئەم کارئەکتەرە ئیرۆس و



سەرچاوە
Serchawe

تاناتۆس(خواستەکانی ژیان و مەرگ)ی پێکەوە کۆ کردۆتەوە و مانای بە هەرکامیان بەخشیوە و دەشێت بڵێین لە ژێر حوکمی ڕستەی "ئیرۆس و تاناتوس بەهەمانشێوە کە دژی یەکن، عاشقی یەکیشن" بەرەنگاریی دەنوێنێت و بژاردە دەکات. ئەو بە دوای یۆتۆپیایەکە کە ناوی ئازادییە، یۆتۆپییایەک کە لە خەونێکەوە دەست پێدەکات بۆ گۆڕینی واقیع لە ڕێگەی خودی واقیع.

ڕێگای یۆڵمازگۆنای ڕێگایەکی خەونئامێزە لە ناو جیهانی واقیع. تێکشکاندنی بنەمای واقیعێکی جێگیر و سەپاوە بۆ دروستکردنی واقیعێکی دیکە لە ڕێگەی هونەری بەرەنگاری و وەکوو نیشانە و فیگوری ناو فیلمەکە دەڵێت: قاچاغبوون. قاچاقبوون یان قاچاخچێتی دەلالەت نییە لە ڕنجێکی چینایەتیی تەواو بەڵکوو دەلالەتە لە تێکشکاندنی نۆرمی باوی کالاگەرێتی و عەقڵی ئامرازییانە لە ڕێگەی بەزاندنی سنوور و باوەشکردن بە سرووشت و ژن و ژیان و هیوا. ئەم فیلمە پڕن لە ڕێگا، ڕێگاکانی جادە، شۆستە، شارەکان، ڕێگای ئاویی ئیمرالی، شاخەکان، قیتارو هێڵی شەمەندەفەر...ڕێگای گۆنای ئێمە نابانەوە سەر زیندان و یاسا و نۆرمی سەپێنراوی دەسەڵات بەڵکوو وەکوو لە کارئەکتەری بومەردا نموونەیی و تایبیک زەق دەکرێتەوە دەمانباتەوە سەر یاخیگەرێتی و "ئاگوتێک" کە سەرەتای دەسپێکردنی گۆڕان لە ناو واقیع دایە.

دەشێت ئاماژەیەکی خێرا بە دوو سیکانسی تایبەت و بنەمایی بکەین کە بەشێک لە گشتیبیەت و فۆرمی فیلمەکە دیاریی دەکەن. سیکانسی یەکەم ئەوەیە کە زیندانییەکانی هەر بەشێک لە بەندیخانە شتێکی دەسکر کە لە سیگار دەچێت دەکێشن و نۆبە بە نۆبە دەیدەن بە یەک و دەیکێشن، کە ئەم وێنەیە لە کاتی گەڕانەوەی موحەمەد لە کەنارە زبڵنشینەکانی دیاربەکردا دەیبینین، کاتێ منداڵەکان دەوری موحەمەد دەدەن و داوای دیاریی لێدەکەن: جگەرە! جگەرەیان بە شێوەیەکی ئاسایی دەداتێ و هەموویان واتە ڕیزێک لە کوڕ و کچی تەمەنی هەشت تا دوازدە و پانزە ساڵ دادەنیشنە جگەرەکێشان! ئەمە وێنەی زیندانێکی دەرەوەیە بە ناوی تورکیە لە کۆڵانێکی هەژارنشینی لای کەنارەکانی دیاربەکر و سیکانسی ناو زینداانیش داهاتووی ئەو وێنەیەیە کە لە زیندانی ئیمرالی لە بەندیخانەدا دەیبینین! خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج کەڵکوەرگرتنی گۆنایە لە مۆسیقا و هەندێ جار دەنگی هاوار و بانگککردن بە کوردی. مۆسیقا بە تورکی و کوردی و پەیوەست بە کارئەکتەرەکان خۆی دەردەخات، مۆسیقایەکی عاشقانە، شینگێڕییەکی کوردانە و...دەکرێ بڵێی بەشێک لەو شتەی کە دەرهێنەر ویستوویەتی بە ڕاشکاوی نەیڵێت لە ڕێگەی مۆسیقاوە دەربڕیوە.

### پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- مارکوزە، هربرت، بعد زیباشناختی، ترجمە و تألیف داریوش مهرجویی، هرمس ١٣٩٤ ص ٨٧

٢- سەرچاوەی پێشوو ل ٨٠

٣- سەرچاوەی پێشوو ل ٧٠

٤- خالقی دامغانی، احمد، قدرت، زبان، زندگی روزمره در گفتمان فلسفی - سیاسی معاصر، تهران، گام نو، ١٣٨٢، ص ٢٧٩.

١٦ی ڕەشەمی ١٣٩٨ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی چاوی کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠٢٠

## مەمەد ئەکتاش: یەڵماز گۆنای کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سینەمای جیهان داناوە



**مەنسوور جیهانی**

مەمەد ئەکتاش سینەماکاری کوردی دانیشتووی وڵاتی ئەڵمانیا و بەڕێوەبەری کۆمپانیای سینەمایی «میتۆس فیلم» سەبارەت بە فیلمی دیکۆمێنتاریی «ئەفسانەی پاشا ناشیرینەکە The Legend of the Ugly King «بە ژیانی سینەماکاری ناوداری کورد یەڵماز گۆنای (Yilmaz Güney) کە لە دەرهێنانی حوسێن تەباک سینەماکاری کوردی دانیشتووی وڵاتی ئەڵمانیایە و لە دوازدەیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی سینەما حەقیقەت Cinema Verite نمایشکرا، گوتی:

«ئەم فیلمە لەسەر ژیانی یەڵماز گۆنای باوکی سینەمای کوردییە کە ماوەی حەوت ساڵ کاتی خایاند تاکو ئامادەبکرێت، زۆر خۆشحاڵم کە لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «سینەما حەقیقەت» پێشکەش کرا، سینەمای ئێران لە ئاستی دنیادا پێگەیەکی تایبەتی هەیە و دەرفەتێکی باشە کە سینەماکارانی ئێرانی بە باشی یەڵماز گۆنای بناسن»، گوتیشی:

«سینەمای ئێران بۆتە سینەمایەکی نێودەوڵەتی و ئێستا دۆستێکی باشی سینەمای کوردییە و پێشوازیی یەکجار زۆری سینەماکارانی ئێران بۆ بینینی فیلمی دیکۆمێنتاریی (ئەفسانەی پاشا ناشیرینەکە) منی زۆر خۆشحاڵ کرد، سێ ساڵ پێش ئێستاش فیلمی سینەمایی «ڕەشەبا» لە فێستیڤاڵی جیهانی فیلمی فەجر نمایشکرا و هەمووی ئەم هەنگاو و پەیوەندییانەش

زۆر دڵخۆشکەر و کاریگەن.

ئەم بەرهەمهێنەر کوردە سەبارەت بە کاریگەریی «یەڵماز گۆنای» لەسەر سینەماکارانی ئێران و جیهان گوتی: «لەگەڵ خوالێخۆشبوو «عەباس کیارۆستەمی» لە ڤێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «کان»ی فەڕەنسا بە تێروتەسەلی قسەمان کرد، ئەو بە منی گوت کە فیلمی سینەمایی (ئومێد) لە دەرهێنانی «یەڵماز گۆنای» زۆر کاریگەری لەسەری هەبووە، هەروەها سینەماکارانی بەناوبانگی ئێرانی وەکوو (ئەمیر نادری و موحسین مەخمەڵباف) کاریگەریی ئەم سینەماکارە کوردەیان بەسەرەوە دیارە و کەڵکیان لێ وەرگرتووە.گوتیشی: «یەڵماز گۆنای یەکەمین دەرهێنەر بوو کە سینەمای کوردی بە دنیا ناساند، کاتێک کە ئێمە فیلمی دیکۆمێنتاریی ئەفسانەی پاشا ناشیرینەکەمان ساز دەکرد، ئێلخاندرۆ گۆنسالێس ئیناریتۆ» Alejandro González Iñárritu دەرهێنەری مەکزیکی فیلمی سینەمایی «بابێل» پێی گوتین کە یەکەمین جار فیلمی «یۆڵ»ی لە سینەماکانی مەکزیک بینیوە، بڕیاریداوە کە ببێتە دەرهێنەر، مارتین ئیسکۆرسیزی بەرهەمهێنەر دەڵێ ئەگەر من پێش ئەوەی کە فیلمی «شۆفیری تاکسی»-م ساز کرد، یەڵماز گۆنایم بناسیبایە، بە روانینێکی دیکەوە ئەم فیلمەم ساز دەکرد، دەتوانم بڵێم «یەڵماز گۆنای» کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سینەمای جیهان داناوە و تا ئێستاش لە قوتابخانە سینەماییەکاندا بەرهەمە هەرمانەکانی ئەو وەکوو وانەی خوێندن دەگوترێنەوە. ئەم بەرهەمهێنەرە بە ئەزموونە سەبارەت بە قۆناغی ئامادەکردنی فیلمی دیکۆمێنتاریی «ئەفسانەی پاشا ناشیرینەکە گوتی: «من پلانی سەرەتایی سیناریۆی فیلمەکەم نووسی و پاشان بە حوسێن تەباک-م دا، کە ئەوکات قوتابی (میشێل هانیکە) Michael Haneke بوو و لە ئاکادیمیای ئەم سینەماکارە مەزنە سینەمای دەخوێند، ئەو کاتەی کە دەستم بە کاری سینەما کرد زۆرم حەز لێ بوو کە کارێک بۆ یەڵماز گۆنای بکەم، چونکە یەڵماز گۆنای لە سینەمای تورکیادا شۆڕشێکی ساز کرد، هەروەها دەستپێکی سینەمای کوردی بوو، کە وەکوو دەرهێنەرێک لە دنیای ئیسلامدا بۆ یەکەمین جار لە ڤێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «کان» لە وڵاتی فەڕەنسا خەڵاتی گەورەی زێڕینی (چڵە خورمای) بەدەستهێنا». گوتیشی: «تایبەتمەندیی هەرە گەورەی یەڵماز گۆنای ئەوە بوو کە ئەوکاتەی لە زینداندا بوو، لە بەندیخانەوە دیکۆپاژەکانی بۆ یاریدەدەرەکانی دەنارد و ئەوانیش فیلمی سینەمایی (یۆڵ)یان وێنەگرت و بەم شێوەیە دەرهێنانی بۆ ئەم بەرهەمە سینەماییە کرد .»

ئەکتاش لە درێژەی قسەکانیدا باس لە تواناکانی یەڵماز گۆنای دەکات و پێی وایە فیلمەکانی بە شێوەیەک سازکردووە کە هەر نەتەوەیەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیری بکات، خۆی و شوناسی خۆی تیایدا دەبینێتەوە، بۆیە ئەم سینەماکارە کوردە بە هۆی ئەندێشەی مرۆڤایەتییەوە ژیانی خۆی لەدەستدا.

بەڕێوەبەری کۆمپانیای سینەمایی «میتۆس فیلم»ی ئەڵمانی سەبارەت بە وتەکانی (میشائیل هانیکە) Michael

Haneke و (کۆستا گاوراس) Costa-Gavras لەبارەی کەسایەتی و پێگەی یەڵماز گۆنای گوتی: «یەڵماز گۆنای ئەو کاتەی کە لە فەڕەنسا دەژیا لەگەڵ کۆمەڵێک کۆمەڵێک دەرهێنەر لە سینەمای جیهان پەیوەندییەکی دۆستانەی باشی هەبوو، کە یەکێک لەوانە (کۆستا گاوراس) بوو، یەڵماز گۆنای بە تەما بوو لە وڵاتی یۆنان فیلمێکی گەورە بەرهەم بهێنێت. ئەو دەرهێنەرە ناودارە یۆنانییەش بڕیار وابوو هاوکاریی بکات.» کۆستا گاوراس کاتێک کە باسی گۆنایی دەکرد، تەنیا دەگریا و گوتیشی: زۆر هەڤاڵی یەکتری بووین«.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گوڵان میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی جانیۆیری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# یەڵماز گۆنای لەگێڕانەوەی کارەکتەرێکدا




**نیهاد جامی**

هەشت ساڵ بەسەر خەلاتی ئاڵتونی فێستڤاڵی کان تێدەپەڕی، ئەو دەمەی دەرهێنەری سینەمایی کورد یەڵماز گۆنای خەلاتی فێستڤاڵەکەی بردەوە، حەوت ساڵ دوای ئەو رووداوە من کوڕێکم بوو ناوم نا یەڵماز، تا ناوەکەی ببێت بە یەڵماز گۆنای.

دوو ساڵ بەر لەوەی ببم بە باوک، بەهۆی تیمێکی تەلەفزیۆنی لەتورکیاوە ڕۆیشتین بەرەو ئێران لەوێشەوە وێنەی ئەو بریندار وسوتاوانەمان دەگرت کە لەعێراقەوە هێنرابوون، ئەوان کورد بوون و بەهۆی گازەوە جەستەیان شێواو وسووتاو بوو، کاری ئێمە ڕۆژانە چوون بوو بۆ ئەو نەخۆشخانەیە کە خەریکی وێنەگرتنی فیلمێکی بەڵگەنامەیی بووم لەبارەی ئەو ماڵوێرانیە، ڕۆژانە بەناو سووتاوەکان تێدەپەڕین و دەمانوویست وێنەی سوتاویان تێکەڵی قسەکانیان بکەین،

ئێمە شتێک لەزمانی ئەوان حاڵی نەدەبووین، بەلام ئەوەندە بەس بوو کە برینەکانیان دەکەوتە قسەکردن، لەو ڕۆژگارەدا دەمویست وێنەکان وەک خۆی بگوازمەوە، ڕێک لەو دەمەدا بوو کچێک کە چاوە سەوزەکانی هۆلیا ئەفشاری فیلمی "ماڤی ماڤی"

بیر هێنامەوە. لەناو هاوار وگریانی مناڵە سووتاوەکان، من هەر ئەو ساتە عاشق بووم، بەڵام کێ بەهانای منەوە دەهات،

کچێک کامێراکەم لێی بردە پێشەوە، هێندە شەرمن بوو مرۆڤ نەیدەزانی ئەو شەرم دەکات، یاخود هێشتا ترسی گازەکان بەری نەداوە، لەرێی خوداداد ئەو وەرگێرە کوردەی قسەی برینداەکانی بۆمان دەکردە ئینگلیزی، بێئەوەی یەک وشەی لێ حاڵی بم دواتر پەیامنێرێکی کەناڵی تەلەفزیۆنەکەمان بۆی دەکردینەوە تورکی، ئەو کچە هەموو چیرۆکی رزگاربوونی وەک مەسیح ناو دەبەن،

کاتێک لەناو مردوەکان هەڵساوەتەوە و تا ئێران نەوەستاوە، ئەو دێتە لای نەخۆشەکان و بەدوای خانەوادەکەی خۆی دەگەرێت، بەڵام وەک خۆی ووتی "رەنگە لێرە بن و بەهۆی برینەکان نەیانناسمەوە" ئومێدی ئەوە بوو سووتاوێک دەستی بۆ بەرز بکاتەوە و بەدەستی سوتاوی مەچەکی بگرێت، تێی بگەیەنێت کە ئەو دایکیەتی. کچێک ئاگری کەسوکاری ئەیسوتاند، منیش ئاگری عیشقی ئەو، هەرچۆنێک بوو پەنام بردە بەر پەیامنێرەکەمان، تا ئەویش بۆ وەرگێرە کوردەکە بیکات بەئینگلیزی و وەرگێرەکەش بیکاتەوە بە کوردی، رازی دڵی بگەیەنێتە کچە کوردەکەی ناو قاوشی نەخۆشخانەکە.

ئەگەر لەگەڵ من بێیت لێرە رزگارت ئەکەم و لەژێر شەرعی ئیسلام مارەت دەکەم و دەبینە ژن و مێرد، ئەوەی تۆش داوای بکەیت بۆتی جێبەجێ دەکەم، زۆر بەخێراییش فێری زمانی تورکیت دەکەم، تۆ نابیتە ژنی پیاوێکی تورک.. ماڵباتی ئێمە لەبنەرەتدا کوردن، بەدەستوری کوردی باکور ژیان دەگوزەرێنین. هۆلیا ئەفشاری قاوشی نەخۆشخانە.. دوای چەندین رۆژ لەبیرکردنەوە رازی بوو لەگەڵ من بێت و ببێت بەهاوسەرم، کچێکی وریاو زیرەک بوو، ئارەزووی لەکارەکەی منیش دەکرد، وەرگێرەکە ئەوەی تێگەیاندین کە ئەو باس لەوە دەکات، پێشتر جارێکیان لەشانۆگەری "ئەنتیگۆنا" وەک ئەکتەر بەشداری لەشانۆ کردووە.

پەیوەندی من بەرەچەڵەکی خۆمەوە بۆ ئەو رۆژە دەگەرێتەوە، کاتێک فیلمی (یۆڵ) م بینی لەدەرهێنانی یەڵماز گۆنای، ئەو فیلمە بۆ من هەقیقەتی کوردبوون نیشان دەدات، بەتایبەت لەو دیمەنەی لادێ کە چەندە فیلمەکە بەزمانی تورکی بەرهەم هاتووە، بەڵام گۆرانی ژنە لادێیەکە و دابەشکاری چینەکان، ئەو خراپ مامەڵەکردنەی ناو شەمەندەفەر، مێژووی منی وەک خۆی دەخستە روو، بۆیە ئێستا لەو قاوشی نەخۆشخانەیە بەدیار ئەو هەموو بریندارو جەستە مردوو زیندوانە تێدەگەم، فیلمی یۆڵ ژیانی راستەقینەی ئەو مرۆڤانەیە،

هەر رۆژەی بە وێنەیەک دەردەکەون. کاتێک گەراینەوە و فیلمەکەمان تەواو کرد، رۆژی نیشاندانی فیلمەکە هەموومان

بەتاسەوە چاوەڕێ بووین، کە فیلمەکە تەواو بوو لەناو هۆڵی سینەماکە، کچە کوردەکەی ناو مردووەکان کە هەڵسایەوە، لەگەڵ خۆم چووینە پێشەوەی بینەران،


چونکە ئەو وەک کارەکتەری سەرەکی فیلمەکە چیرۆکی خۆی دەگێڕایەوە، بۆیە دوای چەپڵەی ئافەرینی بینەران، بەوە کۆتاییمان پێهێنا، کە ووتم "بەم بۆنەیەوە ئەمڕۆ ڕایدەگەیەنم لێرە لەبەردەمی هەمووتان من ئەڵقەی خۆشەویستی دەکەمە پەنجەی ئەو ئەکتەرە مەزنە" ئیدی من و شلێر بووین بە ژن و مێرد، کاتێک کوڕێکیشمان بوو بۆ ڕێزگرتن لە یەڵماز گۆنای، بەهۆی ئەوەی من ناوم گۆنای بوو ناوی کوڕەکەشم کرد بە یەڵماز. رۆمانی کارینا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەرمان نیوز - ڕێکەوتی: ١٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# دیمانەیەک لەگەڵ یەڵماز گۆنای لەزیندان دا



**بەشی یەکەم:**

**نووسەری سینەمایی(بورهان شاوی) دەگێڕێتەوە دەڵێت: لەساڵی ١٩٨٧ کتێبێک بەناوی (یەڵماز گۆنای) لە نووسینی ڕۆژنامەنووسی ئازربێجانی (حوسینۆف) لە دەزگای (ناوکا) لە مۆسکۆ بڵاو کرایەوە، بریتی بوو لەتەنیا دیمانەیەکی دوورودرێژ، لەگەڵ سینەماکاری بەناوبانگی کورد (یەڵماز گۆنای) لەو کاتەدا کە لەزیندان بووە،**

**ئا: حەیدەر عەبدولڕەحمان**

**ئەو کتێبە بڕوا پێکراوترین سەرچاوەیە کە دەربارەی یەڵماز گۆنای نووسرابێت، چونکە لە زاری هونەرمەند خۆیەوە وەرگیراوە.**

**بۆ دیکۆمێنتکردنی بابەتەکە کە گرنگییەکی مێژوویی خۆی هەیە، ئێمەش بەشێک لەو دیمانەیە دەخەینە ڕوو:**

*** ناوی تەواوتان؟**

- یەڵماز حەمید، دایکیشم ناوی (ئۆغلو بیتۆن) ە.


* کەی و لە کوێ لەدایکبوویت؟

- لە یەکی نیسانی ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی (ئینجە) بە دووری ٢٧ کم لە شاری ئەدەنە لەدایکبووم.

* ئەی بۆچی هەندێک ساڵی لەدایکبوونتان بە ١٩٣١ لە قەڵەم دەدەن؟

- ئەوانە بە هەڵە داچوون.

تکایە دەکرێت هەندێک دەربارەی منداڵیت و داهێنانەکانت قسەمان بۆ بکەیت؟




- دایک و باوکی من هەردوکییان کوردن، دایکم لە بنەماڵەیەکی خوا پێداو بووە، بەڵام لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی و لەگەڵ هاتنی قەیسەرییەکان ڕایان کردووە، باوکم بە پێچەوانەی ئەو، لە بنەماڵەیەکی زۆر هەژار لە دایکبووە، لە هەرەتی لاویدا لەگەڵ دایکم یەکتریان خۆش ویستووە، لە ترسی کۆمەڵگەو داب و نەریتە کۆنەکانی ئەو کاتە، کە خۆشەویستییان بەلاوە گوناهێکی گەورە بووە، ئەو ناوە بە جێ دێڵن و لەگەڵ دایکم پەیمانی ئەوە بەیەک دەدەن، کە لە شاری ئەدەنە بەیەک بگەنەوە، ئیدی لەسەر ئەو پەیمانە لەوێ یەکتر دەبیننەوە و باوکم دایکم دەخوازێت، بەڵام چونکە زۆر دەستکورت و نەدار بوون، دوچاری زەحمەتییەکی زۆر بوونەتەوە، بەڵام دوایی هەلومەرجەکە بەشێوەیەکی دیکە دەسوڕێ و، باوکم لە کۆمپانیای دەرەبەگێکی گەورە کاری دەست دەکەوێت و لەوێ کار دەکات، ئیدی ژیانیان بەرەو باشی دەچێت، من

ئەو کاتە تا تەمەنم گەیشتبووە حەوت ساڵی، باوکم ژنێکی دیکەی هێنا.

منداڵیم پڕ بوو لە بەختەوەری، بەڵام دوای ئەو قۆناغە ژیانم لێ بوو بەدۆزەخ، چونکە باوکم لە بەرچاوی ئێمەو بۆ خاتری ژنە تازەکەی، زۆر دڵ ڕەقانە لە دایکمی دەدا و ئازاری دەدا، زۆر جارانیش ئێمەی بەو ناسکییەی خۆمانەوە بەدەر دەنا.

هەر کاتێ باوکم من و لەیلای خوشکم (کە دوو سالان لە من بچووک تر بوو) بەدەر دەنا، دەچووین لەژێر دارتووەکەی بەر ماڵمان دەخەوتین، بەڵام جارێکییان کە باوکم من و دایکم و لەیلای خوشکمی بەدەرنا، ڕوومان لەماڵی ئامۆزایەکی دایکم کرد لەئەدەنە، قەت ئەوەم بیر ناچێتەوە کە دایکم بەدرێژایی ئەو ڕۆژە تا گەیشتینە ئەدەنە، بەزمانی کوردی گۆرانییەکی غەریبی دەگوت و ئێمەش کە لە زمانی دایکم حاڵی نەدەبووین، بەڵام هۆن هۆن فرمێسکمان لەگەڵیدا هەڵدەڕشت، ئەو کاتە من درکم بەوە کرد کە ئەشکەنجەو ئازارەکانمان وا بەئاسانی کۆتاییان نایەت، بۆیە بەدەست خۆم نەبوو هەموو کات ئاواتی مردنم بۆ خۆم دەخواست.

ئیدی بەناچاری لەو تەمەنە ساوایەی خۆمەوە دەستم بەکار کرد، بەتایبەت لە وەرزی میوە و لۆکە ڕنین لە کێڵگەکاندا، تا دەگاتە کوڵ هەڵگری، ئەو کاتە من هەم کارم دەکردو هەم دەمخوێند، هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندییشم تەواو کرد، بەڵام هەموو کارێکیشم دەکرد، وەک تۆ فرۆشتن لە شەقامەکان و ڕۆژنامە پەخش کردن و بەقاڵی، دواتر ئامێرسازیی دەزگا سینەماییەکان، بەتایبەت کەلوپەلەکانی کۆمپانیای (ئەند فیلم) و (کەمال فیلم) ئەو ئامێرانەم گوند بەگوند دەگێڕا و فیلمی سینەماییم پیشانی خەڵکی دەدا، هەندێ جاریش دەوری کۆمبارسم لە هەندێ لە فیلمەکاندا دەبینی.

**ئینجا یەڵماز بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: دەتوانم بڵێم من بەو شێوەیە هاتمە دنیای سینەما.**

***ئەی پاشان لە کوێ خوێندنت تەواو کرد؟**

- ساڵی ١٩٥٦ چوومە کۆلێژی ماف لە زانکۆی ئەنقەرە، بەڵام چونکە لەپاڵ خوێندندا هیچ کارێکم دەست نەکەوت، کە پێی بژیم، بۆیە بەناچاری دوای دوو مانگ زانکۆم بەجێ هێشت و ڕووم کردەوە ئەدەنە.

لەوێ لەکۆمپانیایەکی بەکرێگرتنی فیلم دەست بە کار بووم، لەساڵی ١٩٥٧ چوومە ئەستەنبۆڵ و لە کۆمپانیای (دەزگای

فیلم) دەستم بەکار کردن کرد، ساڵی ١٩٥٨ یش چوومە کۆلێژی ئابووری لەزانکۆی ئەستەنبۆڵ، بەڵام پێش ئەوەی خوێندن تەواو کەم لە ساڵی ١٩٦١بۆ یەکەمجار دەستگیر کرام.

※ ئەی چۆن گەڕایتەوە نێو نێوەندی هونەری؟

- پیش هەموو شتێ دەمەوێ ئەوە بڵێم کە من خۆم بەقەرزداری دایک و باوکم دەزانم، دەڵێم باوکم، چونکە ئەگەرچی ئەو پیاوێکی دڵ ڕەق بوو، بەڵام منداڵەکانی خۆی خۆش دەویست، بەتایبەت من، بە بیرمە زۆر جاران لەگەڵ دایکم بەیەکەوە گۆرانیی خەماویی کوردییان دەچڕی و دەردی غەریبیی خۆیان هەڵدەڕشت، جاروبارێکیش لەگەڵ گۆرانییەکان ئامێری سازی لێ دەدا، هەندێ جاریش کە دراوسێ و خزمەکانمان باوکمیان بۆ ئاهەنگی خەتەنەکردنی منداڵەکانییان بانگ دەکرد، باوکم منیشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، لەو کاتانەدا دڵم زۆر بەگۆرانییەکانی خۆش دەبوو.

دایکیشم زۆر جاران لە شەوانی دوور و درێژ و ساردوسڕی زستانانەدا چیرۆکی خۆشی لە ئەفسانە و حیکایەتە خورافییەکان بۆ دەگێڕاینەوە، ئەو شەوانە ماڵمان پڕ دەبوو لەو دراوسێیانەی بۆگوێ گرتن لەچیرۆکە بەتامو چێژەکانی دایکم شەوان دەهاتنە ماڵمان، ئەو کاتانە ئاواتی ئەوەم دەخواست، هەر هەموویان بنووسمەوە، بەڵام ئەو دەسەڵاتەم نەبوو، بێجگە لەدایکم پیرەمێردێک بەناوی مام یەعقووب لە گوندەکەماندا هەبوو، دەنگی لە گۆرانیگوتندا زۆر خۆش بوو، زۆر بەجوانییش ئامێری سازی دەژەنی، جاروبار شیعریشی دەنووسی، زۆر بووبوو بەهاوڕێم و زۆر یەکترمان خۆش دەویست، ئەو فێری ئەوی کردم شیعر چۆن دەنووسرێ، بەڵام بۆ سینەما، من لەتەمەنی سیانزە ساڵییەوە هاتمە نێو دنیای سینەما، لەتەمەنی چواردە ساڵییەوە بوم بەئیش پێکەری ئامێری سینەماو پاشانیش ئەکتەری کۆمبارس، ئا بەم شێوەیە ژیانی من بەرەو ئاقارێکی دیکە ڕۆیشت.

سەرچاوە: موقع ایلاف، بقلم د. هشام الراوی، نیسان ٢٠٢٠

سەرچاوە: ماڵپەڕی گوڵان میدیا - ڕێکەوتی: ٣١ی ئاگۆستی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## دیمانەیەک لەگەڵ یەڵماز گۆنای لە زینداندا




**بەشی دووهەم:**

**⁕ کەی دەستتان بەنووسین کرد؟**

- لە دووەم ساڵی قۆناغی دواناوەندیدا قەسیدەیەکم نووسی، بۆ پەخشنامەی سەر دیواری قوتابخانە، دەربارەی جووتیارێکی هەژاری گوندنشین، کە بۆ چارەسەرکردن ژنە نەخۆشەکەی لە گوندەوە دێنێتە شار، کەچی پارەی دکتۆرو داودەرمانی نابێت، لە بری ئەوە کەڵەشێرێک بۆ دکتۆر دێنێ، کە بە نرخترین شتێک بووە لای ئەو، کەچی کاتێ دکتۆر زانیویەتی پارەی نییە پیاوەکەو ژنەکەو کەڵەشێرەکە بە یەکەوە فڕێ دەداتە دەرەوە.

سەرچاوەی بیرۆکەی فیلمی مێگەل –م لەو قەسیدەیەوە وەرگرتووە، کاتی خۆشی هەوڵم دا قەسیدەکە بڵاو بکەمەوە، بەڵام بەبیانووی ئەوەی کە گوایە چەپڕەوە، بڵاو نەکرایەوە، بەمەرجێ کاتی خۆی من ئەو قەسیدەیەم نووسی نەمدەزانی مانای چەپڕەوی یانی چی؟

لە ساڵانی ١٩٥٣ - ١٩٥٤ دەستم کرد بە بڵاوکردنەوەی وتار و چیرۆک و بەرهەمەکانم، کە بەشێوەیەکی زۆر فراوان لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاو بوونەوە.

دیارترین ئەو چیرۆکانەش کە لەو کاتەدا بڵاو بوونەوە چیرۆکی (مردن بانگم دەکات) بوو، کە باس لە خۆشەویستیی دراماتیکییانەی کچ و کوڕێکی هەژار دەکات، ئەو کوڕەی کاری دەست ناکەوێت و ناتوانێت ژیانی خۆی دابین بکات، بۆیە بەناچاری کۆچ دەکات و کچەکەش لە داخان خۆی دەکوژێت و، لەدوای خۆی نامەیەک بەجێ دەهێڵێت کە تێیدا نووسراوە (بۆ منت کوشت من بۆ ئەوە ژیانم خۆش دەویست تا لەگەڵ تۆدا برەو بەخۆشەویستیی نێوانمان بدەین).

هەر لەو دەمەدا چیرۆکێکی دیکەم بڵاو کردەوە بەناونیشانی(هیچ کۆتاییەک بۆ سووکایەتیپێکردن لە ئارا دانییە)، لەو چیرۆکەشدا باسی کەسێکم کردووە کە بەدوای کاردا دەگەڕێت، کەچی بەو هۆیەوە دوچاری کۆمەڵێ سووکایەتیپێکردن دەبێتەوە، بۆیە لە داخان خۆی لە پردێکی بڵند هەڵداوێ و خۆی دەکوژێت.

هەردوو ئەو چیرۆکانەم لە ساڵی ١٩٥٦ لە گۆڤاری (ئایتی ئۆفوکلار - ئاسۆی چاک ) بڵاوکردوونەتەوە، بەڵام ئەو چیرۆکەی کە دەنگدانەوەیەکی زیاتری هەبوو، چیرۆکی (سێ نهێنییەکە) بوو، کە لە ژمارە ١٣ی گۆڤاری (لێکۆڵینەوەی هونەری)دا بڵاو کرایەوە، ئەم چیرۆکە ژیانی منی خستە قۆناغێکی دیکەوە.

کاتێکیش کە لە ساڵی ١٩٥٧ هاتمە ئەستەنبوڵ، زیاتر لە سی وتارو چیرۆکم بڵاو کردەوە، ئەو کاتە بوو کە برادەرەکانم نازناوی (یەڵمازی چیرۆکنووس) یان بەمن بەخشی.

* من زۆر زۆر لە ڕۆمان و چیرۆکەکانتم خوێندۆتەوە، فیلمەکانیشتم دیوە، ئاگاشم لە زەمینەی سیاسیی تۆ هەیە، بەڵام پێم خۆشە لەو شتانە بگەم، کە کاریگەرییان لەسەر ئاستی هوشیاریت هەبووە؟

- ژیان، یان ئەو دەوروبەرەی تێیدا گەورە بووم، وای لێکردووم کە هەر لەمنداڵیدا هەست بەئینتیمای کوردانەی خۆم بکەم، چونکە من دەوروبەرەکەم بەتورکی ئاخافتوونە، بۆیە لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە کە من (زمانی دایک) زمانی ڕەسەنی خۆمم بەتەواوی نەزانیوە، لە کاتی یاریکردنیشدا لە منداڵیدا، لە مانای جیاوازیی چینایەتی گەیشتووم، چونکە زۆر جاران دایکم کە خزمەتکاری ماڵە دەوڵەمەندەکان و باوکم سەپانی ئەو دەرەبەگانە بوو، بەرماوەی خواردنی ئەوانی بۆ ئێمە دەهێنایەوە بیخۆین، بەڵام دواتر لەگەڵ تێپەڕ بوونی زەمەن بۆم دەرکەوت کە ئەم کارە بۆ ئێمە ڕیسواییە.

قەت لەبیرم ناچێتەوە کە باوکم هەمیشە خەونی بەوەوە دەبینی کە من خوێندن تەواو بکەم، بۆیە زۆر جاران پێی دەگوتم: کوڕەکەم بڕۆ قوتابخانە تا تۆش وەک ئێمە لە ئایندەدا نەبیتە کۆیلە، نەیدەزانی لە کۆمەڵگەی بورژوادا دەبیتە کۆیلە، تەنانەت ئەگەر خوێندەوارێکی چاکیش بیت.

سەرچاوە: موقع ایلاف، بقلم د. هشام الراوی، نیسان ٢٠٢٠

سەرچاوە: ماڵپەڕی گوڵان میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١



سەرچاوە Serchawe

## یەڵماز گۆنای باوکی سینەمای کورد لە تەمەنێکی کورتدا زۆرترین بەخششی هەبوو



**محەمەد سەعید کوردە**

ئەمڕۆ ٣٥ ساڵی تەواو بەسەر کۆچی دوایی و ماڵئاوایی دەرهێنەر و نووسەر و ئەکتەری سینەمایی کورد و جیهان (یەڵماز گۆنای) باوکی سینەمای کورددا تێدەپەڕێت، بۆیە قسەکردن و یادکردنەوەی گەورە هونەرمەندێکی سینەمایی کوردی وەک (یەڵماز گۆنای) کارێکی گەلێک قورس و پڕ لە ماندووبونە و پێویستی بەوچانێک و هەڵوەستە لەسەر کردنی زۆر هەیە تەنیا بۆ ئەوەی بتوانین شتێک بخەیتە سەر کاغەز کە بەقەد گەورەیی ئەو مەزنە مرۆڤە بێت.

بەپێی ئەوەی ئەو کەڵە مرۆڤە لە تەمەنێکی یەکجار کوورت و بەرتەسکدا توانیی بەرهەمێکی یەکجار زۆر پێشکەش بکات و ناوی خۆی لە دنیای هونەری سینەمادا بەرز و پیرۆز ڕابگرێ. هەر لەبەر ئەو هۆیانەشەوە بە باوکی سینەمای کورد ناویان بردوە، چونکە چەندین خەڵاتی جیهانی لە بواری سینەمادا بەدەست هێناوە، کە دیاترینیان خەڵاتی فیستیڤاڵی (کان) ی سینەمایی بووە، ئەو نازناوەش تا ئەندازەیەکی زۆر پڕ بە پێستی خۆی بووە، دیارە ئەو کارەش هەوڵو ماندوو بوونێکی فرەی دەوێ و ئەشق و خۆشەویستیەکی زۆریشی گەرەکە، ئەو کەسایەتیە هونەرییە بەرزەی کە بەهۆی کارە جوان و

دانسقەکانیەوە خۆی بە هەموو دنیا ناساند و لە ماوەی ٤٧ ساڵ تەمەن توانی چەندین فیلمی پڕ بەها بەرهەم بێنێ کە دیارترینیان فیلمی ڕێگا (yol ) بوو، کەم کەس هەیە بەو فیلمە ئاشنا نەبووبێ و تامو چێژی لێ وەرنەگرتبێ، پاشان فیلمی (ئومێد) دێ کە ساڵی ١٩٧١ بەرهەم هاتووە و لەلای گۆنای بە یەکەم فیلمی ریالیزمی وڵاتی تورکیا دادەنرێت بەو پێیەی فیلمێکی شیعرییە و لاسایی کردنەوەی هۆلیۆد و هیچ وڵاتێکی ئەوروپی نیە و لە هەناوی ژینگەیەکی گوندنشینەوە هەڵقولاوە، ئەمانە و زۆر فیلمی دیکە کە باسکردنیان کاتێکی یەکجار زۆری دەوێ، ئەوەی زۆر بەرچاویشە گونای لە پاڵ کارکردن لە هونەرەکەی دەستی بۆ سیاسەتیش دەبرد، بۆیە زۆربەی کاتەکانی ژیانی لە گرتووخانەکان بوو تا ڕۆژێکیان وەک یاخیەک لە گرتووخانە ڕایکرد و چووە مەنفا و هەر لەوێژدا کۆتایی بە ژیانی هات و نەگەڕایەوە، ئەو کارەش زۆر ئەستەمە بۆ کەسێک بەدەستێک مەشخەڵی هونەر بەرز رابگرێ و بەدەستەکەی دیکەشی سیاسەت و کاری ڕوو بە ڕوو بوونەوە بکات و بۆ ساتێکیش لەسەر گەیاندنی ئەو پەیامە کۆڵ نەدات، ماوەتەوە بڵێین یەڵماز گۆنای ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی (ئینجە) ی سەر بە ئەدەنە لە دایک بووە و هەر ساڵی ١٩٥٧ تێکەڵ بە دنیای سینەما و کاری فیلمسازی بووە ئەوەش وەک حەز و ئارەزوو و خولیایەکی شێتانە لەگەڵیدا ژیاوە هەر لەو ڕێگایەوەش پتر لە ١٧ خەڵاتی گرانبەهای پێ بەخشراوە، ئەو سینەماکارە بەناوبانگە تەمەنێکی یەکجار کورتی هەبووە، چونکە تەنیا ٤٧ ساڵ ژیاوە و لە ٩ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٤ بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆتایی بە ژیانی هاتووە و بۆ دوا جار کۆچی دوایی کردوە و تەرمەکەشی لە نێو ئاپۆرای جەماوەریدا لە گۆڕستانی (پیرلاشیز) ی پاریسی پایتەختی فەرەنسا بە خاک سپێردراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردیپیدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی جانیوێری ٢٠٢٠

## یەلماز گۆنای کێ یە؟




**ئامادەکرن پشتیوان عبدالرحمن**

یەلماز گۆنای لە ١ی نیسانی ساڵی ١٩٣٧ لە گوندێکی کوردنشینی سەربە شارۆچکەی سیڤەرەکی سەر بە شاری ئورفا لە دایک بووە. لە بنەماڵەیەکی هەژارو کەم دەرامەتی گوندنشینی بێ زەوی و زار بووە، لەبەر بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی گوندەکەی خۆی جێهێشتووەو چۆتە شاری ئەدەنە. یەلماز گونای بە هۆی هەژاری بنەماڵەکەی.
گەلێک کاری جۆر بە جۆری کردووە و زۆری و زەحمەتیەکی ئێجگاری ژیانی چەشتووە. گۆنای بەمەبەستی خوێندن لە شاری ئەدەنە دەچێتە شاری ئەنقەرە، ناوی خۆی لە کۆلیژی یاسا تۆمار دەکات،بەڵام دواتر دەچێتە کۆلیژی ئابووری.

یەلمماز گۆنایلە ساڵی ١٩٥٩وەک نوسەری سیناریۆو ئەکتەر بەشداری لە فیلمی منداڵانی وەتەن دەکات، بەبیانووی ئەوەی پڕوپاگەندە بۆ کۆمۆنیزم دەکات سزای ساڵ و نیوێکی زیندانی بەسەردا دەسەپێنن و کاروانی ژیانی نێو زیندانی گۆنای دەست پێ دەکات. گۆنای چەندین ساڵی تەمەنی لە زیندان بەهۆی داوای جیاجیا بەسەر دەبات، بەڵام بە پێچەوانەوە زیندان ببێت بە ڕێگر لە بەردەم هونەرەکەی یەلماز گونای زیندان دەکات بە مەیدانی کارکردن لە بواری سینەمادا. لەکاتی

زینداانیکردنی ئەم هونەرمەندەدا گەورە هونەرمەندانی سینەماو شانۆی دونیاوە دەنگ هاتوون و نارەزایی خۆیان بەرامبەر بە زینداانیکردنی دەربڕیوە ئیلیا کازان گەورە دەرهێنەر، لە زینداانیەکانی تورکیادا تەوقەی گەرمی لەگەل یەلماز گۆنایدا دەکات و بەتوندی دەستی دەگوشێت. لە تورکیادا گەلێک هونەرمەند لەسەر ئاستی تورکیا و جیهان وەسفی گۆناییان کردووە، سینەماکارێکی تورک دەڵێت لەتورکیادا گەر کەسێک وەک باشترین دەرهێنەر دەستنیشان بکەین ئەوە بێ دوو دڵی دەبێ بڵێین یەلماز گۆنای، گەر بڵێین کەسێکی تریش لە دوای ئەو هەڵبژێرین ئەوە هەردەبێت بڵێین گۆنای، لەوانەیە کەسانی تر هەبن شایستەی ئەوەبن، بەڵام لە دوای جاری ۹ و ۱۰دەیەم دەتوانن ئەو نازناوە بۆ خۆیان هەڵبگرن. گۆنای نازناوی هونەرمەندی سەدەی بیستەمی پێ دەبڕێت کە لە دونیادا هیچ هونەرمەندێک لە هیچ وڵاتێکدا وەک ئەو لە پێناو بێ بەشی مرۆڤایەتیدا بەرهەمی هونەری ئەدەبی بەرهەم نەهێناوەو بە قەد ئەویش لە سەر کارەکانی زیندانی نەکراوە. بەرامبەر بە پرسیاری خەڵک لەوکاتەدا کە یەلماز گونایلە توکیا ڕایکردووە،

**گۆنای دەڵێت:** من لەزیندانە بچوکەکانی تورکیا ڕام نەکرد، بەڵکو زیندانە گەورەکەی تورکیام جێهێشتووە.

یەلماز گۆنایلە ۱۱٤ فیلم وەک ئەکتەرو ۲٦ فیلم وەک دەرهێنەرو ۱٥ وەک کۆمپانیای خۆی دەریهێناون و ٦٤ سیناریۆی نوسیوە لەگەل هەردوو فیلمی سیستەم و ڕێگا. ئەم هونەرمەندە تا ساڵی ۱۹۸۱ ۲۲ خەڵاتی بە دەستهێناوە، جگە لەمەمەش لە ساڵی ۱۹۸۲بە فیلمی ڕێگا لەگەل فیلمی ونبوونی گۆستا گاڤرێسی ئەمریکی بە ڕەگەز یۆنانی بەیەکەوە خەڵاتی چڵی دارخورمای ئەو ساڵەی فیستڤاڵی کانی فەرەنسا یان بە دەستهێنا.
پاش بە دەستهێنانی فستڤاڵی کان گۆنای بە نیازبوو لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچە شاخاویە ئازادکراوەکانی کوردستان بە زمانی کوردی بەرهەم بهێنێ، بەڵام مەرگ ڕێگای پێنەدا و، لە ۹ - ۹ - ۱۹۸٤ لە نەخۆشخانەی یونڤێرستی پاریس کۆچی دوایی دەکات و لە ڕۆژی ۱۳ - ۹ ۱۹۸٤ لە سەر وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی پێر لاشێز ئەو گۆڕستانەی قارەمانانی کۆمۆنی پاریسی لێنێژراوە دەینێژن.


جێی ئاماژەیە لە مێژووی فەرەنسا بۆ جاری دووەمە دوای هونەرمەندێکی فەرەنسی زۆرترین ژمارەی خەڵک بەشداری لە ڕێو ڕەسمی ناشتنی تەرمی یەلماز گۆنایدا دەکەن، کە لەم کاتەدا وەزیری ڕۆشنبیری فەرەنسا و مەدام میتران دۆستی کوردو هاوسەری فرانسۆ میترانی سەرۆکی ئەو کاتەی فەرەنسا و چەندین هونەرمەند بەشداریان لە ناشتنی تەرمی پیرۆزی ئەو هونەرمەندەی جیهانی سینمای چەوساوەکان دەکەن.

سایتی تیلەفزیونا گەلی کوردستان - ڕێکەوتی: ٤ی دێسەمبەری ۲۰۱۷



سەرچاوە
Serchawe

# یەلماز گۆنای



**گۆران حکیم**

یەلماز گۆنای لە گوندی (قنجە)ی سەر بە قەزای (ئەدەنە)لە ١ - ٤ - ١٩٣٨ لە دایکبووە، باوکی جوتیارێکی هەژار بووە بەناوی (حەمید بۆتۆن) دایکیشی (گوللو)ی ناوە.

یەلماز هەرگیز ئەو چاو کرانەوەیەی بیرنەچۆتەوە، کە جگە لە دەردەسەری و هەژاری و نەداری و دەسەڵاتی ئاغاوات و چەپاندن و بێبەشبوون..
لەتەمەنی ١٧ ساڵییەوە چۆتە ئیستەنبوڵو لەوێ لەگەڵ خوێندندا کاریشی کردووە. بەکالۆریوسی لەزانستی سیاسیو ئابووری بەدەستهێناوەو دواتر بڕوانامەی حقوقی وەرگرتووە.

گۆنای لەکۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە چۆتە نێو دنیای ئەدەبو سەرەتا بەشیعرو چیرۆک دەستی پێکردووە. دواتر خۆی بۆ سینەما تەرخانکردووەو رۆڵێکی دیاری لەنوسینو بەرهەمهێنانی دەیان فیلمی سینەماییدا هابووە، فیلمەکانی گۆنای دەبڕی ئازارو مەینەتەییەکانی گەلەکەی بووە. بەهۆی باشی فیلمەکانییەوە ١٧ خەڵاتی وەرگرتووە، دیاترینیان خەڵاتی

فیستڤاڵی کان بوو بۆ فیلمی(ڕێگا) لەساڵی ١٩٨٢.بەهۆی هەڵوێستە سیاسییەکانی چەندین جار زیندانی کراوەو بەشێکی تەمەنی لەزینداندا بردۆتە سەرو هەر لەزیندانیش هەڵهاتووەو خۆی گەیاندۆتە پاریس.لەوێ هەلی بۆ هەڵکەوت کە لەرێی هونەری سینەماوە زیاتر کێشەی رەوای گەلی کوردستان بەدنیای دەرەوە بناسێنێ. بەوەش وەک هونەرمەندێک ناوبانگێکی زۆری دەرکرد.

تەنانەت ناوەکەی واتای (دژوار - قاسی) دەگەیەنێ.. هەروەک نازناوی (گۆنای) هەڵبژاردووە بۆ خۆی کە واتاکەی (هەژار) دەگەیەنێ.. هەر لە ئەستەنبۆڵیش دوو گۆڤاری بە ناوەکانی (یوران - دوروک)ەوە لە ساڵی ١٩٥٨ دەرکرد و لە دەرچوواندنی بڵاوۆکەی دیواریی زانکۆشدا ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە.

یەکەم چیرۆکی خۆی لە ساڵی ١٩٦١ بەناوی (**گەردنە لێکئاڵاوەکان**)ەوە نووسیوەو ئەو چیرۆکەش بووە هۆی ئەوەی کە بیخەنە یەکێک لە بەندیخانەکانەوە بە تۆمەتی (**ڕۆشنبیری سوور**)ەوەو یەکێکی تر لە شاکارە ئەدەبییە هەرە دیارەکانیشی چیرۆکی (**سالبا** ١٩٦١)یە کە لە بەندیخانەدا نووسییەوەو زیاد لە حەوت جاریش لەناوەوەی تورکیا چاپکراوەتەوە و بۆ چەند زمانێکی غەیرە تورکیش پەرچڤەکراوە، لە سوریاش دوو جار چاپکراوەتەوە، یەلماز دەستی دایە کاری سینەمایی بۆ ئەوەی تێچووی خوێندنی پەیدا بکات، بەڵام بۆ هەتایە تێدا مایەوەو دەستی دایە کار لەگەڵ دەرهێنەری بەناوبانگی (عاتف یەلماز) و ئیتر لەوێشەوە دەستی کرد بە نووسین و کاری دەرهێنان تا ئەوەی کە لە یەکەمین کاری هونەریدا لە ١٩٥٨ دەرکەوت لە فیلمی (ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە(

گۆنای هەمیشە لە ژێر فشار و چاودێری دەسەڵاتی تورکیدا بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زیاد لە ١٠٠ فیلمی بازرگانی بەرهەمهێناوە کە خۆی تێدا پاڵەوانی یەکەم بووە، لە فیلمەکانی ئەو ماوەیەشدا: (**ڕووباری سوور، بەرخە ڕەشەکە، بکوژە قوربانییە، شای شاکان**). ساڵی ١٩٦١ وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە ژیانی یەلماز گۆنایدا، کە قۆناغێکی تازەی بۆ دانانی بنەماو پرەنسیپی سینەمای تورکی دامەزراند و هەر ئەوەش بووە ڕەهەندێکی جیهانی بۆی، هەر لەو قۆناغەشدا فیلمی (**سەید خان، گورگە برسییەکان، پیاوێگە نابووت، ڕانەکە**)و ئەمانەش بوونە هۆی کردنەوەی دەروازەیەک بۆ بەشداریکردنی گۆنای لە فێستیڤاڵە جیهانییەکاندا و کە تێیاندا ١٧ خەڵاتی جیاجیای وەرگرتووە. هەر لەو ماوەیەشدا بوو کە وتە بەناوبانگەکەی تۆمارکرد (من سینەما دروست ناکەم، بەڵکو ئیکتیفا دەکەم بەوەی ژیانی واقیعی ئینسانەکان بخەمە ڕوو.. بێگومان ئەبێ ئەو چەپاندنەی کە چینەکەی من دووچاری بۆتەوە پەردەی لەسەر هەڵماڵرێ و بیشزانین بۆ بەرژەوەندیی کێیە). سەرەڕای ناو ناوبانگ بەڵام گۆنای هەر بە دڵسۆزی مایەوە بۆ جەماوەر و هەمیشە لە هەوڵی ڕەواندنەوەی خەم و کەمکردنەوەی ئازارەکانیاندا بوو، بێگومان بۆ ئەمەش پێویستی بە فیکرێک هەبوو، ئەو فیکرەش کە ئەو کاری لەسەر کردووە، مارکسییەت بوو، تا ئەوەی ئەڵێ: "من پشت بە مارکسییەت دەبەستم وەک بنەماو پرۆگرامێکی ستاتیکی و فیکری،

پابەندم پێیەوەو لەسەری دەڕۆم.. "بۆیە لە ساڵی ١٩٧٢ دەستیکرد بە کاری دەرهێنانی فیلم گەلێکی بەهێزتر، لە نمونەی:" ژانە بینراوەکان، سبەینێ دوا ڕۆژە، باوک.." بەمەش سەرلەنوێ گەڕاندیانەوە بۆ نێو بەندیخانە، بەڵام کۆڵی نەدا، بەڵکو (ڕان)ەکەی بەرهەمهیانی و تێدا مەینەتییەکانی میللەتەکەی خستە ڕوو، هەروەک لە فیلمی (ڕێگا)دا یەلماز دەیەوێ بڵێ: "بەندیخانەی تایبەتی ئەو بەندیخانەیە نییە کە دەوری دراوە بە پاسەوان و چەک و تێلە دڕکبەندەکان، بەڵکو بەندیخانە ئەو نیشتمانەیە کە بە خاڵی سەر سنوورەکان و دەریاکان تەوندراوە.. وەک تورکیا" ئەوە بوو لەسەر ئەو فیلمەی خەڵاتی فیستفاڵی (کان)ی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٨٢ پێدرا. لە دوا سەردەمی بەندیخانەکەیدا یەلماز گۆنای ڕۆمانی (چیرۆک گەلێک بۆ کچەکەم، گەرمکەرەوەیەک و شووشە بۆ پەنجەرەکەمان و دوو نانمان دەوێ) هەروەک کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەیشی نووسی گرنگترینیان (توێژە سیاسییەکان) کە بە هۆیەوە بۆ ماوەی حەوت ساڵ و نیو بڕیاری لەسەر درایەوە.. دوایین کتێبی کە لە بەندیخانەدا نووسییەوە بریتی بوو لە (دەربارەی فاشییەت). کۆی ئەو حوکمانەی بەسەریدا دران تا ساڵی ١٩٨٣ گەیشتە ١٠١ ساڵ...

لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا، گۆنای وەسییەتنامەیەکی نووسی و جەستەی خۆی سپاردە (کۆمەڵەی کوردی)ی لە پاریس بۆ ئەوەی ئەوان تەسەروفی پێوە بکەن. لە پرسیارێکدا سەبارەت کوردستانی گەورە وتی:"ئەوە ڕوودەدا ئەگەر کوردەکان لەسەر نیەت پاکی پێکەوە کاربکەن". گۆنای لە ڕۆژی یەکشەممە ٩ - ٩ - ١٩٨٤ کۆچی دواییکرد، لە یەکێ لە نەخۆشخانەکانی جیهاندا، لە مەراسیمی بەخاک سپاردنەکەیشیدا زۆرێک لە ڕۆشنبیران و ئەدیبانی شارەکانی فەرەنسا و وڵاتە ئەوروپییەکانی تر ئامادە بوون، کە لە ١٣ - ٩ - ١٩٨٤ هەمان ساڵ بەڕێوەچوو و لە گۆڕستانی (پیر لاشنز) بە خاک سپێردرا.

**کۆی فیلمەکانی یەلماز گۆنای دەگاتە ١١٩ فیلم.. بە دەرهێنان و سیناریۆ و نواندنیشەوە.. بەڵام خەڵات و دیارییەکان کە وەریگرتووە، ئەمانەن:**


- خەڵاتی ئۆرهان کەمال لەسەر ڕۆمانی گەردنە لێکئالاوەکان ١٩٧٢
- خەڵاتی لۆکار نۆی جیهانی لەسەر فیلمی ڕانەکە
- خەلاتگەلێک لە ڤێستیفاڵەکانی بەرلین، بەریتانیا، بەلجیکا، سویسرا، ئیسپانیای نێودەوڵەتی
- خەڵاتی ویساقی سینەمایی بەلجیکی
- خەڵاتی یەکەمی ڤێستیفاڵی کان-ی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٨٢ لەسەر فیلمی ڕێگا
- پاڵێوراوی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی بووە لە ساڵانی حەفتاکاندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی مێژووی کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## کوورتەیەک لە ژیانی یەڵماز گۆنای



**وشە نێت**

ئەمڕۆ ٣٤ ساڵ بەسەر ماڵئاوایی هەمیشەیی یەڵماز گۆنای سینەماکار و دەرهێنەردا تێدەپەڕێت، ئەو مرۆڤە گەورەیەی کە ڕێگای فیلم و سینەمای بۆ نمایشکردنی خەم و ئازارەکانی گەلەکەی هەڵبژارد و لەو ڕێگایەدا بە بەهرە و توانای کەم وێنەی بوو بە ئاسۆی پڕشنگداری سینەمای کوردی.

یەڵماز گۆنای ناوی تەواوی (یەڵماز حەمید ئۆغلۆ بیوتون)ە دەرهێنەر و ئەکتەر و نووسەری کوردە، یەکێکە لە سینەماکارە بەناوبانگەکانی کوردستان و تورکیا.

یەڵماز گۆنای گەورە هونەرمەندی سینەمایی کورد لە ڕۆژی یەکی چواری ساڵی ١٩٣٧ لە باوەشی خێزانێکی هەژاری گوندنشینی "ئەدەنە" چاوی بەدنیا هەڵهێنا و هەر لە سەرەتای منداڵیشیەوە تا سەر ئێسک هەستی بەدوو چەوساندنەوەی کوشندە کردووە ئەوانیش: (چەوسانەوەی کورد بوون و چەوساندنەوەی چینایەتی.)

دوای تێپەڕاندنی قۆناغی منداڵی، لە ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ خوێندنی یاسا و ئابووری تەواو کرد، لە تەمەنی ٢١ ساڵییەوە دەستی کرد بە کاری سینەما، بەهۆی کەسایەتی و هەڵس و کەوتیەوە بە "پاشای ناشیرین" ناسرابوو.

گۆنای لە ساڵی ١٩٦١ دا بۆ ١٨ مانگ زیندانی کرا لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕۆمانێکی "کۆمۆنیستانە"، دواتر لە ساڵی ١٩٦٥ دا دەستی کرد بە بەرهەمهێنانی فیلم، زۆربەی ژیانی لە ئەدەنە بەسەر بردووە و لەسەر فیلمەکانی کە دەربارەی بارودۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بوون، ١١ ساڵی تەمەنی لە زیندان بەسەر بردووە.

گۆنای، کە لە ڕێگای فیلمە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی "ڕێگە" و "مێگەل" و "هیوا" و "دیوار"ەوە سەرنجی هەموو دنیای بەلای ئازارەکانی کورددا ڕاکێشا، ئەو هەر زوو هەستی بەوە کرد، کە کورد لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە دەچەوسێنرێنەوە، هەر زوو هەستی بەو جیاوازییە چینایەتییە پڕ لە ئێشوئازارەیش کرد، کە خێزانەکەیانی تیا دەژیا، یەڵماز گۆنای لە پارچە نووسینێکدا دەڵێت: "چەند ئازارێکی بە ئێش بوو، کە بە منداڵی دایکم دەدی بەهاوینان ڕۆژ تا ئێوارە خەریکی پەمۆ و ڕنین و زستانیش خەریکی کارەکەریی ماڵە دەوڵەمەندەکان بوو".

گۆنای هەر لە نۆ ساڵییەوە لە پاڵ بەردەوام بوونی لەسەر خوێندن، لە تاو هەژاری دەست دەداتە کرێکاری و حەماڵی و قەسابی و ڕۆژنامەفرۆشی، دواتریش کە بەمەبەستی خوێندن لە کۆلیژی ئابووری ڕوو دەکاتە ئەستەنبوڵ، بەیەکێک لە دەرهێنەرە گەورەکانی تورک "عاتف یەڵماز" ئاشنا دەبێت و تێکەڵ بەکاری هونەریی سینەما و نواندن و سیناریۆنووسین و دەرهێنان دەبێت.

ئەم هونەرمەندە لە هەموو فیلمەکانیدا گوزارشت لەو تراژیدیا و واقیعە دۆزەخییە دەکات، کە کوردی تێخزێنراوە لە سایەی دەوڵەتی تورکیادا، هەر لەسەر داکۆکی کردن لە کوردیش ساڵی ١٩٦١ دەخرێتە زیندانەوە و ناتوانێ خوێندنی زانکۆ تەواو بکات.

دەسەڵاتدارانی تورکیا بەوپەڕی ڕقوقینەوە لەم هونەرمەندە داهێنەر و بزێو و سەرکەشە دەڕوانن، کە وەک دیارترین هونەرمەندی کورد چەندان خەڵاتی فستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانی وەک: (کان و گرین و یێل و فینسیا و بەرلین و لۆکارنۆ)ی پێبەخشرا، دادگەکانی ئەو وڵاتە چەند جارێک حوکمی زیندانیکردنی دەدەن بەسەردا، تەنانەت ئەو کاتەی تورکیاشی بەجێهێشتبوو، کۆی حوکمەکانی پێکەوە دەگەشتنە زیاتر لە ١٠٠ ساڵ، هەر لەم چوارچێوەیەشدا ١٤ ساڵی تەمەنی گەنجێتی لە ژووری زیندانندا بەسەر دەبات، تا سەرەنجام لە ڕۆژی ١٢ی ١٠ی ١٩٨١ بە فێڵی وەرگرتنی مۆڵەتی جەژن لە زیندانی ئیسپارتە دێتە دەرەوە و بەرەو یۆنان هەڵدێت و جارێکی تر ناگەڕێتەوە زیندان، لەوێشەوە بەرەو سویسرا دەڕوات، کە لەوێدا مافی پەنابەری پێنەبەخشرا، بەناچار ڕووی کردە وڵاتی فەرەنسا و لەوێ نیشتەجێ بوو، تا لە ڕۆژی نۆی نۆی ١٩٨٤ و لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی کەسە ناودارەکانی پاریس بە خاک سپێردرا.

هەرچەندە گۆنای لە نۆی ئەیلوول لە دایک بووە بەڵام ڕۆژی چواری کانوونی یەکەم هەمووی ساڵێک بە ڕۆژی گۆنای لە جیهانی سینەما دانراوە لەبەر ئەوەی دوا تەمەنی کاری هونەری کە بەرهەمی " دیوار" لە ساڵی ١٩٨٣ بوو لە چواری

کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ نمایش کرا، ئەوەیش وەک ڕێزێک بۆ تەمەنی هونەری ئەو دەرهێنەرە لەم ڕۆژە وایان ناوناوە. لە وڵاتی فەڕەنسا دواهەمین خەونی بەدیهێنا کە ماوەیەکی زۆر خەونی پێوە دەبینی و فیلمی (دیوار)ی دەرهێنا، لەگەڵ ئەوەی دیمەنەکانی ئەم فیلمە لە فەڕەنسا وێنەی گیراوە بەڵام توانی بووی دۆخی ئەو کاتەی نێوخۆی تورکیا بەرجەستە بکات.

گۆنای پڕاوپڕبوو لە هەڵوێستی مرۆیی و نیشتمانی و ئەم بەسەرهاتەی ژیانی خۆشی لە زاری خۆیەوە وەرگیراوە کە دەڵێت: "ئەو دەمەی لە تورکیا دەم خوێند مامۆستایەکمان هەبوو دەیزانی من کوردم ئەگەر بمزانیبایە و نەمزانیبا هەر لێی دەدام، ئەوە بوو خوێندنم تەواو کرد، بیستم ئەم مامۆستایەم توشی شێرپەنجە بووە، داهاتی فیلمێکی خۆمم دایە بۆ ئەوەی چارەسەری نەخۆشییەکەی پێ بکات، هاوڕێکانم سەرکۆنەیان دەکردم و دەیانگوت ئاخر بۆچی؟ گوتم: نە مەسەلە ویژدانە و نە ئینسانیەت، تەنیا ویستم بزانێت کورد دڕندە نین و دەتوانن لێبوردە بن".
یەڵماز گۆنەی لە ژیانی هونەری پڕبایەخیدا ١١٤ فیلمی بەرهەمهێنا کە زۆربەیان کە فستیڤاڵە جیهانییەکاندا خەڵات کراون.

**بەشێک لە بەرهەمە سینەماییەکانی بریتین لە:**

- ئەسپ ژن سیلاح (١٩٦٦)
- فیشەک کارم تێناکا (١٩٦٧)
- ناوم کەریمە (١٩٦٧)
- پیرە نوری (١٩٦٨)
- سەید خان (١٩٦٨)
- گورگە برسیەکان (١٩٦٩)
- پیاوێکی ناشیرین (١٩٦٩)
- هیوا (١٩٧٠)
- هەدەفی زیندوو (١٩٧٠)
- عوسمان پیادە (١٩٧٠)
- بابە (١٩٧١)
- عیبرەت (١٩٧١)
- قاچاخەکان (١٩٧١)



سەرچاوە
Serchawe

- بێ هیواکان (١٩٧١)
- بکوژەکان (١٩٧١)
- سبەی دوا ڕۆژە (١٩٧١)
- ئازار (١٩٧١)
- شیوەن (١٩٧٢)
- هاوڕێ (١٩٧٤)
- ئەندێشە (١٩٧٤)
- داماوەکان (١٩٧٥)
- Sürü (١٩٧٨)
- دوژمن - ئینگلیزی (١٩٧٩)
- ڕێگا (١٩٨٢)
- دیوار (١٩٨٣)

لە کوردستانی باشوور زۆربەی نووسەران و شاعیرانی کورد قسەیان هەبووە و بە شانازییەوە وەک پیاوە مەزنەکەی کورد باسیان کردووە، دیارترینیشیان شێرکۆ بێکەسی شاعیری گەورەی کورد بووە کە دەڵێت:

ڕۆژێ زەوی بورکانی بوو،
بورکانیش کوردستانی بوو،
کوردستانیش کوڕی وەک و ئاراراتی لێ کەوتەوە.
ئاراراتیش کوردی لێبوو،
کوردیش دووانەی چەوسانەوە و تێکۆشانی، بە یەک زگ بوو،
لەو دووانەیەش، ڕێگای وەک "یەڵماز گۆنای" لەدایک بوو.

سەرچاوە: sensesofcinema - wikipedia

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - ڕێکەوتی: ٤ی دێسەمبەری ٢٠١٧

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەزەڵوەری ٢٧٢٤ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو نووسەران بو ئامادەکردن و نووسینی دیمانە و وتارەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe